هەرێمی کوردستان–عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین–هەولێر

# سیما تایبەتییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی

( بە بەراورد لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست )دا

نامەیەکە

پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێجی ( زمان ) ی زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر کراوە

بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی ماستەر لە زمانی کوردیدا

لەلایەن

نەبەز فەتاح بابەکر

بەکالۆریۆس لەزمانی کوردی , زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر (2000 – 2001)

بەسەرپەرشتی

د.سەباح ڕەشید قادر

گەلاڕێزانی 2709ی کوردی   زولحیجەی 1430 ی کۆچی   تشرینی دووەم 2009زاینی

**ئەم نامەیە بە سەرپەرشتی من لە کۆلیجی زمان-زانکۆی سەلاحەددین- هەولێر ئامادەکراوە و بەشێکە لە پێویستییەکانی پلەی (ماستەر) لە زمانی کوردیدا.**

**واژو:**

**سەرپەرشت: د.سەباح ڕەشید قادر**

**مێژوو:** / / 2009

**بەپێی ئەم پێشنیازە ئەم نامەیە پێشکەش بە لێژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.**

**واژو:**

**ناو: د.یادگار ڕەسول باڵەکی**

**سەرۆکی لێژنەی خوێندنی باڵا**

**لە بەشی زمانی کوردی**

**مێژوو:** / / 2009

**ئێمه ئەندامانی لێژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوه لە گەڵ قوتابیە کەدا گفتوگۆ مان دەر بارەی ناوەڕۆك و لایە نەکانی دی کە کرد و بڕیارماندا کە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری لە زمانی کوردیدا پێبدرێت.**

**واژو:**
**ناو: پ.د.وریا عومەر ئەمین**
**سەرۆکی لێژنە:**
**مێژوو:** / / 2009

**واژو:**
**ناو: پ.د.ڕەفیق محەمەد محێدین شوانی**
**ئەندام:**
**مێژوو:** / / 2009

**واژو:**
**ناو: پ.ی.د.طالب حوسێن عەلی**
**ئەندام:**
**مێژوو:** / / 2009

**واژو:**
**ناو: د.سەباح ڕەشید قادر**
**ئەندام و سەرپەرشت:**
**مێژوو:** / / 2009


**لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زمان  زانکۆی سەلاحەددین پەسندکرا.**

**واژو:**
**ناو: پ.ی.د.نەوزاد حسن خۆشناو**
**ڕاگری کۆلێجی زمان**
**زانکۆی سەلاحەددین**
**مێژوو:** / / 2009.

# لیستی زاراوەکان

| کوردی | ئینگلیزی |
| --- | --- |
| د– | |
| دۆخ | Case |
| دۆخی بکەری | Nominative case |
| دۆخی بەرکاری | Accusative case |
| دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ | Dative case |
| دۆخی خستنەپاڵ | Genitive case |
| دۆخی بانگکردن | Vocative case |
| ڕ– | |
| ڕەگ | Root |
| ڕەگی کار | Root of verb |
| ڕێککەوتن | Agreement |
| توخم | Gender |
| ڕووکار | Mood |
| ش– | |
| شێوەزار | Subsidiary |
| شەقڵ | Form |
| ك– | |
| کات | Tense |
| ن– | |
| ناوی نێر | Mas culine Noun |
| ناوی مێ | Feminine Noun |
| ناوی بێلایەن | Nuteral Noun |

# هێماو کورتکراوەکان

| | |
|---|---|
| / / | نیشانەی فۆنیم. |
| [ ] | نیشانەی دەنگ. |
| ← | گۆڕاوە بۆ/بووە بە. |
| ∅ | مۆرفیمی سفر. |
|  | ڕێککەوتن. |
| + | دابڕی وشە/مۆرفیم. |
| / | یان |
| □ | دەبێت بە. |
| □□ | مۆرفیم |
| ج | جێناو. |
| م | مۆرفیم. |
| ڕ | ڕستە. |
| ف | فرێز. |
| ف.ن | فرێزی ناوی. |
| ف.ك | فرێزی کاری. |
| دۆ | دۆخ. |
| (ش.خ) | شێوەزاری خۆشناوەتی. |
| (د.ك.ن) | دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست. |

# نـــــاوەڕۆك


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| - پێشەکی | 3-1 |
| **- بەشی یەکەم/ سیما دەنگییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی** | **24-4** |
| 1-1. سەرەتا | 4 |
| 1-2. هۆی پەیدابوونی شێوەزار لە زماندا | 4 |
| 1-2-1. سنوری جوگرافی شێوەزاری خۆشناوەتی | 6 |
| 1-2-2. فۆنیم | 6 |
| 1-2-3. فۆنیمەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی | 6 |
| 1-3. یاسا فۆنۆلۆجییەکان | 9 |
| 1-4. جۆری یاسا فۆنۆلۆجییەکان | 9 |
| 1-4-1. گۆڕانی دەنگ | 10 |
| 1-4-2. لەناوچوونی دەنگ | 13 |
| 1-4-3. جێگۆڕکێی دەنگ | 14 |
| 1-5. ئاڵۆزی فۆنیمەکان لە فرەیزەکاندا | 15 |
| 1-6. بڕگە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا | 16 |
| 1-6-1. پێناسەی لایەنی فۆنۆلۆجی بڕگە | 17 |
| 1-7. دروست بوونی بڕگەی فۆنۆلۆجی | 18 |
| 1-8. بەشەکانی بڕگە لە زمانی کوردیدا | 18 |
| 1-9. یاساکانی داڕشتنی قاڵبی بڕگەی کوردی | 21 |
| 1-10. گۆڕانی قاڵبی بڕگە | 23 |
| **- بەشی دووەم/ سیما مۆرفۆلۆجییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی** | **77-25** |
| 2-1. سەرەتا | 25 |
| 2-2. مۆرفیم | 25 |
| 2-2-1. جۆرەکانی مۆرفیم | 26 |
| 2-3. ناو | 27 |
| 2-3-1. ئەو مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیانەی دەچنە سەر ناو | 32 |

| | |
|---|---|
| 32 | 2-3-1-1. مۆرفیمی ناسراوی |
| 36 | 2-3-1-2. مۆرفیمی نەناسراوی |
| 37 | 2-3-1-3. مۆرفیمی کۆکردنەوە |
| 41 | 2-4. جێناو |
| 41 | 2-4-1. جێناوی کەسی سەربەخۆ |
| 42 | 2-4-2. جێناوی کەسی سەربەخۆ لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا |
| 43 | 2-4-3. جێناوی کەسی لکاو |
| 47 | 2-4-3-1. جێ ناوە لکاوە کانی کۆمە ڵەی (B) ڕێک کەوتن لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا |
| 48 | 2-4-4. جێناوی کەسی خۆیی |
| 52 | 2-4-5. جێناوی هەیی |
| 54 | 2-5. ئاوەڵناو |
| 56 | 2-5-1. ئاوەڵناوی نیشانە |
| 60 | 2-6. مۆرفۆسینتاکسییەکانی کار |
| 60 | 2-6-1. کات |
| 60 | 2-6-1-1. کات لە زمانی کوردیدا |
| 62 | 2-6-2. ئەسپێکت |
| 69 | 2-6-3. ڕووکار |
| 74 | 2-7. مۆرفۆسینتاکسی ناکردن |
| 76 | 2-8. جیاوازی لە ڕەگی کاردا |
| **123-78** | **- بەشی سێیەم/ سیما سینتاکسییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی** |
| 78 | 3-1. سەرەتا |
| 78 | 3-2. پێکهاتەکانی ڕستە |
| 79 | 3-2-1. فرەیزی ناوی |
| 80 | 3-2-1-1. فراوانکردنی فرەیزی ناوی لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا |
| 81 | 3-2-2. فرەیزی کاری |
| 83 | 3-3. پێشبەندەکان |
| 84 | 3-4. دۆخ |
| 85 | 3-4-1. دۆخ لە زمانی کوردیدا |

| | |
|---|---|
| 3-4-2. دۆخ لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا | 86 |
| 3-4-2-1. جۆرەکانی دۆخ لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا | 87 |
| 3-4-2-1-1. دۆخی بکەری | 87 |
| 3-4-2-1-2. دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ | 90 |
| 3-4-2-1-3. دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ | 92 |
| 3-4-2-1-4. دۆخی خستنەپاڵ | 94 |
| 3-4-2-1-5. دۆخی سەرچاوە یان(دەستپێك) | 95 |
| 3-4-2-1-6. دۆخی بانگکردن | 96 |
| 3-5. ئەرکی جێناوە کەسییەکان لە ڕستەدا | 99 |
| 3-6. ئەرکی جێناوە کەسییەکانی کۆمەڵەی خاوەندێتی لە ڕستەدا | 100 |
| 3-6-1. جێگۆڕکێی جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی خاوەندێتی لە ڕستەدا | 105 |
| 3-7. ڕێککەوتن لە سنوری ڕستەدا | 108 |
| 3-7-1. ڕێککەوتنی کەرەستەکانی ڕستە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا | 109 |
| 3-7-1-1. ڕێککەوتنی(بکەر و کار) | 109 |
| 3-7-1-2. ڕێککەوتنی(بەرکار و کار) | 110 |
| 3-8. ڕێککەوتنی جێناوە کەسییەکان لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا | 111 |
| 3-9. ڕێککەوتنی کەرەستەکانی ڕستە لە چاوگی(هە)بوون دا. | 114 |
| ئەنجامەکان | 116 |
| سەرچاوەکان | 118 |
| پاشکۆکان | 123 |
| ملخص البحث | أ |
| Abstract | A |

# پێشەکی

## 1- ناونیشان و بواری نامەکە:

ناونیشانی نامەکە: (سیما تایبەتییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی- بە بەراورد لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست)دایە. کە سیماکانی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجی و سینتاکسی ئەو شێوەزارە دەخاتەڕوو، سروشتی لێکۆڵینەوەکە وا دەخوازێ پەیڕەوی بەرنامەیەکی بەراوردکاری بکات بۆ خستنەڕووی لایەنە جیاواز و هەڵکەوتەکانی ئەم شێوەزارە، بەپێی توانا خۆمان لەو سیمایانە پاراستووە، کە لەگەڵ کرمانجی ناوەڕاستی (زاری سەرەکی) یەکدەگرنەوە، چونکە ئەو شێوەزارە لقێکە لە کرمانجی ناوەڕاست و بەلایەنی کەم گەلێك سیمای دەنگ و سیمای ڕستەسازی لێکچوویان هەیە.

## 2- ئامانجی نامەکە:

خستنەڕووی هەندێ لایەنی شاراوەی ئەو شێوەزارە لە ڕووی تایبەتییەتی دەنگی و ڕێزمانی، زیاتر بە مەبەستی ئەوەی بەر لە ناوچوون و تێکەڵبوون بە زارە سەرەکییەکە بکرێ، هەندێك لەو تایبەتییانە تۆمار بکرێ، گەر لە پێناو لێکۆڵینەوەی مێژوویی بەراورداکاریش بێ، دەکرێ لە داهاتوودا سوودی لێوەربگیرێ، وەنەبێ ئەمە یەکەم هەوڵ و تەقەڵلابێت لەو شێوەزارەدا، بەڵام هیچ هەوڵێك بەو درێژکارییە نەبووە، بۆ ناساندنی شێوەزاری خۆشناوەتی بە خوێنەری کورد.

## 3- هەوڵی نامەکە:

نامەکە ئەوە دەخاتەڕوو کە بنج و بنەچەی هەندێ وشە و گۆڕانی دەنگی و پاشماوەی مۆرفۆلۆجی دۆخەکان لە ئاستێك دایە و ماوەتەوە، دەکرێ زمانی کوردی بخاتە خانەیەکی تری پۆلی زمانەکانەوە و هەندێ نیشانەی دۆخ و تێدسەکان بەدی دەکرێ، کە بە ڕاستی هەڵوەستە و لێکۆڵینەوەی جیاوازی دەوێ.

## 4- سنووری لێکۆڵینەوەکە:

سنووری لێکۆڵینەوەکە لە کرۆکی ئاخاوتنی شێوەزاری خۆشناوەتییە، ناوچەی خۆشناوەتی ناوچەیەکی فراوانە و چەندین گوند و دێهات و شارۆچکە لەخۆدەگرێت، بەڵام مانەوەی سیمای زارەکە بە ڕوونی و ڕەوانی لە هەموو دێهات و ناوچەکان وەکو یەك نییە، بەڵکو بەهۆی کارلێککردنی ناوچە و خەڵکەکە بە زاری کرمانجی ناوەڕاست، گەلێك گۆڕانکاریی بەسەر هاتووە، بۆیە هەوڵدراوە، ئەو گوند و ناوچانە و ئەو خەڵکانە بدوێنین، کە ئەسڵی ئاخاوتن و درکاندنی شێوەزارەکەی پاراستووە، نموونەشمان

وەرگرتووە وەکو ڕستە نەك وەکو دەق، سنوری لێکۆڵینەوەکەش ناحیەی بێتواتە یە کە دەکەوێ تە ڕۆژ ئاوای قەزای ڕاذ یە، ئەم سنوریەش چەند گو ندێکی گرتۆ تەوە کە لە نەخ شەی سنورەکەدا د یاریکراوە، چونکە ئەم ناو چەیە سیمای شێوەزارەکەی تاڕادەیەك تێدا پارێزراوە.

**5- جۆری لێکۆڵینەوەکە:**

شیکردنەوەی وەسفی(ئێ ستای شێوەزارەکە)ی ئا خاوتنی ڕۆژا نەی خەڵکی ناوچەکەیە، بەڵام لە قاڵبێکی ئەکادیمی زمانەوانی دراوە و بەسەر ئاستی دەنگ و وشە و ڕستە دابەشکراوە.

**6- پێکهاتەی نامەکە:**

دوای ئەم پێشەکیە کورتە، نامەکە دابەشی سەر سێ بەش کراوە. بە شی یە کەم: بە ناونیـ شانی سیما دەنگیـ یەکانی شێوەزاری خۆ شناوەتیە، با سی جیاوازیـ یە دەنگیـ یەکان کراوە، کە لە ذ یوان شێوەزاری خۆ شناوەتی و د یالێکتی کر مانجی ناوەڕاستدا دەبینرێن، بە شێوەی گۆڕانی دە نگ و لەناو چوون و پە یدابوون و گۆڕانی ژمارەی بڕگە... کراوە.

بە شی دووەم: بە ناونیـ شانی سیما مۆرفۆلۆجیـ یەکانی شێوەزاری خۆ شناوەتیە، کە تایبە تە بە جیاوازیـ یە مۆرفۆلۆجیـ یەکان تێـ یدا، با سی هە ندێ لەو بە شە ئاخاوتنا نە کراوە کە جیاوازیان تێدا دەبیـنرێ لە ڕووی سیـستەمی کارکردن و ئەو مۆرفیما نەی دەچنە سەریان.

بە شی سێیەم: بە ناونیـشانی سیما سینتاکـسییەکانی شێوەزاری خۆ شناوەتیە، کە با سی جیاوازیـ یە سینتاکـسییەکان کراوە لە چوار چێوەی فرێز و ڕ ستە و پەیوە ندی ڕەگەز، وەك ڕێککەوتن و دۆخەکان و ئەرکی جێناوەکان ...

لە کۆتایـ یدا پا شکۆیەك و ڕیزکرد نی ئەنجا مەکان و سەر چاوەکان و کور تەی نامەکە بە زمانی عەرەبی و زمانی ئینگلیزی کۆتایی بە لێکۆڵینەوەکە هاتووە.

# بەشی یەکەم

## سیما دەنگییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی

## 1-1. سەرەتا:

زمان خاوەن یا سای گشتی و وشەی فەرهەنگیە ئەم دوولایە نە (یا سا، وشەی فەرهەنگی) بە تەواوی لە شێوەزار و زمانەکەدا جیاواز نین و هاوبەشییان لە نێوا ندا هەیە، هیچ شێوەزارێك نە بە تەواوی وشەکانی یان یاساکانی جیاوازن، نە بە تەواویش وەکو یەکن، چونکە ئەم دووانە ئەگەر تەواو جیاوازبن ئەوا شێوەزارەکە دەبێتە زمانی سەربەخۆ و دادەبڕێت لە زمانەکەدا، ئەگەر بە تەواوی وەك یەك بن ئەوا شێوەزار پەیدانابێ و هەر زمانەکەیە. شێوەزاری خۆشناوەتی لایەنی جیاواز و لایەنی لێکچووی لەگەڵ دیالێکتی ناوەڕاستدا هەیە

## 2-1. هۆی پەیدابوونی شێوەزار لە زماندا:

بیروبۆچوونی جیا لەبارەی پەیدابوون و دروست بوونی شێوەزار لە زما ندا هە یە، زۆربەی ئەو بیروبۆچوونانە باسی ئەو گۆڕانکارییانە دەکەن کە بەسەر زماندا دێت و بە هۆکاری پەیدابوونی شێوەزاری دادەنێن.

(زمان دیاردە یەکی کۆمەڵایەتییە، لە ئەنجامی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵ و زیادبوونیدا زمان دەگۆڕێت و سنوری بەکارهێنانی بەربلاو و فراوان دەبێت و گەشەدەکات، کە ئەمەش سەرەتایەکە بۆ جیاوازی دەربڕین و قسەکردن و هۆی پەیدابوونی شێوەزار (ڕەفیق محەمەد شوانی 1999: 791). شێوەزار ئەوەیە کە کۆمەڵە کەسێك لە شوێنێکدا بەکاری دەهێنن و وشە و زاراوەی تایبەت بە خۆیان هەیە، کە هاوزمانەکانیشیان تێیان دەگەن (شێوەزار بریتییە لە شێوەی جیاوازی قسەکردن، لە مرۆڤێکەوە بۆ مرۆڤێکی تر لە سەرەتاوە بە جیاوازی دەربڕین و گۆکردنی دەنگەکان و وشەکان دەست پێدەکات، پاشان فروان دەبێت و گەشە دەسەنێت بەهۆی بەکارهێنانی لە لایەن قسەپێکەرانیەوە (ڕەفیق محەمەد شوانی 2001: 66). بۆ نموونە وشەی (ساڵ) لە ناوچەکانی سلێمانی و کەرکوکدا بەکاردێت کە چی لە هەولێر و دەورو بەری دەبێتە (سار) ئەم جیاوازییەش گەورە دەبێت و ناوچەیەکی جیاوازی قسەکردن دەگرێتەوە دەبێتە شێوەزار لە زما ندا پێشی دەوترێت شێوەزاری ناوچەیی.ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمە تایبەتە بە شێوەزاری خۆشناوەتی , کەسەربە زاری سۆرانیە , دەچێتەوە سەر دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست .

هەندێ هۆکاری تر هەن کە ڕاستەوخۆ دەبنە هۆی پەیدابوونی شێوەزار لە زما ندا وەك هۆکاری (جوگرافی، ڕامیاری، میللی... هتد)، لە ئەنجام هەبوونی ئەو هۆکارانە قسەکەر زیاتر نزیك دەبێتەوە لە وشەکانی شێوەزارەکەی خۆی و هەوڵدەدات وشەکانی تایبەت بە شێوەزارەکەی بەکاربهێنێ (هدسن 1987: 79). لەوانەش:

1- هۆ کاری جوگرافی: ئه مەش پەیوه ندی به سرو شتی ولا تەکان هه یه له ڕووی جیاوازی کەش و هەواو شاخ و ڕوو بار و ژینگەی ولاته کەدا، که ئەم سرو شتەش کەشێکی وا دروست دەکات ناوچەکان له یەکتری دوور بن و تێکەڵاویان کەمتر بێت که ئه مەش بەهۆی بەسەر چوونی کات وا دەبێت که جیاوازی له نێوان شێوەی قسەکردنیان پەیدابێت (هۆکاری جوگرافی دەبێته هۆی جیاکردنەوەی هەر ناوچەیەك له یەکتر له چیا و ڕوو بار و دەشت و گردۆلکاوی که جیاوازی دەخاته ناو سرو شتی ولاته کەوه ئەنجامەکه شی جیاوازی و جیابوونەوه له زماندا دروست دەکات(ڕەفیق محەمەد شوانی 2001: 67).

هۆ کاری جوگرافی له کورد ستاندا له کۆندا بەهۆیەکی کاریگەر دادەنرا بۆ پارچەکردن و لێکدابڕانی ناوچەکانی کوردستان چونکه کوردستان خاوەنی چەندین ناوچەی سەخته له زنجیره چیا و ڕووبار و دەشتی پان و بەرین که ئەمەش وایکردووه ناوچەکان له یەکتری دوور بن و کەمتر تێکەڵاوی یەکتر بن و ئەم دیاردەیەش زیاتر زاره کوردیەکانی له یەکتر دوورخستۆتەوه، بەڵام ئێستا ئەم دیاردەیه کەمبۆتەوه ئەمەش به هۆی ئاسانکاری هاتوچۆ و ڕاگەیاندنەوه.

2- هۆکاری ڕامیاری: باری ڕامیاری کوردستان به جۆرێکی وا نەبووه که ولاتێکی سەربەخۆی هەبێ، هەروەها ڕامیاری ناوەوه شی بەو شێوەیه نەبووه که زمانێکی یەکگرتووی تێدا بەکارهاتبێت، بەهۆی دابڕین و پارچەکردنی کوردستان بۆ چوار پارچه وایکردووه که شێوەزارەکه له یەکتر دوورکەونەوه بۆ نموونه کاتێ کوردێکی باکور قسەدەکات بەهۆی دەربڕینەکەیەوه دەزانرێ که خەڵکی کوێیه، جگه لەمەش چەند میرنشینێکی جیا که فەرمانڕەوایی ناوچەکانی کوردستانیان دەکرد، بەڵام حوکمەکەیان بیری ناوچەگەری پێوه دیار بوو ئەمەش بووه هۆی ئەوەی که هەر میرنشینێك شێوەزارەکەی خۆی پەسند بکات (فراوانبوونی دەسەڵاتی ولاته که و زۆربوونی ناوچەکانی و جیاوازی گەلەکانی ژێر دەسەڵاتی دەبێته هۆی لاوازبوونی دەسەڵاتی مەڵبەندی بەمەش چەند ناوچەیەکی جیاوازی کارگێڕی پەیدا دەبێت و ڕێگه بۆ پەیدابوونی شێوەزار خۆش دەکات (ڕەفیق محەمەد شوانی 1999: 792).

3- هۆکاری میللی: ئەمەش له ناو دانیشتوانی ناوچه جیاوازەکاندا دەردەکەوێت، وەك جیاوازی نێوان خەڵکەکه له ڕووی تیرەو تایەفه و هۆزەوه، که خەڵکەکه هەریەکەیان سەر به تیرەیەکن بەمەش شێوەزار له زماندا پەیدادەبێت. له کۆتاییدا شێوەزار لقه زارێکه دەکەوێته ناو زاره سەرەکیەکە(محمد علي الخولي 1982: 272).

### 1-2-1. سنوری جوگرافی شێوەزاری خۆشناوەتی:

لەگەڵ ئەوەی شێوەزاری خۆشناوەتی شوێنێکی بەرفراوان دەگرێتەوە، دەتوانین سنوری ئەم شێوەزارە لە ڕووی جوگرافییەوە بەم شێوەیە دەستنیشان بکەین (سنوری خۆشناوەتی لە باکورەوە لە گوندی مەلەکان دەست پێدەکات و بە دەربەندی گۆمەسپان لە با شوور کۆ تایی د ێت، لە ڕۆژهەڵا تەوە لە سەرو چاوەوە دە ست پ ێدەکات و لە ڕۆژئاواوە بە زیارەتی مەلا نەبیان کۆتایی د ێت. بەرزترین زنجیرە چیای خۆشناوەتی چیای سەفینەو بەناوبانگترین هاوینەهەواریش هاوینە هەواری شەقڵاوەیە لە سنوری خۆ شناوەتیدا (محە مەد جەمال و ئەوانی تر 2006: 7). لە ڕووی بەڕێوەبرد نەوە ناوچەی خۆشناوەتی بەسەر پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانیدا دابەشکراوە، لە هەولێر دۆ ڵی مە لەکان سەر بە قەزای سۆرانەو، دۆ ڵی بالی سان و هیران سەر بە قەزای شەقلاوەن، دۆڵی سماقوڵی سەر بە قەزای کۆیە.

لە سلێمانی دەکەوێ تە قەزای ڕاژ یە کە لە مێرگە سەرەوە تاکو سەرو چاوە دەگرێتەوە کە ئەمەش سنوری لێکۆڵینەوەکەیە.

### 2-2-1. فۆنیم(Phoneme):

لەبەر ئەوەی فۆنیم بە بچوکترین دا نەی فۆنۆ لۆجی دادەنرێت لە زما ندا و دەبێتە هۆی گۆڕینی واتای و شە و پەیوە ندی بە فۆنۆلۆجیەوە هە یە بۆ یە دەما نەوێت چەند پێناسەیەکی فۆنیم بخەینەڕوو.

فۆنیم: بچوکترین دا نەی دەنگیە و لە ڕێگە یەوە دەتوا ندرێت جیاوازی درو ست بکرێت لە نێوان واتای وشەکان و گۆڕانیان بە سەردابێت (غازی مختار 1997: 150).

بۆ دە ست نیشانکردنی زاراوەی فۆنیم لای زمانەوا نەکان هەموویان بیروڕاکانیان لە یەکتری نزیکن بۆ ئەم زاراوە یە، چونکە زۆر بەیان فۆنیم بە هۆکاری گۆڕینی وا تای و شەکان دادە نێن. هەموو زمانێك ژمارە یەك فۆنیمی د یاریکراوی خۆی هە یە و قسەکەرانی بەکاری د ێنن و وێنەیان بۆ دا ناوە و لە هەموو زمانێکدا ژمارە یان، وەکو یەك نییە و جیاوازیان هەیە.

### 3-2-1. فۆنیمەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی:

لە شێوەزاری خۆ شناوەتیدا هەموو ئەو فۆنیما نە بەکاردێن، کە لە د یالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا هەن، تەنیا جیاوازی لە درکا ندنی فۆنیمی /ڵ/ی قە ڵەو هە یە لە زۆر بەی ناو چەی خۆشناوەتیدا، تەنیا لە هە ندێ ناو چەی کەم نەبێت فۆنیمی /ڵ/ی قەڵەو بەکاردێت و ناگۆڕێت بۆ /ر/. (بڕوانە: ل 7).

لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا ژمارەی فۆنیمە نەبزوێنەکان (28) نەبزوێنە ئەوانیش لە(11) نەبزوێنی کپ و (17) نەبزوێنی گڕ پێکهاتوون (ڕەحمان ئیسماعیل 1991: 36). ژمارەی بزوێنەکانیش (8) بزوێنن، ئەوانیش بریتین لە(ا، ە، ێ، ی، ۆ، وو، و، بزرۆکە) (ئەوڕەحمانی حاجی مارف 1976: 25). کەواتە ئەو فۆنیمانەی کە دەمێنیتەوە هەموویان نەبزوێنن.

لە شێوەزاری خۆشناوەتیشدا هەمان ئەو(36) فۆنیمە هەیە، وەکو لە سەرەوە باسمان کرد، تەنیا جیاوازی لە بەکارهێنانی فۆنیمی /ڵ/ی قەڵەوە. لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا ئەم فۆنیمە زۆر بەکاردێت، بەڵام لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بە ڕێژەیەکی زۆر کەم بەکاردێت و دەگۆڕدرێت بە فۆنیمی /ر/ی سوک لە زۆر وشەدا وەک:

(1)

| وشە لە(د.ك.ن) | وشە لە(ش.خ) |
| --- | --- |
| منداڵ | مندار |
| ماڵ | مار |
| گوڵ | گور |
| دڵ | در |

ئەم دیاردەیە ئەوە ناگەیەنێت، کە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا فۆنیمی /ڵ/ی قەڵەو بەکارنایەت، بەڵکو لە چەند شوێنێکی خۆشناوەتیدا[*]، ئەم فۆنیمە بەکارهێنانی هەیە و ناکرێت بە فۆنیمی /ر/ی سوک، لە کاتی گۆکردنی /ڵ/ی قەڵەو لەلایەن قسەپێکەرانی ئەم ناوچانە هەست بە لەرینەوەیەکی /ڵ/ی قەڵەو دەکرێت.

لەم شوێنانەدا چەند وشەیەکی تایبەت بە خۆیان هەیە کە فۆنیمی /ڵ/ی قەڵەوی تێدایە، وەک وشەی (چەڵاك) کە دەکاتە(گۆپاڵ)، یا وشەی(کۆڵە میتە) کە دەکاتە (خرێنەی ددان) لەم وشانەدا ئەم فۆنیمە، وەکو خۆی دەمێنێتەوە هەر بۆیەش ناکرێ فۆنیمی /ڵ/ بە فۆنیم دانەندرێت، چونکە بەکارهێنانی هەیە، بەڵام بەکارهێنانەکەی کەمترە لە چاو فۆنیمەکانی تر.

دەتوانین فۆنیمەکانی ئەو شێوەزارە بەهۆی ئەو وشانەوە دیاری بکەین کە هەموو دەنگەکانیان وەك یەکن، تەنیا لە تاکە دەنگێك نەبێ جیان ( ئەو وشانەی هەموو دەنگەکانیان وەك یەکن تەنیا لە تاکە دەنگێك نەبێ، ئەم جیایە لەم تاکە دەنگەدا مانای جیایی بە وشەکان دەبەخشێ جووتۆکەن(وریا عومەر 1982-أ: 436). بە

---

[*] وەك گوندی هەرتەل، زێوە.

بەراوردکردنی ئەم جووتۆکا نە فۆنیمەکانی ز مان دەستنیشان دە کرێن، وەك لەم لیستەیەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

| جووتۆکە | فۆنیمەکان | فۆنیمی تازە | ژمارە |
|---|---|---|---|
| پەڕ : بەڕ | پ : ب | پ : ب | 2 |
| توو : دوو | ت : د | ت : د | 2 |
| کۆلك : گۆلك | ك : گ | ك : گ | 2 |
| کەف : کەس | ف : س | ف : س | 2 |
| لاق : تاق | ل : ت | ل | 1 |
| حەفت : نەفت | ح : ن | ح : ن | 2 |
| قاز : باز | ق : ب | ق | 1 |
| عارد : هارد | ع : ه | ع : ه | 2 |
| چار : جار | چ : ج | چ : ج | 2 |
| کەر : کەڕ | ر : ڕ | ر : ڕ | 2 |
| هێش : مێش | ه : م | م | 1 |
| بەرغ : بەرخ | غ : خ | غ : خ | 2 |
| چاو : چای | و : ی | و : ی | 2 |
| شەو : کەو | ش : ك | ش | 1 |
| ژن : بن | ژ : ب | ژ | 1 |
| سار : زار | س : ز | ز | 1 |
| ڤیان : ژیان | ڤ : ژ | ڤ | 1 |
| چەڵاك | ڵ | ڵ | 1 |
| کەم : کم | ە : بزرۆکە | ە : بزرۆکە | 2 |
| بار : بۆر | ا : ۆ | ا : ۆ | 2 |
| تیر : تێر | ی : ێ | ی : ێ | 2 |
| کوڕ : کووڕ | و : وو | و : وو | 2 |

بەهۆی ئەم جووتۆکانەوە دەرکەوتووە کە شێوەزاری خۆشناوەتی لە (36) فۆنیم پێکهاتووە.

## 3-1. ياسا فۆنۆلۆجیەكان:

هەموو زمانێك كۆمەڵێ یاسای تایبەتی خۆی هەیە. مەبەست لەو یاسا فۆنۆلۆجییا نەئەوەیە، كە لە ئەنجامی لێكدانی فۆنیمەكان دروست دەبێت ئەو یاسایانەش(فۆنیمەكانی زمان دەست نیشان دەكەن، لە ناو قاڵبی بڕگەی فۆنەتیكی لێكیان دەدەن بۆ پێكهێنانی بڕگەی فۆنۆلۆجی بە هۆی ئەوەی، كە دەنگەكانی زمان دەكەونە پاڵ یەكتری ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی كە دەنگ پەیدابێ، یان لەناوبچێ، یان بگۆڕێ....هتد (وریا عومەر 2004: 53). یاسا فۆنۆلۆجییەكان دەبنە هۆی ئاسان كاری دەربڕین و كەم كردنەوەی وزە بە گوێرەی توانا. لەبەر ئەوەی جێگەی سەرنجە كە منداڵان لە قۆناغەكانی یەكەمی قسەكردندا كاتێ هەڵدەستن بە وەرگرتنی زمان، ئەمەش بە سوود وەرگرتن لەو یاسایانە و بۆ زاڵ بوون بەسەر گرفتی سنورداری تواناكانیان لەكاتی بەرهەمهێنانی دەنگەكانیان بە شێوەیەكی ڕاست و دروست( شحدة فارع والأخرون 2003: 99). هەر زمانێك وەرگرین دەبینین كە خاوەنی چەند تایبەتییەكی خۆیەتی ئەم تایبەتیانەش وا دەكات كە لە زمانەكانی تری جیابكاتەوە، یاخود هەندێ جار زمانەكان لە یەكتری نزیك دەكاتەوە، ئەگەر لە زمانی كوردیدا لە یاسا دەنگییەكان وردبینەوە و لەگەڵ چەند زمانێكدا بەراوردی بكەین ئەوا ئەو ڕاستییانەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە.

بە شێوەیەكی گشتی كاتێ دەنگەكانی زمان لێكدەدەین بۆ دروستكردنی بڕگە یاخود وشە ئەوا ئەو یاسایانە ڕوودەدەن.

## 4-1. جۆری یاسا فۆنۆلۆجییەكان:

دەنگسازەكان ئەوانەی لە بواری فۆنۆلۆجی دەكۆڵنەوە كۆكن لەسەر ناوەڕۆكی دیاردە فۆنۆلۆجییەكان، هەریەكەیان دەستەیەك لە یاسا فۆنۆلۆجییەكانی زمانی كوردی یان خستۆتەڕوو بەڵام ئەوەی جیاواز بێ، تەنیا ڕێكنەكەوتنەكان لە جۆری زاراوەكانە (لە هەر زمانێكدا كۆمەڵە یاساییەك هەیە بەهۆیانەوە لەناوچوونی دەنگ و پەیدابوون و گۆڕینی دەنگەكان...هتد دەستنیشان دەكات ئەمانەش یاسا فۆنۆلۆجیەكانی پێ دەوترێت (وریا عومەر، 2004: 57). لێرەدا هەندێ لەو یاسایانە دەستنیشان دەكەین كە پەیوەندییان بە لێكۆڵینەوەكەوە هەیە، پاشان بەراوردیان دەكەین لەگەڵ شێوەزاری خۆشناوەتیدا، یاساكانیش بریتین لە:

1- گۆڕانی دەنگ.

2- لەناوچوونی دەنگ.

3- جێگۆڕکێی دەنگ.

## 1-4-1. گۆڕانی دەنگ:

لەم گۆڕانەدا دەنگێکی وشەیەك لە قسەی هەندێ کەسدا دەگۆڕێ بە دەنگێکی تر لە قسەی خەڵکی تردا، بە واتایەکی تر هەمان وشە لە دوو فۆڕم یان زیاتردا دەبینرێ بەهەمان واتا. دیسانەوە هەندێ جار هەردوو فۆڕمی وشەکە لە یەك زاردا هەن جاری واش هەیە هەر فۆڕمەی لە زارێکی تایبەتیدا بەکاردێ (محمد معروف، 1987: 95).
ئەو گۆڕانانەی، کە باسی دەکەین لە نێوان دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست و شێوەزاری خۆشناوەتیدا دەبنە گۆڕان لە یەك زاردا، چونکە شێوەزاری خۆشناوەتی سەر بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستە و یاسای گۆڕانی دەنگ لە نەبزوێنەکان و بزوێنەکاندا ڕوودەدات. هۆکاری جیا جیا هەیە بۆ گۆڕانی دەنگ وەکو (سازگەیی، ئەسڵی وشە، زاری).

### أ- گۆڕان لە نەبزوێنەکاندا:

ئەم گۆڕانە لە کاتی لێکدانی دوو مۆرفیم، یان زیاتر ڕوودەدات واتە لە هەردوو ئاستی فۆنۆلۆجی و مۆرفۆلۆجیدا کە بە گۆڕانی (مۆرفۆفۆنۆلۆجی) دادەنرێت، لە ئەنجامی گۆڕانی دەنگەکان لە ناو مۆرفیمەکاندا دێنەکایەوە. لێرەدا فۆنیمێکی نەبزوێن دەگۆڕێ بە فۆنیمێکی نەبزوێنی تر، بۆ ئەوەی لە درکاندا ئاسان بێت ئەم گۆڕانانەش بە چەند شێوەیەك ڕوودەدەن ئەوانیش:

### 1- گۆڕانی فۆنیمی کپ بە فۆنیمی گڕ:

لەم گۆڕانەدا دەنگێکی کپ دەگۆڕێت و دەبێت بە دەنگێکی گڕ. بۆ ئەم دیاردەیە چەند نموونەیەکی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بەراورد دەکەین لەگەڵ شێوەزاری خۆشناوەتیدا، وەك ئەم نموونانەی خوارەوە:

(2)

| وشە لە(د.ك.ن) | وشە لە(ش.خ) | فۆنیمی کپ | فۆنیمی گڕ | هۆکاری گۆڕانەکە |
|---|---|---|---|---|
| سبەینێ | زبەینێ | /س/ | /ز/ | [ب] گڕ کاری کردۆتە سەر [س] کپ، [س]کپ ← [ز] |
| پشدێن | پژدێن | /ش/ | /ژ/ | [د]گڕ کاری کردۆتە سەر [ش]کپ، [ش]کپ ← [ز]گڕ |
| گەستن(*) | گەزتن | /س/ | /ز/ | [ت]کپ کاری کردۆتە سەر[س]کپ، [س]کپ ← [ز]گڕ. |

هۆکاری ئەم گۆڕانکاریانەش دەگەڕێتەوە بۆ سازگەی دەنگەکان.

## 2- گۆڕانی فۆنیمی گڕ بە فۆنیمی کپ:

ئەم گۆڕانە بە پێچەوانەی گۆڕانەکەی ترە. لێرەدا فۆنیمێکی گڕ دەگۆڕێت بە فۆنیمێکی کپ، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دیاریکراوە:

(3)

| وشە لە(د.ك.ن) | وشە لە(ش.خ) | فۆنیمی گڕ | فۆنیمی کپ | هۆکاری گۆڕانەکە |
|---|---|---|---|---|
| مزگەوت | مزگەفت | /و/ | /ف/ | [ت] کپ کاری کردۆتە سەر [و] گڕ، [و] گڕ ← [ف] کپ. لە بنەڕەتدا وشەکە مزگەفتە نەك مزگەوت. |
| بچوك | پچوك | /ب/ | /پ/ | [چ]کپ کاری کردۆتە سەر [ب]گڕ، [ب]گڕ ← [پ]کپ. |
| دەرگە | دەرکە | /گ/ | /ك/ | [ە] گڕ کاری کردۆ تە سەر[ب] گڕ، [گ] گڕ ← [ك]کپ. |

(*) ئەم دیاردەیە پێی دەوترێت بە ناوەندکردن (Neutralization) کە لە سێ ئاستدا کاردەکات و ئەرکی فۆنیمی لێ دەکەوێتەوە، کە مەبەست ئەلۆفۆنە:

فۆنیمی /س/ فۆنیمی /ز/

دەنگی [illegible]ز[illegible] دەکەوێتە نێوان فۆنیمی/س/ و فۆنیمی/ز/.

### 3- گۆڕانی فۆنیمی گڕ بە فۆنیمێکی گڕی تر:

لەم گۆڕا نەدا فۆنیمێکی گڕ لە د یالێکتی کر مانجی ناوەڕا ستدا دەگۆڕ ێت بە فۆنیمێکی گڕی تر لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا. ئەم گۆڕا نەش زۆر بلاّوەو لە هەموو شوێنێکی وشەدا دەبینرێ، وەك:

(4)

| وشە لە(د.ك.ن) | وشە لە(ش.خ) | فۆنیمی گڕ | فۆنیمی گڕ | هۆکاری گۆڕانەکە |
|---|---|---|---|---|
| مزگێنی | مژگێنی | /ز/ | /ژ/ | سازگەییە |
| ژوشك | زوشك | /ژ/ | /ز/ | سازگەییە |
| ویژدان | ویزدان | /ژ/ | /ز/ | سازگەییە |

### 4- گۆڕانی فۆنیمی کپ بە فۆمیمێکی کپی تر:

لێرە شدا فۆنیمێکی کپ لە د یالێکتی کر مانجی ناوەڕا ستدا دەگۆڕ ێت بە فۆنیمێکی کپی تر لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا، وەك:

(5)

| وشە لە(د.ك.ن) | وشە لە(ش.خ) | فۆنیمی کپ | فۆنیمی کپ | هۆکاری گۆڕانەکە |
|---|---|---|---|---|
| دکتۆر | دختۆر | /ك/ | /خ/ | زاری و نەخوێندەوارییە |
| کونجی | قونجی | /ك/ | /ق/ | زاری و نەخوێندەوارییە |
| لاستیك | لاستیق | /ك/ | /ق/ | زاری و نەخوێندەوارییە |

### ب- گۆڕان لە بزوێندا:

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بە بەراورد لە گەڵ د یالێکتی کرمانجی ناوەڕا ستدا بزوێنەکان گۆڕانکارییەکی زۆریان بەسەر دادێت، چونکە بزوێن لە ئەنجامی کاریگەری دەوروبەرەوە دەگۆڕێت، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

(6)

| وشە لە(د.ك.ن) | وشە لە(ش.خ) | گۆڕانی بزوێنەکان | هۆکاری گۆڕانەکە |
|---|---|---|---|
| وانییە | وەنییە | /ا/ ← /ە/ | ئاسانکاری دەربڕین |
| وام کرد | وەم کرد | /ا/ ← /ە/ | ئاسانکاری دەربڕین |
| دێنم | دینم | /ێ/ ← /ی/ | ئاسانکاری دەربڕین |
| هێنان | هینان | /ێ/ ← /ی/ | ئاسانکاری دەربڕین |
| میوان | مێوان | /ی/ ← /ێ/ | ئاسانکاری دەربڕین |
| دامێن | دامەن | /ێ/ ← /ە/ | ئاسانکاری دەربڕین |

| | | | |
|---|---|---|---|
| سور | سۆر | /و/ ← /ۆ/ | ئاسانكاری دەربڕین |
| ناو | نێو | /ا/ ← /ێ/ | ئاسانكاری دەربڕین |
| چەپ | چۆپ | /ە/ ← /ۆ/ | ئاسانكاری دەربڕین |
| ڕەنج | ڕێنج | /ە/ ← /ێ/ | ئاسانكاری دەربڕین |
| نەكرد | ناكرد | /ە/ ← /ا/ | ئاسانكاری دەربڕین |
| شەقاو | شاقاو | /ە/ ← /ا/ | ئاسانكاری دەربڕین |
| ڕووناك | ڕۆناك | /وو/ ← /ۆ/ | ئاسانكاری دەربڕین |
| تروسكە | تریسكە | /و/ ← /ی/ | ئاسانكاری دەربڕین |

### 2-4-1. **لەناوچوونی دەنگ**:

**لەم یاسایەدا، كە تیایدا دەنگێك، یان زیاتر لە وشە و مۆرفیمەكا ندا لەناودە چێ ئە مەش لە ئەنجامی بەراوردكردنی وشەكان لە ذێوان دوو زار و شێوەزاردا، یان لە ذێوان زارێك و شێوەزارێك دا ئەم یا سایە ( بە مەبە ستی ئا سانكردنی دەر بڕین دێ تە كایەوە، لە ئەنجامی هەڵكەوت و دەركەوتنیان لە شوێنی جیاوازدا دروست دە بن و لە هە ندێ باردا شێوەو قاڵبی ج یاواز وەردە گرن (طا لب حـ سین** 1989: 58). **یا سای لەناو چوونی دە نگ تەنها لە شوێنێكی وشەدا نابینرێ بەڵكو( ئەم یا سایە لە هەموو شوێنێكی وشەدا ڕوودەدات، بەڵام لە ناوەڕا ست و كۆ تایی وشەدا زۆر بڵاوە (ڕە حمان ئیسماعیل** 1991: 74).

**یا سای لەناو چوونی دەذ گەكان لە شێوەزاری خۆ شناوەتی بە بەراورد لە گەڵ دیالێكتی كرمانجی ناوەڕاستدا بە زۆری لە ناوەڕا ست و كۆ تایی وشە و مۆرفیمەكا ندا بەرچاو دەكەوێت، ئەم یاسایە لە بزوێنەكان و نەبزوێنەكاندا ڕوودەدات، بەم شێوەیەی خوارەوە:**

### 1- لەناوچوونی نەبزوێنەكان:

(7)

| وشە لە(د.ك.ن) | وشە لە(ش.خ) | لەناوچوونی نەبزوێن |
|---|---|---|
| پەیدابوون | پەیابوون | [د] |
| سەربان | سەبان | [ر] |
| باوك | باو | [ك] |
| ئەگەر | ئەگە | [ر] |

| | | |
|---|---|---|
| کەوچك | کەچك | [و] نیمچە نەبزوێن |
| پرسیار | پسیار | [ر] |
| دایك | داك | [ی] نیمچە نەبزوێن |
| فرۆشتن | فرۆتن | [ش] |
| دەخوارد | ئەخوارد | [د] |

2– لەناوچوونی بزوێن:

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بەزۆری بزوێنی □ه، ا، ێ□ لەناودە چن، وەك لەم نموونانەدا ڕوونکراوەتەوە:

(8)

| وشە لە(د.ك.ن) | وشە لە(ش.خ) | لەناوچوونی بزوێن | هۆکاری گۆڕانەکە |
|---|---|---|---|
| دوێنێ | دونێ | [ێ] | ئاسانکاری دەربڕین. |
| بتەوێ | بتوێ | [ە] | ئاسانکاری دەربڕین. |
| سوێند | سوند | [ێ] | ئاسانکاری دەربڕین. |
| شوێن | شون | [ێ] | ئاسانکاری دەربڕین. |

## 1-4-3. جێگۆڕکێی دەنگ:

لەم یاسایەدا دەنگێك یان زیاتر شوێنی خۆیان دەگۆڕنەوە لە سنوری هەمان وشە و مۆرفیم دا (لە سنوری وشە و مۆرفیم دا بە پاش و پێش خستنی دەنگەکان لە وشەدا دەگوتر ێت جێ گۆڕکێی دە نگ، کە وە کو زاراوە بە هەموو شێوەیەك دەگوتر ێت کە دەنگێك یان زیاتر لە شوێنی خۆیەوە دە چێتە شوێنێکی تر لە هەمان وشەدا(نە سرین فەخری 1985: 263). یاسای جێگۆڕکێی دەنگ لە هەموو زمانێکدا ڕوودەدات و زیاتر لە شێوەزارەکاندا دەبیـ نرێ. هەروەك لە و شەی(aesk)دا ئەم و شەیە لە لای ڕەش پێستەکانی ئەمریکا بە شێوەی (aeks) دەردەبڕدرێت بەم شێوەی خوارەوە:

□s□ □K□ → □K□ □s□ (شحدة فارع والأخرون 2003: 103).

ئەم یاسایە تەنیا لە وشەی ڕەسەنی کوردیدا ڕوو نادات، بەڵکو لە هە ندێ و شەی بێگانەشدا بەدی دەکرێ، کە هاتوونەتە ناو زمانەکەمانەوە، کە ئەمەش زیاتر پەیوەندی بە چینی کۆمەڵایەتی و ئاستی نەخوێندەواری و نەزانینەوە هەیە، وەك:

| خوێندەوار | نەخوێندەوار |
| --- | --- |
| جومعە | جوعمە |
| ڕوبع | ڕوعب |
| لەعنەت | نەعلەت |

(محمد معروف، 1987: 95).

ئەم یا سایە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا زۆر بەرچاو دەکەوێ ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ د یالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا، وا تە لە هەندێ وشەدا پاش و پێش خستنی دەنگەکان دەبینرێ، کە ئەمەش کارناکا تە سەر گۆڕانی واتای وشەکە، ئەم جۆرە جێگۆڕکێیە لەبەر ئەوەیە کە هەندێ جار ڕانەهاتنە بەو جۆرە دەربڕینانە. ئەم جێگۆڕکێیەش لە هەموو شوێنێکی وشەدا دەبینرێت، بەم شێوەیە:

(9)

| وشە لە(د.ك.ن) | وشە لە(ش.خ) | جێگۆڕکێی دەنگ |
| --- | --- | --- |
| نیوڕان | نیڕوان | [و] [ڕ] |
| لەوەڕ | ڕەوەل | [ل] [ڕ] |
| وەڕین | ڕەوین | [و] [ڕ] |
| هەوراز | هەرواز | [و] [ر] |
| قەفەز | قەزەف | [ف] [ز] |
| قۆچپە | قۆپچە | [چ] [پ] |
| ڕادیۆ | ڕایدۆ | [د] [ی] |
| بەرەو | بەروە | [و] [ە] |
| ڕوانین | نواڕین | [ڕ] [ن] |
| سانا | ناسا | [س] [ا] [ن] [ا] |
| زەعیف | زەفیع | [ع] [ف] |

## 1-5. ئاڵۆزی فۆنیمەکان لە فرەیزەکاندا:

مەبەست لە ئاڵۆزی فۆنیمەکان ئەو جیاوازییانەن، کە لە نێوان هەندێ فرەیزی د یالێکتی کرمانجی ناوەڕاست و شێوەزاری خۆشناوەتیدا هەیە، ئەم جیاوازیانەش کەمێ وردبوونەوەی دەوێت، چونکە زیاتر لە گۆڕانکاریدیەك ڕوودەدات، وەك: گۆڕان و پەیدابوون و لەناوچوون و جێگۆڕکێی دەنگ. بەم شێوەیەی خوارەوە:

(10)

| وشه له(د.ك.ن) | وشه له(ش.خ) | ئالۆزییەکان | هۆکاری گۆڕانەکە |
|---|---|---|---|
| دەڵێم | وارێم | /د/ ← /و/<br>/ە/ ← /ا/<br>/ڵ/ ← /ر/ | ئاسانکاری دەربڕین |
| دەهێنم | دینم | /ە/ ، /ھ/ لە ناوچوونە /ێ/ ← /ی/ | ئاسانکاری دەربڕین |
| بەھار | بوار | /ە/ لەناوچووە، /ھ/ ← /و/ | ئاسانکاری دەربڕین |
| چ دەڵێ | چارێ | /د/ لەناوچووە، /ە/ ← /ا/<br>/ڵ/ ← /ر/. | دەنگسازییە |
| بم دەنێ | وێم دەن | /ب/ ← /و/ ، /ێ/ جێگۆڕ کێی کردووە | ئاسانکاری دەربڕین |
| دەھاتن | داتن | /ە/ ← /ا/ ، /ھ/، /ا/ لەناوچوونە. | ئاسانکاری دەربڕین |
| ماڵ خراپ | ماخرا | /پ/ ، /ڵ/ لەناوچوونە. | ئاسانکاری دەربڕین |
| هەڵدەستێ | هەرەستی | /ڵ/ ← /ر/ ، /د/ لەناوچووە<br>/ێ/ ← /ی/ | ئاسانکاری دەربڕین |

## 6-1. **بڕگە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا**:

**زاراوەی بڕگە وەك یەكەیەكی زمانی لە ئاستی دەنگسازیدا بەكاردێت، تایبەتیش نی یە تەنیا بە فۆنۆ لۆجی، بەڵكو بڕ گەی فۆ نەتیكیش هە یە لە زمانەواز یدا بڕوا نە پەراوێزی** (ل: 20).

**بڕ گە لە گە شەی فۆنۆلۆج یدا مێژوو یەكی پڕ لە گیرو گرفتی هەبووە. ئەوەی جێ گەی سەرنجە كە بڕ گە تێگەی شتنێكی سادەی نی یە، دەنگ سازەكان تا ئێ ستا سەركەوتوو نەبوون لە پ ێدانی وە سفێكی هەمەلا یەنی بۆ بڕگە(أ حمد مخ تار** 2006: 283). **هەموو ئەو هەوڵا نەی كە لە لا یەن دەنگ سازەكانەوە دراوە بۆ دا نانی پێنا سەیەكی (فۆ نەتیكی یان فۆنۆ لۆجی بۆ بڕگە سەركەوتوو نەبوون و نەیانتوانیوە چارەیەك بۆ هەموو ئەو دیاردانە بدۆزنەوە، كە بە بڕگەوە بەندن. ئەو كێشەیەش وای لە زما نەوانان كردووە، كە بڕگە بە كەرە سەیەكی ناپێویست دا نێن لە گەڵ ئەوە شدا، كە بەڵگە لە سەر بوونی بڕگە زۆرە(محمد معروف** 1987: 60). **چونكە زیاتر بۆ كێشی شیعرە نەك بۆ دەنگسازی، بەڵام دەنگنا سەكان بۆ پێنا سەكردنی بڕگە دەستەوە ستان نەوەستاون و پێناسەی زۆریان بۆ داناوە هەرچەندە پێنا سەكانیان و بیرو ڕاكا نیان لە یەكتری نزیك دەبنەوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانین بیرو ڕای چەند زمانەوانێكی كورد و**

بێگانە بخەینەڕوو، کە پێنا سەی بڕگەیان کردووە، زما نەوانان وا یان دەرخستووە کە دەبێت لە دوو لایەنەوە پێناسەی بڕگە بکرێت و لێی بکۆڵرێتەوە، ئەوانیش:
(لایەنی فۆنەتیکی و لایەنی فۆنۆلۆجی)یە (أحمد مختار 2006: 284).

سەبارەت به پێنا سەکردنی بڕ گە لە ڕووی فۆنەتیـ کەوە ئەوە یە کە ((بڕ گەی فۆ نەتیکی گ شتییەو هەموو زما نەکانی جیـ هان بە شداری تـ یدا دە کەن، کە ئەوەش پەیوە ندی به فـ سیۆلۆجییەتی هەنا سە وەر گرتن و چۆنیەتی کارکردنی ئە ندامانی ئاخاوتـ نەوە هە یە)) (ور یا عو مەر 2004: 56). لـ یرەدا ئەوەی پەیوە ندی به لێکۆڵینەوە کەوە هە یە لا یەنی دووە مە لە بڕ گە ئەویش بڕ گەی فۆنۆلۆجیـ یە، کە پەیوەندی بە زمانێکی تایبەتییەوە هەیە، ئەو یا ساو پەیڕەوا نەی کە باس دەکرێن بۆ بڕگەی فۆنۆ لۆجی لە زمانێکدا لەوانە یە هەمان ئەو یا سایانە به کەڵکی زمانێکی تر نە یەن ( بۆ دە ست نیـ شانکردنی بڕگەی فۆنۆ لۆجی پێویـ ستە چوار چێوەی ئەو زما نە یاخود ئەو زارە دیاری بکرێت کە لێکۆڵینەوەکەی لەسەر دەکرێت ( ئەکرەم حە مە ساڵح 2000: 30). دەنگسازەکان هەریەکەیان به شێوەیەکی لە یەکتر نزیك پێنا سەی بڕگەی فۆنۆلۆجیـ یان کردووە، ئێ مەش لەو لێکۆڵینەوە یەدا چەند پێنا سەیەکی بڕ گەی فۆنۆلۆجی دەخەینەڕوو.

## 1-6-1. پێناسەی لایەنی فۆنۆلۆجی بڕگە:

لە ڕووی فۆنۆلۆجیـ یەوە بڕ گە (بریتیـ یە لە بزوێـ نێك و نەبزوێنێك وە یا لە نەبزوێنێك زیاتر، لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر دەگۆڕی) (غازی فاتح 1984: 83). لەم پێنا سەیەدا ئە مە بەدیاردە کەوێت کە بڕگە لە زمانی کورد یدا به تەنیا لە بزوێـ نێك دروست نابێت، بەڵام زمانی کوردی به پێچەوانەی ئەم پێنا سەیە بڕگەی فۆنۆ لۆجی تـ یدا لە تا کە بزوێـ نێك درو ست دەبـ یت، وەك بڕگەی ( ئا، ئۆ، ئێ...هـ تد)، کە ئەوا نە بزوێنن و بڕگەشیان دروست کردووە.

لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە بڕگە لە دەنگ گەورەترە و لە وشە بچوکترە، لەگەڵ بوونی هەندێ وشە کە لەیەك بڕگە پێکدێن (کمال بشر 2000: 503).

لە زمانی کوردیدا بڕگەی فۆنۆلۆجی هەیە تەنیا لە بزوێـ نێك پێـ کدێت ئە مەش بە یارمەتی دەنگی یاریدەدەری هەمزە [ئ]. هەروەها وشەش هەیە لە یەك بڕگە پێکهاتووە وەك(دار، بەرد..هـ تد)، لە بەر ئەوەی هەرزمانێك سیـ ستەمی تایـ بەتی خۆی هە یە بۆ داڕ شتنی قاڵبی بڕ گە و ڕیزکرد نی دەنـ گەکانی لە کاتی ئاخاوتـ ندا، فۆنۆ لۆجیش پەیوە ندی بە زمانێکی تایبەتیـ یەوە هە یە بۆ یە مەرج نییە لە هەموو زمانێکدا بزوێن

بڕگە دروست بکات، چونکە بڕگەی هەموو زمانێك سروشتی تایبەتی خۆی هە یە بۆ دروست بوون. بە شێوەیەکی گشتی لە زمانی کوردیدا بڕگەی فۆنۆلۆجی ئەوە یە کە لە تاکە بزوێنێك، یان لە بزوێنێك و نەبزوێنێك، یان زیاتر پێکدێت. ئەو بڕگا نەی لە تا کە بزوێنێك پێکدێن دەنگی هەمزە [ئـ] یان لەگەڵ د ێت، کە دەنگێکی یارمەتیدەرە و لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە بە فۆنیم دانا ندرێت (هەمزە [ئـ] لە سەرەتای ئەو وشانە یاخود ئەو بڕگانەوە دروست دەبێت، کە بە بزوێن دە ست پێدەکات ئە مەش ئەوە دە سەلمێنێ کە هەمزە فۆنیم نەبێ (ئەوڕەحمانی حاجی مارف 1986: 83).

## 7-1. دروست بوونی بڕگەی فۆنۆلۆجی:


بۆ دروست بوونی بڕگەی فۆنۆلۆجی چەند مەرجێك هەیە، کە دەبێت لە بڕگە کەدا هەبێت(گرنگترین مەرج لە بڕگەدا ئەوەیە کە نەبزوێنەکانی زمانی کوردی بە تەنیا نابنە هۆی دروست بوونی بڕگەی فۆنۆلۆجی و ناتوانن بڕگە دروست بکەن بەبێ بزوێن، کەوا تە بڕگەکانی زمانی کوردی بزوێنەکان پێکی د ێنن، کە هەریە کەیان ڕێگە بە نەبزوێنێك، یان زیاتر دەدەن بۆ ئەوەی بە شدارییان لەگە ڵدا بکەن بۆ دروستکردنی بڕگە) (محەمەدی مەحوی 2000: 22). کەواتە لە زمانی کوردیدا دروست بوونی بڕگە پەیوەستە بە بوونی بزوێنەوە، لە هەر بڕگەیەکدا بزوێن لابدەین هیچ شتێك نامێنێتەوە کە پ ێی ب ڵێین بڕگە هەر بۆ یەش (بزوێن ناوکی بڕگە یە و بڕگە بێ بزوێن نا بێ و بچوکترین بڕگەش لە بزوێنێك پێکدێت) (وریا عومەر 2004: 253). لە زمانی کورد یدا بە هیچ شێوەیەك دوو بزوێن لە بڕگەکەیدا نابێت واتە لە وشەیەکدا چەند بزوێن هەبێ ئەوە ندە بڕگەش هە یە (هەموو وشەیەك بە لا یەنی کە مەوە بڕگە یەکی تێدا یە، هەر وشەیەك چەند دەنگی بزوێنی ت ێدابێت ئەوە ندە بڕگە شی ت ێدا دە بێ، کە ڕەنگە لە پێشەوەی، یان لە دواوەی نەبزوێنێك، یان دوو نەبزوێن هەبێ بۆ بە شداریکردن لە دروست بوونی بڕگە (ئێرنست مەکارۆس 1987: 158).

## 8-1. بەشەکانی بڕگە لە زمانی کوردیدا:

بە شێوەیەکی گشتی لە زمانی کوردیدا بڕگەی فۆنۆلۆجی لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت، ئەوانیش:


1- پێش.
2- لووتکە.
3- پاش. (محمد معروف 1987: 66).

لەزمانی کوردیدا (پێش و پاش)ی بڕگە دەبێت دەنگی نەبزوێن بێ، (لوتکە)ی بڕگەش دەبێت بزوێن بێت (پێش و پاشی لوتکە هەردەم دەنگی نەبزوێن دەیگرێت، لووتکەی بڕگەش ئاسایی لە زمانی کوردیدا بزوێن پێکی دێنێت (ڕەحمان ئیسماعیل 1991: 10). هەندێك بڕگە هەیە لە زمانی کوردیدا (پێش و پاش)ی بڕگەکە لە دوو نەبزوێن پێکدێت (کۆبوونەوەی چەند دەنگێکی یەك بە شوێن یەکدا هاتوو بەبێ ئەوەی بزوێنێك جیایان بکاتەوە ئەم دیاردەیەش بە هێشوە نەبزوێن ناسراوە(محەمەد ئەمین هەورامانی 1974: 81). بێگومان (لووتکە)ی بڕگە لە هەموو زمانێکدا بزوێن پێکینایەنێت، بەڵکو دەنگی کۆنستانتیش دەتوانێت ئەم ڕۆڵە بگێڕێ(لە زۆر زماندا لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە مەرج نییە لووتکە هەر بزوێن بێت، بەڵکو دەنگی تریش هەن کە ئەم ڕۆڵە دەبینن و لووتکەی بڕگە پێکدێنن، وەك دەنگی هەژۆك [ر]، [ڕ] بەم کارە هەڵدەستن، بەڵام لە کوردیدا بڕگە نییە لووتکەکەی بزوێن نەبێ (محمد معروف 1987: 69). بەشەکانی بڕگە بەهۆی ئەو هێلکارییەوە دەخەینەڕوو:





ئەم هێلکارییەش ئەوە دەردەخات کە بڕگەی فۆنۆلۆجی لە زمانی کوردیدا ڕێگە بە(1-4) نەبزوێن دەدات کە بە شداری لە درو ستکردنی بکەن لە گەڵ بزوێنێك کە لووتکەی بڕگەکە یە، بەهۆی ئەم هێلکارییەوە چەند بڕگە یەك لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا دەخەینەڕوو، وەك:

### 1- بڕگەی (ئەشت) (VCC):





### 2- بڕگەی (تیك) (CVC):





---

[تر] دەنگی هەمزە لە ڕووی فۆنەتیکەوە بە ( پێش)ی بڕگە دادەندرێت، بەڵام لە ڕووی فۆنۆلۆجییەوە ئەم بڕگەیە هەر(لووتکە و پاش)ی دیارە.

3- بڕگەی (ئۆ)   (V):




4- بڕگەی (تا)   (CV):




جۆرەکانی تری بڕگە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا هەر هەمان نموونەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستە، چونکە یاساکانی ڕێزمان لە هەمان زمانی نەتەوەیی هەیە.

## 1-9. یاساکانی دارِشتنی قاڵبی برِگەی کوردی:

دەنگ سازەکان بۆ دەست نیشانکردنی قاڵبەکانی بڕگەی کوردی بیرو ڕا یان جیاوازە، هەریەکەیان چەند قاڵبێکیان خستۆتەڕوو، لەوانە(تۆفیق وەهبی) یەکێکە لە زمانەوانە کۆنەکانی کورد باسی بڕگەی کردووە تەنیا سێ قاڵبی بۆ بڕگە خستۆتەڕوو ئەوانیش (CV، CVC، CVCC) نموونەش بۆ ئەم قاڵبانە(کا، بار، بەرد)ی هێناوەتەوە و دەڵێ: ((لە بڕگەیەکدا نابێ لە سێ نەبزوێن زیاتر هەبێ (تۆفیق وەهبی 1929: 6). هەروەها (مەکارۆس) لە کتێبەکەیدا بە ناوی گرامەری کوردی (11) قاڵبی

بۆ بڕگەی کوردی دەست نیشانکردووە لە ناو ئەو قاڵبانەشدا ئاماژەی بۆ هاتنی سێ نەبزوێن لە دوای یەك کردووە واتە هێشوە نەبزوێنی سێی لە سەرەتاو کۆتایی بڕگە، وەك قاڵبی(CVCCC) وەك لە وشەی (ڕۆیشت)، قاڵبی(CCCV) وەك لە وشەی (تخوا)دا (McCarus 1958: 24). بەڕای لێکۆڵەر بەدوایەکدا هاتنی دوو نەبزوێن زیاتر سنوری بڕگە دەبەزێنێت و دەچێتە سنوری وشەوە هەریەك لە وشەی(ڕۆیشت، تخوا) لە دوو بڕگە پێکدێن نەك یەك بڕگە. بۆ نموونە وشەی (ڕۆیشت) دەبێتە دوو بڕگە(ڕۆ، یشت) بەم شێوەیە (CVCC، CV)، لە وشەی (تخوا) دەبێتە (تخ ، وا) ئەم دوو بڕگە یە بەم شێوەیە قاڵبەکانیان دادەڕێژرێ(CV، CVC). بێگومان قاڵبەکانی بڕگە لە هەموو زمانێکدا وەکو یەك نین و جیاوازییان هەیە بۆ نموونە لە زمانی ڕووسی و چیلی دا دەکرێ سەرەتای بڕگەکان لە نەبزوێنێك تا چوار نەبزوێن پێکبێت. دەکرێ لە زمانی ئینگلیزیدا کۆتایی بڕگە لە چوار نەبزوێن پێکبێت، وەکو بڕگەی(Sixths)، ئەو دەنگانەی کە زۆر بەرزە بۆ گوێ لێبوونی خەڵك دەنگی بزوێنەکانن کە لوتکەی بڕگە داگیردەکەن (أحمد مختار 2006: 291). بە شێوەیەکی گشتی قاڵبەکانی بڕگەی فۆنۆلۆجی کوردی لە نۆ شێوەدا دەبینرێ، وەك:

| | |
|---|---|
| CCVCC | (خوارد) |
| CCVC | (ژوان) |
| CCV | (برا) |
| CV | (تۆ) |
| CVC | (شەو) |
| V | (ئە– خۆم) |
| VC | (ئاش) |
| VCC | (ئەرك) |
| CVCC | (دەست) |

(وریا عومەر 2004: 253).

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا پێنج قاڵبی پێکهاتنی بڕگە بە پێی نموونەکانی خوارەوە بەدیدەکرێت:

| | |
|---|---|
| CVC | (کۆژ) |
| VCC | (ئەشت) |
| CVC | (کژ) |

(ئۆ) V

(تا) CV

چوار قاڵبەکەی تری بڕگە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا هەروەك دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستە، بۆ شێوەزاری خۆشناوەتیش ئەم نۆ قاڵبەی بڕگە هەیە.

## 10-1. گۆڕانی قاڵبی بڕگە:

هەروەك ئاشکرایە کە بزوێنەکان لە زمانی کورد یدا لووتکەی بڕگە پێکدێنن، ژمارەی بڕگەکان یەکسانە بە ژمارەی بزوێنەکان واتە لە وشەدا چەند بزوێن هەبێ ئەوەندە بڕگەیە هەیە، بۆیە هەر کەم و زیاد و گۆڕانێك لە فۆنیمەکاندا دەبێتە هۆی کەم و زیادی بڕگە و گۆڕانی قالبەکانی بڕگەکە لە هەمان وشەدا.

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا کۆمەڵێ وشە هەن کە بە هۆی زیادبوونی یان کەمبوونی فۆنیمەکان دەبنە هۆی گۆڕانی قالبی بڕگەکان، لەگەڵ هەمان ئەو وشانەی کە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا بەکاردێن، یان هەندێ جار زیاد و کەمی فۆنیمەکان دەبنە هۆی جیاوازی لە ژمارەی بڕگەکاندا، وەك:

(11)

| وشە لە(د.ك.ن) | قالبی بڕگە | وشە لە(ش.خ) | قالبی بڕگە | هۆی گۆڕانەکە |
|---|---|---|---|---|
| نوسی | CV/CV | نویسی | CVC/CV | هاتنە ناوەوەی /ی/ نیمچە کۆنستانت. |
| ئارد | VCC | هارد | CVCC | هاتنە ناوەوەی/ه/ی کۆنستانت. |
| چوار | CCVC | چار | CVC | لەناو چوونی /و/ نیمچە کۆنستانت. |
| یەك | CVC | ئێك | VC | لەناو چوونی/ی/ نیمچە کۆنستانت و گۆڕانی /ە/ بۆ /ێ/. |

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا جگە لە گۆڕانی قالبی بڕگە جیاوازی دەکرێت لە زیادو کەمی ژمارەی بڕگە لە هەمان وشەدا لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست. وەك:

(12)

| هۆیەکەی | ژمارەی بڕگە | وشە لە(ش.خ) | ژمارەی بڕگە | وشە لە(د.ك.ن) |
|---|---|---|---|---|
| لەناو چوونی بڕ گەی (ئەن). | گوست | گوست | ئەن/گوست | ئەنگوست |
| پە یدابوونی بڕ گەی / هێ/ بێ ئەوەی واتای وشەکە بگۆڕێ. | هێ/خس/تن | هێخستن | خس/تن | خستن |

لە شێوەزاری خۆ شناوەتیدا قاڵ بەکانی بڕ گەی(V)، (VC)، (VCC) کەم بەکاردێت، ئەمەش بەهۆی پە یدابوونی نەبزوێنی /ه/، /ع/، لە زۆر وشەدا لە سەرەتادا پە یدادەبن و قاڵبی بڕگە کە دە گۆڕن، کە چی لە د یالێکتی کرمانجی ناوەڕا ستدا ئەم قاڵبا نە زۆر بەکاردێن بەهۆی  هەمزە ی یار یدەدەر کە دەکەوێ تە پێش بزوێنە کە. بەمەش قاڵبی بڕگەکە دەگۆڕێت، وەك:

ئاسمان (CVC ،VC) ← عاسمان (CVC ،CVC)

ئاس/مان عاس/مان

دەکرێ بڵێین کە گۆڕانی وشەی وەکو (ئا سمان بۆ عا سمان) لە شێوەزارەکانەوە بووبێتە سیمای زارە سەرەکییەکە.

ئاگاداری(CV ،CV ،CV ،V) ← هاگاداری (CV ،CV ،CV ،CV)

(ئا/گا/دا/ری) (ها/گا/دا/ری).

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەو قاڵبەی بە بزوێن دەست پێدەکات لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا نەبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەندێ جار بڕگە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا بە نەبزوێن دەست پێدەکات، کەچی لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بزوێنە کە لەناودەچێ و تەنها لووتکەی بڕگەکە دەمێنێتەوە، وەك:

هاوین (CV/CVC) ← ئاوین (V/CVC)

(ها/وین) (ئا/وین)

ئەم دیاردەیە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا کە بڕگە بە بزوێن دەست پێبکات کەمتر بەکاردێت. لە کۆتا یدا دەگەینە ئەوەی کە ئەم نۆ قاڵبەی بڕگەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕا ست لە شێوەزاری خۆشناوەتیشدا بەکاردێن، تەنیا جیاوازییە کەی لە بەکارهێنانی ئەو قاڵبانە یە کە بە بزوێن دە ست پێدە کەن، ئەوا لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا کەمتر بەکاردێن.

# بەشی دووەم

# سیما مۆرفۆلۆجییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی

### 1-2. سەرەتا:

لە ناو شێوەزار و زمانی هەر نەتەوەیەکدا لا یەنی لێکچوو جیاوازی هە یە، لە هەمان کاتیشدا جیاوازی هە یە کە تایبە تە بە خۆی، ئەمە یە شێوەزار لە زمان جیادەکاتەوە و تایبەت دەبێت پێوەی لە هەمان کاتیشدا وشە و مۆرفیمی لێکچووی هەیە لەگەڵ زمانەکەدا، ئەم دوو دیاردەیە لایەنی لێکچوون و جیاوازی ڕومای لێکچوون و جیاکەرەوەی شێوەزارەکەن لە زماندا، لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا لایەنی جیاوازی لە نێوان شێوەزارەکە و دیالێکتەکەدا دەخەینەڕوو وەك (مۆرفیمەکانی ڕگەز و مۆرفیمی ناسراوی و بەشەکانی ئاخاوتن).

لە مۆرفۆلۆجیدا ئا ماژە بۆ بەشەکانی ئا خاوتن ( ناو، جێناو، هاوەڵناو، هاوەڵکار...هتد) دەکرێت، هەر بەشێکی ئاخاوتنیش تایبەتمەندی ڕێزمانی خۆی هەیە، لە سیستەمی کارکردنیان لە زماندا. شیکردنەوەی تەواوی مۆرفۆلۆجی لە هەر زمانێکدا دەبێ سێ ئەرك بەجێ بێنێ ئەوانیش:

1- دەستنیشانکردنی کەرەسە خاوەکانی مۆرفۆلۆجی کە مۆرفیمەکانن.

2- دەستنیشانکردنی چۆنیەتی ڕیز بوون و لێکدانی ئەم مۆرفیما نە لە داڕشتنی گەورەتری وەك وشە.

3- دەستنیشانکردنی مۆر فەکانی هەر مۆرفیمێ وا تە بەستنی مۆرفۆلۆجی بە فۆنۆلۆجییەوە (وریا عومەر 1987: 193).

لە بەر ئەوەی کەرەسە خاوەکانی مۆرفۆلۆجی مۆرفیمەکانن بۆیە بە پێویستی دەزانین لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا بە کورتی پێناسە و جۆرەکانی(مۆرفیم) بخەینەڕوو.

### 2-2. مۆرفیم (Morpheme):

ڕۆنانکارەکان لە بواری مۆرفۆلۆجیدا جێ پە نجەیان دیارە. گرنگترین دەستکەوتیان دۆزینەوەی ئەو ڕاستیەیە، کە وشە خاوەنی ڕۆنانێکی ناوخۆیە. لە کاتێکدا کە دێرینەکان وشەیان بە بناغەی تیۆری زمان و ڕێزمان دادەنا، ڕۆنانکارە ئەمریکییەکان ئەو ڕاستیەیان سەلماند کە وشە کەرت دەکرێ بۆ پارچەی وردتر کە واتایان ئەرکی ڕێزمانی هەبێت. بەم جۆرە ڕۆنانکارەکان مۆرفۆلۆجییان کرد بە بەشێك لە زمانەوانی و ئەرکی لێکدانەوە و ڕێکخستنی مۆرفیمیان لە ناو چوارچێوەی وشەدا

پێ سپارد (بڕوا نە: محە مەد مەعروف، سەباح ڕە شید 2006: 7). سەبارەت بە پێناسەکردنی مۆرفیم زۆر پێناسەی بۆ کراوە. لە لایەن زمانەوانانەوە لەوانە:

**مۆرفیم:** بچووکترین دانەی واتادارە، کە ئەرکی ڕێزمانی هە یە، ناتوا ندرێت لەوە زیاتر بچووکبکرێتەوە (Fromkin 1988: 114). ئەم پێنا سەیە کەموکورتی تێدا یە بەڵام دە بێ ئا ماژەش بەوەبکرێ هەمووکات کەرتکردنی و شە ناپە سەند نی یە. بۆ نموو نە وشەیەکی وەك (هات) یەك بڕگە یە، بەڵام دوو مۆرفیمە(ها، ت) وا تە لە مۆرفیمی ڕەگ (ها) و مۆرفیمی کاتی ڕا بردوو (ت) پێکهاتووە، هەر بۆ یەش هەمووکات کەرتکردنی وشە ناپەسند نییە.

## 1-2-2. جۆرەکانی مۆرفیم:

زمانەوا نەکان چەند جۆر ێك لە مۆرفیمە یان لە یەکتری جیاکردۆ تەوە، بەڵام لە هەموویان گرنگتر مۆرفیمی (بە ند و مۆرفیمی ئازاد)ە. هەر چەندە تا ئێستاش کێشە ماوە لە نێوان مۆرفیمی بەند و مۆرفیمی ئازاد بە تایبەتی سەبارەت بە وشە ئەرکییەکان و بنکەی بەندەوە.

1- مۆرفیمی ئازاد: ئەو مۆرفیمە یە کە دەتوا نێ بە شێوەیەکی سەربەخۆ و بەبێ یار یدەی کەرە سەی تر لە شوێنی و شەیەکدا بەکاربێت ( جورج یول 1385: 89)، هەروەك لە وشەی (دار، بەرد، دەست...) کە یەك مۆرفیمن و واتای سەربەخۆیان هەیە.

2- مۆرفیمی بە ند: ( ئەو مۆرفیما نەن کە سەربەخۆ بەکارنا یەن لە زمانە کەدا، دە بێ لەگەڵ کەرەسەی تردا بەکاربێن (محمد معروف 1987: 76). کەواتە مۆرفیمە بە ندەکان واتایان نییە، بەڵام ئەرکیان هەیە، مۆرفیمە بەندەکان ئەمانە دەگرنەوە:

مۆرفیمی بەند ← بنکەی بەند.
مۆرفیمی بەند ← گیرەکەکان.
مۆرفیمی بەند ← نوسەکەکان.

لێرەدا هەموو گیرەکێك مۆرفیمی بەندە، بەڵام هەموو مۆرفیمێکی بە ند مەرج نی یە گیرەك بێ. گیرەکەکان دوو جۆر پۆل کردنیان هەیە ئەوانیش:

أ- بەپێی ئەرك ← گیرەکی ڕێزمانی.
أ- بەپێی ئەرك ← گیرەکی وشەداڕێژ.

ب– بەپێی شوێنی پێوەلکان ← پێشگر.
← ناوگر(لە کوردی نییە).
← پاشگر.

بە شێوەیەکی گشتی مۆرفیم یەکەیەکی نابەرجەستەیە، بوونی تەنیا لە مێشکی قسەکەردا هەیە و هەستی پێدەکرێت، وەك بیرۆکە کاردەکات کەواتە مۆرفیم (یەکەیەکی نابەرجەستەیە، وشەیەك یان واتا یەکی نوێ دادەڕێژێ، یان ئەرکێکی ڕێزمانی هەیە (محەمەد مەعروف، سەباح ڕەشید، 2006: 12). لێرەدا مۆرفیم ئەبستراکتە و شێوە ڕاستەقینەکەی (مۆرف)ە.

لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا باس لەو بەشە ئاخاوتنانە دەکەین کە جیاوازییان تێدا دەبینرێ لە نێوان شێوەزارەکە و دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا، چونکە بەشەکانی ئاخاوتن ناوەڕۆك و کاکڵەی بنەڕەتی مۆرفۆلۆجی پێکدێنن لەو بەشە ئاخاوتنانەش:


3-2. **ناو** (Noun):

(ناو) بۆ ناسینەوەی شتێکی بەرجەستە، یان واتایی بەکاردێت (ناو ئەو وشەیەیە کە ئاماژە دەکات بە گیانلەبەرێك، یان شتێك، یان شوێن و دیاردە و بیرێك (جورج یول 1385: 104). وەك (نەوزاد، کۆتر، بەرد، خەم، هەولێر...هتد) یان دەتوانین بڵێین کە (ناو) ئەو بەشە ئاخاوتنە یە کە دەتوا نێ مۆرفیمی نا سراوی، نەنا سراوی و کۆ وەربگرێت. ئەم بەشە ئاخاوتنە پۆلێن کراوە بۆ چەند جۆرێك لەوانە لە ڕووی ناوەڕۆکەوە (گشتی، تایبەتی، کۆمەڵ)، لە ڕووی دروستبوونەوە (سادە، داڕێژراو، لێکدراو)، لە ڕووی ڕەگەزەوە (نێر، مێ، دوولایەن و بێلایەن)، لەڕووی هەبوونەوە... هتد (بڕوانە صادق بەهائەدین، 1987: 152–160). ئەم پۆلێنکردنەش ئاسایی بۆ هەموو زار و شێوەزارەکان دەست دەدات. لەم بەشە ئاخاوتنەدا ئەوەی پەیوەندی بە لێکۆڵینەوەکەوە هەیە ڕەگەزی ناوەکانە (ڕەگەزی ناو لە زۆر زمانندا بەهۆی کۆتایی و شەوە دەبێت، یاخود هەر نیشانە و خاسیەتێکی تری هەبێ کە لە یەکتریان جیابکاتەوە (ئەورەحمانی حاجی مارف 1979: 163). ئاشکرایە کە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا (ناو) لە ڕووی ڕەگەزەوە چوار جۆرە ئەوانیش (نێر، مێ، دوولایەن، بێلایەن).

له شێوەزاری خۆ شناوەتیدا ناوە کان له ڕووی ڕە گەزەوە دە کرێن به دوو جۆر ئەوانیش (نێر و مێ) ئەوەی لێرەدا جیاوازە لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست ئەوە یە کە ناوی (دوولایەنەکان و بێلایەنەکان) له شێوەزاری خۆشناوەتیدا بەهۆی هەندێ نیشانە و خاسیەتی ڕێزمانی ڕەگەزەکەیان بە لایەکدا دەکەوێ (بڕوانە: ل29).

ئەم دیاردە یەی نێر و مێی شتە بێلایەنەکان له زۆر بەی زمانەکانی دنیادا هە یە، بەڵام(نێر و مێ)ی شتە بێلایەنەکان له هەموو زمانەکاندا وەکو یەك نین، بەڵکو له هەر زمانێکدا بە ئارەزووی قسەپێکەرانی زمانەکە ڕەگەزەکانیان بۆ دیار دەکرێت ئەمەش پەیوەندی بە گونجانی ناوەکەوە هەیە، کە ئا یا لەگەڵ کام ڕەگەزدا دەگونجێت. کە دەڵێن ڕەگەزی نێر و مێ له ناوە بێلایەنەکاندا دەگۆڕێ و له هەموو زمانێکدا وەکو یەکتری نییە بۆ نموونە وشەی(ڕۆژ) له زمانی فەڕەنسیدا ناوێکی نێرە، کەچی له زمانی عەرەبیدا ناوێکی مێیە، یان وشەی (مانگ) له زمانی عەرەبیدا ناوێکی نێرە، بەڵام له زمانی فەڕەنسیدا ناوێکی مێیە (محمد رضا 1382: 34). سەبارەت بەم جیاوازییە هەندێك له زمانەوانەکان لەوانە (فندریس) ئەمە دەگەڕێنێتەوە بۆ هۆکاری ئاینی کە له کۆندا مرۆڤەکان بەم شێوەیە دەیانڕوانیە گەردوون، وەك له زمانی عەرەبیدا (ڕووبار) ناوێکی نێرە، بەڵام(بیری ئاو) ناوێکی مێیە کەچی هەردووکیان ئاون هەربۆیەش ئەمە دەگەڕێتەوە بۆ هۆکاری ئاینی و بیروڕای کەسەکان (غازی مختار 1997: 179).

له شێوەزاری خۆشناوەتیدا ڕەگەزی نێر و مێی شتە بێلایەنەکان (بێگیان)ـەکان بە ڕێژەیەکی بەرفراوان باڵی کێشاوە بەسەر ئەم شێوەزارە. بۆ زیاتر تیشك خستنە سەر ئەو بابەتە، ڕەگەزەکانی ناو له شێوەزاری خۆشناوەتیدا لەم خشتەیەدا ڕووندەکەینەوە:




خشتەی ژمارە(1)

چۆنیەتی نا سینی ڕە گەزی(نێر و مێ)ی ناوە بێلاەیە نەکان و دوولایە نەکان لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا لەم چەند خاڵەی خوارەوەدا ڕوون دەکەینەوە:

1- بەهۆی ئاوەڵناوی نیشانەوە ڕەگەزە کە دیاردەکرێت وا تە ئە گەر ناوە کە، نێر بوو ئەوا بەهۆی ئاوەڵناوی نیشانەی (ئەوی .... ەی) دەنا سرێتەوە، کە ناوە کە دەکەوێتە نێوان هەردوو کەرتی ئاوەڵناوە کەوە، ئە گەر ناوە کە مێ بوو ئەوا بە هۆی ئاوەڵناوی نیشانەی(ئەوێ...ێ) ڕەگەزە کەی دیار یدەکرێت، هەروەك لە یا سای ژ مارە(1)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژماره(1)**

[ئەو + نیشانەی ڕەگەز + ناو + پاشبەندی نیشانە + نیشانەی دۆخی بەرکاری]

ئەو + ی +بەرد/دختۆر+ ە + ی

ئەو + ێ +هەنار/دختۆر + ∅ + ێ

بۆ بەراوردکردنی ناوی بێگیانەکان و دوولایەنەکان لەگەڵ دیالێکتی ناوەڕاستدا لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونیان دەکەینەوە:

(13)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| ئەوی بەردەی بشکێنە. | ئەو بەردە بشکێنە. |
| ئەوی مامۆستایەی هات. | ئەو مامۆستایە هات. |
| ئەوێ هەنارێ بخۆ. | ئەو هەنارە بخۆ. |
| ئەوێ دختۆرێ زیرەکە. | ئەو دگتۆرە زیرەکە. |

دەربارەی ئاوەڵناوی نیشانە هەر لەم بەشەدا (بڕوانە: ل56)

2- بە هۆی نیشانەی مۆرفیمی خستنەسەرەوە ڕەگەزی (نێر و مێ)ی ناوە بێلایەنەکان و ناوە دوو لایەنەکان دیاریدەکرێت، بەم شێوەیە:

أ- ئەگەر ناوەکە نێر بوو ئەوا مۆرفیمی خستنەسەر بۆ ئەم ڕەگەزە دەبێتە(ێ)، وەك لە یاسای ژمارە(2)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(2)**

[ناو + م.خستنەسەر + ناو + نیشانەی ڕەگەز]

دەفتەر + ێ + ئازاد + ی

دختۆر + ێ + نگۆ + ∅

بۆ نموونە بەراوردی ئەم یا سایە لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا بەم شێوەیە ڕوونکراوەتەوە:

(14)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| دەفتەرێ ئازادی بینە.<br>مامۆستایێ نگۆ هات. | دەفتەری ئازاد بێنە.<br>مامۆستای ئێوە هات. |

ب- ئەگەر ناوەکە مێ بوو ئەوا مۆرفیمی خستنەسەر بۆ ئەم ڕەگەزە دەبێتە (ا) ئەمەش لە یاسای ژمارە(3)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(3)**

[ ناو + م.خستنەسەر + ناو + نیشانەی ڕەگەز.. ]

مار + ا + نەسرین + ێ ...

دختۆر + ا + نگۆ + ∅ ...

ئەم یاسایە لەگەڵ دیالێکتی ناوەڕاست لەم نموونانەدا دیاریکراوە:

(15)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| مارا نەسرینێ گەورەیە.<br>دختۆرا نگۆ هات. | ماڵی نەسرین گەورەیە.<br>دکتۆری ئێوە هات. |

3- بەهۆی مۆرفیمی دۆخی بەرکاری ڕەگەزی ناوەکان دیاریدەکرێت، کە بۆ ڕەگەزی نێر مۆرفیمی(ی) بەکاردێت و بۆ ڕەگەزی مێ مۆرفیمی (ێ) بەکاردێت، واتە بەهۆی ئەو مۆرفیما نەوە ڕە گەزی ناوە بێلایەنە کە و دوو لایەنە کە ڕووندەبێ تەوە و ڕەگەزە کە دەزانرێ، وەك لە یاسای ژمارە(4)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(4)**

[ ناو + ناو(بەرکار) + م.دۆخی بەرکاری + ... ]

ئازاد + نان + ی + ... (نان) نێر

دختۆر + هەنار + ێ + ... (هەنار) مێ

ئەم یاسایە لەم نموونانەدا بەراوردکراوە لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا:

(16)

| (د.ك.ن) | (ش.خ) |
| --- | --- |
| ئازاد نان دەخوات.<br>ئازاد هەنار دەخوات. | ئازاد نانیە خواتن.<br>ئازاد هەنارێ یە(٭) خواتن. |

سەبارەت بە مۆرفیمەکانی دۆخ بڕوانە بەشی سێیەم: ل87).

بەهۆی ئەو نموونا نەی کە با سمان کردن ڕە گەزی ناوە بێلایە نەکان و دوو لایە نەکان د یاریکراوە لە شێوەزاری خۆ شناوەتیدا، کە چی لە د یالێکتی کر مانجی ناوەڕا ستدا ناوە بێلایە نەکان و دوو لایە نەکان ڕە گەزیان دیارنیدیە. لێرەدا هەر تەنیا باسی ڕەگەزەکانی ناومان کرد، چونکە جۆرەکانی تری ناو لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بە هەمان شێوەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستە و جیاوازییان نییە.

## 2-3-1. ئەو مۆرفیمە بەندە ڕێزمانیانەی دەچنە سەر ناو:


لێرەدا چۆنیەتی فۆڕمی هە ندێ لەو مۆرفیمە بەندا نە دەخەینەڕوو کە لە بەکارهێنا ندا لە ڕووی دەر کەوتن و دەرنەکەوتنیا نەوە کە لە د یالێکتی کر مانجی ناوەڕاست و شێوەزاری خۆشناوەتیدا بەکاردێن، دەخەینەڕوو:

### 2-3-1-1. مۆرفیمی ناسراوی:

ئا شکرایە لە د یالێکتی کر مانجی ناوەڕا ستدا مۆرفیمی نا سراوی (ە کە)و ئەلۆمۆرفەکانی یەتی، کە دەکەو نە دوای ناو، ناوە کە لە نەنا سراوییەوە دە گۆڕن بۆ نا سراوی، کەوا تە مۆرفیمی نا سراوی ئەو مۆرفیمە یە کە لە گەڵ ناودا بەکاردێت بۆ ئەوەی ئەو ناوەی کە مۆرفیمەکەی چۆتە سەر دەستنیشانی بکات لەلای گوێگر (جورج یول 1385: 104).

لە زمانی کوردیدا مۆرفیمی (ەکە)ی نا سراوی چەند ئەلۆمۆرفێکی هە یە کە لە بەکارهێناندا لەگەڵ ناودا ڕوون دەبنەوە، بەم شێوەیە:

(٭) لێرەدا (یـ) ناوبەند لە نێوان دوو بزوێنی [ێ] [ە] پەیدابووە بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتری.




ئەما نەش بە ئەلۆمۆر فەکانی مۆرفیمی نا سراوی لە د یالێکتی کر مانجی ناوەڕاستدا دادەنرێن (محەمەد مەعروف، سەباح ڕەشید 2006: 16).

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بۆ نا ساندنی ناو مۆرفیمی (ەکە)ی نا سراوی نییە هەر بۆیەش بۆ ناساندنی ناو چەند دۆخێك جێبەجێ دەکرێت:

1- بەهۆی ئاوەڵناوی نیشانەوە ناوەکان نا سراو دە کرێن. لێرەدا ناوەکە دەکەوێتە نێوان هەردوو کەرتی ئاوەڵناوەکەوە. لەم بەشەدا (بڕوانە: ل57). بەم شێوەیە:

(ئەوی + کوڕ + ە + ی  ئەوی کوڕەی)

(ئەوێ + کیژ + ێ  ئەوێ کیژێ).

لێرەدا ئەمە بەهۆی ئەوەیە کە ئاوەڵناوی نیشانە ئەرکی ناساندنی ناو دەبینێ، بۆ نموونە:

| (ش.خ) | | (د.ك.ن) |
|---|---|---|
| 17- ئەوی کوڕەی |  | کوڕەکە. |
| 18- ئەوێ کیژێ |  | کچەکە. |

2- بەهۆی بەکارهێنانی مۆرفیمی دۆخ لەگەڵ ناودا ئەوا ناوەکە لە ڕستەدا دەبێ بە نا سراو ، ئەمەش ئەگەر ناوەکە لە ڕستەی ڕا بردووی تێپەڕدا دەوری بکەری گێڕا، بڕوانە بەشی سێیەم: ل87). ئەمەش بە پێی یاسای ژمارە(5) دەبێ:

**یاسای ژمارە(5)**

[ ناو + م.دۆخی بکەری + ... ]

کوڕ + ی ... (کوڕی)

ژن + ێ ... (ژنێ)

**لێرەدا بەهۆی چونەسەری مۆرفیمەکانی دۆخ ناوەکە ناسراو کراوە بۆ نموونە:**

(19)

| (ش.خ) | (د.ک.ن) |
|---|---|
| کوڕی نان خوارد.<br>ژنێ ئاو هینا. | کوڕەکە نانی خوارد.<br>ژنەکە ئاوی هێنا. |

**3- ئەگەر هاتوو لە ڕستەدا ناوەکە ڕۆڵی (بەرکار)ی هەبێ ئەوا بۆ ناسراوکردنی هیچ نیشانەیەکی پێوە نالکێ، وەك لە یاسای ژمارە(6)دا ڕوونکراوەتەوە:**

**یاسای ژمارە(6)**

[ بکەر(ناو) + بەرکار + کار ]

( ئازادی + مەڕ + فرۆت )

م.دۆخی بکەری

**ئەگەر هاتوو ئەو یاسایە لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا بەراوردبکەین ئەوا نموونەکان بەم شێوەیەیان لێدێت:**

(20)

| (ش.خ) | (د.ک.ن) |
|---|---|
| ئازادی مەڕ فرۆت.<br>نەسرینێ کتاب کڕی. | ئازاد مەڕەکەی فرۆشت.<br>نەسرین کتێبەکەی کڕی. |

**4- ئەگەر هاتوو ناوەکە ڕۆڵی تەواوکەری بەیاریدەی هەبێت لە ڕستەدا ئەوا بەهۆی مۆرفیمی ڕەگەزەوە ناسراو دەکرێت بەپێی یاسای ژمارە(7):**

**یاسای ژمارە(7)**

**[ ناو + پێشناو + ناو + م.ڕەگەز + ... ]**

**↓ ↓ ↓ ↓**

**کتاب + دە + کوڕ + ی + ...**

**کتاب + دە + کیژ + ێ + ...**

**لێرەدا وشەی (دەکوڕی)، (دەکچێ) بەرامبەر بە وشەی (لە کوڕەکە)، (لە کچەکە) دێت لە کرمانجی ناوەڕاستدا بۆ نموونە:**

(21)

| (ش.خ) | (د.ک.ن) |
|---|---|
| ئەمن کتاب دەکوڕی وەرەگرم. | ئەمن کتێبەکە لە کوڕەکە وەردەگرم. |
| ئەنگۆ دەفتەر دەکیژێ وەرەگرن. | ئێوە دەفتەرەکە لە کچەکە وەرگرن. |

**5- ئە گەر هاتوو ناوە کە لە گەڵ کاری ڕا بردووی تێنە پەڕ بەکارهات ئەوا بۆ ناسراوکردنی ئەو ناوە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا هیچ نیشانەیەك دەرنا کەوێت، کە بەپێی یاسای ژمارە(8) دەبێ:**

**یاسای ژمارە (8)**

**[ (ناو) + م.ناسیاری + کار ]**

**↓ ↓ ↓**

**کوڕ + ∅ + هات.**

**ژن + ∅ + ڕۆیشت.**

**لێرەدا ئەو یا سایەی شێوەزاری خۆ شناوەتی ئە گەر بەراوردبکرێت لە گەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا، ئەوا بەرامبەر بەم ڕستانە دەوەستن بۆ نموونە:**

(22)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| کوڕ هات. | کوڕەکە هات. |
| ژن ڕۆیشت. | ژنەکە ڕۆیشت. |

به شێوەیەکی گشتی بۆمان دەردەکەوێت که مۆرفیمی ناسراوی له شێوەزاری خۆشناوەتیدا نییە، ناوەکان به چەند ڕێگەیەکی تر ناسراو دەکرێن لەم شێوەزارەدا. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی که لەم شێوەزارەدا (ناوی گشتی و ناوی ناسراو) له یەکتری جیانەکرێنەوە، ناسیارکردنی ناوەکەش لەم شێوەزارەدا دەگەڕێتەوە بۆ مێشکی قسەکەر.

لەم شێوەزارەدا بەهۆی نەبوونی مۆرفیمی ناسراوی لەڕووی فۆڕمەوە ناوەکە مۆرفیمی ناسراوی وەرناگرێت هەر بۆیەش له نێوان ناوی گشتی و ناوی ناسراودا ناوەکان جیاوازی یان نییە و هەر یەك فۆڕم یان هەیە، وەك لەم نموونەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

(ش.خ) (د.ك.ن)

23- (کتابم بۆ بکڕە) ← (کتێبەکەم بۆ بکڕە)

↙ (کتێبم بۆ بکڕە)

واتە له دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا هەردوو فۆڕمەکە بەکاردێت، بەڵام له شێوەزاری خۆشناوەتیدا یەك فۆڕمی هەیە و مەبەستەکەش زیاتر له مێشکی قسەکەر دایە، یان بە پێی مەبەستە.

## 2-3-1-2. مۆرفیمی نەناسراوی:

مۆرفیمی سەرەکی نەناسراوی له دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا (ێك)ـه. ئەمەش هەندێ جار کورت دەبێتەوە بۆ (ێ) یان هەندێ جار (ەك) بەکاردێت بۆ نەناسراوکردنی ناوەکە، ناوەکەش کاتێ دەکرێ بە نەناسراو ئەوا تاکایەتی ناوەکەش پیشاندەدات. ئەگەر هاتوو ناوەکە بە بزوێن کۆتایی هاتبوو، ئەوا نەبزوێنی (ی) وەکو ناوبەند له نێوان ناوەکە و مۆرفیمی نەناسراوییەکە پەیدادەبێ ئەمەش بۆ جیاکردنەوەی بزوێنەکان له یەکتری پەیدادەبێ و مۆرفیمەکە دەبێت بە(یێ، ییێك، یەك)، وەك:

ماسی + ی + ێك/ێ + ەك = ماسییەك/ماسییێ.

مۆرفیمی نەنا سراوی باس لە کە سێك یان شتێکی نەنا سراو دە کات و بۆ ژمارە(یەك) دەگەڕێتەوە هەر بۆیەش تاکایەتی پیشاندەدات (مۆرفیمی نەنا سراوی لەو کاتەنەدا بەکاردێت کە لە شتێك وە یا کە سێکی نەنا سراو دەدوێت بۆ ئەوەی کە سەکە یان شتەکە جیابکاتەوە لە نێوان کۆمەڵێکی وەکو خۆی، ئەم مۆرفیمەش بۆ ژمارە( یەك) دەگەڕێتەوە (ك.ك.کوردۆییێڤ 1984: 62).

لە شێوەزاری خۆ شناوەتیدا مۆرفیمی سەرەکی نەنا سراوی (–ەك)ە، بە هیچ شێوەیەك مۆرفیمی (ێك، یٚ) بەکارنایەت، بۆ نموونە:

(24)

| نموونە لە(ش.خ) | نموونە لە (د.ك.ن) |
|---|---|
| کوڕەك هات. | کوڕێك/یٚ هات. |
| مندارەك گەمانەکاتن. | منداڵێك یاری دەکات. |
| دەرکەکن کڕی. | دەرگەیەکمان کڕی. |

لەم نموونا نەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە کە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا مۆرفیمی سەرەکی نەناسراوی (–ەك)ە، بەرامبەر (ێك، یەك) دەوەستێت لە کرمانجی ناوەڕاستدا.

### 2-3-1-3. مۆرفیمی کۆکردنەوە:

لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا مۆرفیمی سەرەکی کۆکرد نەوە (–ان)ە، لە گەڵ چەند ئەلۆمۆرفێکی تری وەك (ات، جات، وات ...) کە بە ئەلۆمۆر فە گۆڕاوە کانی نیشانەی کۆ دادەندرێن، ئەمانە دەچنە سەر ناوی گشتی و ناوە کە لە تا کەوە دە گۆڕن بۆ کۆ. لە لێکۆڵینەوەکەدا تەنیا با سی مۆرفیمی سەرەکی (–ان) دە کەین ئەو مۆرفیمە (لە کۆتایی ناو دادەندرێت بۆ کۆکردنەوە کە ئەمەش ناوەکە لە تاکەوە دەکا تە کۆ وا تە لە یە کەوە دەیکات بە دوو، یان زیاتر وەك: ڕۆژ + ان = ڕۆژان (کورد ستان موکر یانی 1989: 82) واتە لێرەدا ژمارەی ناوە کە زیاد دە کات. لە زمانی کورد یدا ناو لەڕووی ژمارەوە دوو جۆرە ئەوانیش (ناوی تاك، ناوی کۆ)یە.

**ناوی تاك:** بەو ناوانە دەوترێت کە ئاماژە بۆ تاکە کەسێك، یان تاکە شتێك دەکەن.

ناوی کۆ: ئەو ناوەیە کە ئا ماژە زیاتر لە کەس و شت و شوێنێك دە کات (عبدالعظیم قریب... و دیگران 1387: 35). لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا کاتێ مۆرفیمی (ان) دەچێتە سەر (ناو) ئەوا بەزۆری ناوەکە ناسراو دەکرێ بە مۆرفیمی (–ەکە)ی ناسراوی،

بەڵام دە شکرێ ناوە کە بەبێ مۆرفیمی (ە کە)ش کۆبکرێ تەوە، وەك (ژ نان، م ندالان، ڕۆژان)، بۆ نموونە:

25- (ژنان دەچن بۆ کانی) یان دەتوانین بڵێین:

26- (ژنەکان دەچن بۆ کانی).

کاتێ مۆرفیمی کۆکردنەوەی (-ان) دەچێتە سەر ناوێکی نا سراو ئەوا دەکەوێتە دوای مۆرفیمی(ە کە) بۆ کۆکرد نەوەی ناوە کان. وەك: (کوڕە کان، بەردەکان، مەڕەکان...هتد).

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا جگە لە مۆرفیمی (-ان)ی کۆکرد نەوە ئەوا مۆرفیمی (ن) بەکاردێت بۆ کۆکردنەوەی ناوە کان، ئە مەش دە کرێ بە ئەلۆمۆرفی مۆرفیمی (-ان) دابندرێت. بەم شێوەیەی خوارەوە:

1- لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا ئەگەر هاتوو کاری ڕستەکە ڕا بردووی تێپەڕ بوو ئەوا بۆ کۆکردنەوەی ناوەکە (-ن) دەچێتە دوای کاری ڕستەکە بەمەش کۆکردنەوەی ناوەکە دەزانرێ، هەروەك لە یاسای ژمارە(9)دا ڕوونکراوەتەوە:

یاسای ژمارە(9)

[بکەر + ناو(بەرکار) + ڕەگی کار + م.ڕابردوو + م.کۆکردنەوە]

↓ ↓ ↓ ↓ ↓

ئەتو + خانی + کڕ + ی + ن .

لێرەدا بەهۆی مۆرفیمی (ن) (خانی) بووە بە کۆی ناسراو، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا (بەرکار) و (کار) لەگەڵ یەکتریدا ڕێکدەکەون (بڕوا نە بە شی سێیەم: ل110). هەر بۆ یەش چەند نموونە یەك لە گەڵ د یالێکتی کرمانجی ناوەڕاست دەخەینەڕوو بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە، وەك:

(27)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| خانيت كڕين. | خانووەكانت كڕی. |
| ئەمن سێو[ت] خواردن. | من سێوەكانم خوارد. |

2- ئه گەر هاتوو ناوه كه له گەڵ كاری ڕا بردووی تێنه پەڕ بەكارهات ئەوا لەم شێوەزارەدا مۆرفیمی كۆكردنەوەی (-ان) دەرناكەوێت، ئەمەش بەهۆی جێناوی لكاوی كه سی سێیەمی كۆ(ن) دەزا نرێ كه ناوه كه كۆ یه، ئه مەش بەپێی یا سای ژ مارە(10) دەبێ:

**یاسای ژمارە (10)**

[ ناو(بكەر) + كار(ڕابردووی تێنەپەڕ) + ج.لكاوی ڕێككەوتن ]

↓ ↓ ↓

مندار + نووستن + ن

بۆ بەراوردكردنی ئەم یا سایە لە گەڵ د یالێكتی كر مانجی ناوەڕا ستدا چەند نموونەیەك دەخەینەڕوو:

(28)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| مندار نووستن. | منداڵەكان نووستن. |
| پیاو هاتن. | پیاوەكان هاتن. |

لێرەدا ئەگەر بوترێ (پیاو هات) ئەوا ئەم ڕستەیە بەرامبەر بە ڕستەی (پیاوه كه هات) دێت له كرمانجی ناوەڕاستدا هەر بۆیەش ناوەكه له ڕووی ژمارەوە تاكه.

3- ئه گەر هاتوو ناوه كه له گەڵ كاری ڕا نەبردووی تێنه پەڕ بەكارهات ئەوا مۆرفیمی كۆكرد نەوەی (-ان) دەرنا كەوێت، بەڵكو بەهۆی جێناوی لكاوی كه سی سێیەمی كۆ دەزانرێ كه ناوەكه كۆیه هەروەك له یاسای ژمارە(11)دا ڕوونكراوەتەوە:

---

[ت] لێرەدا هۆی دەرنەكەوتنی جێناوی لكاوی سێیەمی تاكی خاوەندێتی (م) لەبەر ئەوەیە كە بكەر لە ڕستەدا هە یە، هەر لەم بەشەدا بڕوانە(ل45)

**یاسای ژمارە(11)**

[ ناو(بکەر) + م.داهاتوو + ڕەگی کار + ج.لکاو ]

↓ ↓ ↓ ↓

کیژ + ە + چ + ن .

بۆ بەراوردکردنی ئەم یا سایەش لە گەڵ د یالێکتی کر مانجی ناوەڕا ستدا ئەو نموونانە دەخەینەڕوو:

(29)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| کیژە چن لۆ مەکتەبێ[*]. | کچەکان دەچن بۆ قوتابخانە. |
| پیاوە ڕۆن لۆ داربڕینێ. | پیاوان دەڕۆن بۆ داربڕین. |

4- لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا تەنیا ئەگەر هاتوو ناوەکە لەگەڵ کاری ڕا نەبردووی تێ پەڕ و کاری دا خوازی بەکارهات ئەوا بە هەمان شێوەی د یالێکتی کر مانجی ناوەڕا ستدا مۆرفیمی (-ان)ی کۆکرد نەوە دەردە کەوێت، ئە مەش بەپێی یا سای ژمارە(12) دەبێ:

**یاسای ژمارە(12)**

[ بکەر + بەرکار + م.کۆکردنەوە + کار ]

ئەمن + کوڕ + ان + ئەنێرم ...

∅ + دار + ان + ئاودە.

ئەم یا سایەش بەهۆی ئەم نموونا نەی خوارەوە لە گەڵ د یالێکتی کر مانجی ناوەڕاستدا ڕووندەکەینەوە:

(30)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| ئەمن کوڕانە نێرم لۆ ئیش کردنێ. | من کوڕەکان دەنێرم بۆ کارکردن. |

[*] لێرەدا بزوێنی [ێ] نیشانەیە بۆ ڕەگەزی مێ.

| | |
|---|---|
| داران ئاودە. | دارەکان ئاودە. |

کەوا تە بەهۆی ئەم یا سایانە بۆ مان دەردە کەوێت کە کۆکرد نەوەی ناو لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بەم ڕێگایانە دەبێت:

1- لە شێوەزاری خۆ شناوەتیدا هە ندێ جار مۆرفیمی (ن) بۆ کۆکرد نەوەی ناو بەکاردێت، ئەمەش لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا.

2- لە هە ندێ جێ گەی تردا بۆ کۆکرد نەوەی ناو لە شێوەزارەکەدا مۆرفیمی(ان)ی کۆکرد نەوە بەدیارنا کەوێت، بەڵکو بەهۆی جێ ناوی لکاوی کە سی سێیەمی تاکی ڕێککەوتن دەزانرێ کە ناوەکە کۆیە.

3- مۆرفیمی (ان)ی کۆکرد نەوە لە شێوەزارەکەدا تەنیا ئە گەر کاری ڕ ستەکە ڕا نەبردووی تێ پەڕ، یان کاری دا خوازی ب ێت ئەوا ئەم مۆرفیمە بە هەمان شێوەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا دەردەکەوێت.

## 2-4. **جێناو** (Pronoun):

جێناو بەشێکە لە بەشەکانی ئاخاوتن، ڕۆڵێکی دیار و بەرچاو دەبینێ لە زما ندا، لە جێ گەی ناوی کە سێك د ێت و دەبێ تە جێ گرەوەی ناو. بۆ نموو نە لە د یالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا بە کەسی یەکەمی تاك دەوترێت (من) کەوا هێما یە بۆ قسەکەر، چونکە ئەو کە سە بەم جێ ناوە دەنا سرێ لە زمانە کەدا. کەوا تە **جێناو**: و شەیەکە لە شوێنی ناوی کە سێك بەکاردێت ( جك رێ چارد و دێ گران 1375: 450). جێ ناو ئەگەرچی لە (ناو، ئاوەڵناو، ژمارە)ەوە نزیکە و لە ڕووی وا تاوە پەیوە ندی پێیا نەوە هە یە، بەڵام گروپێ کی سەربەخۆیە. لە لا یەنی وا تاوە جێ ناو خا سیەتی ئەوە یە کە جێگەی پەیوەندی واتای گشتی نێوان ئەو شتانە دەکاتەوە کە لە واقیعی جیهاندا هەن. هەر بۆیەش دەتوانین بڵێین کە جێناو لە جێگەی ناوێك لە ڕستەدا دێت و هەمان ئەرکی ناوەکە دەبینێ. جێ ناو چەند جۆرێکی هە یە، لەم بە شەی لێکۆڵینەوە کەدا با سی ئەو جێناوا نە دە کەین کە جیاوازی یان تێ یدا دەبینرێ لە نێوان شێوەزارەکە و د یالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا:

### 2-4-1. جێناوی کەسی سەربەخۆ:

جێناوەکان لە جیاتی هەرسێ کەسەکانی (یەکەم، دووەم و سێیەم)ی تاك و کۆ لە ڕ ستە و دەربڕینەکا ندا ڕۆڵ دەگ ێڕن (جێ ناو پەیوە ندی کەس بەراز بەر قسەکەر و

به شداریکەری ق سه نیز شاندەدات، سێ کەس لە گفتو گۆدا دەردە خات ئەوانیش (قسەکەر) کە جێناوی کەسی یەکەم ڕادەگەیەنێ، (گوێگر) جێناوی کەسی دووەمە وا تە ئەو کەسەیە کە قسەکەر لەگەڵی دەدوێ، (نائا مادە) جێناوی کە سی سێیەمە وا تە ئەو کەسەیە لە گفتوگۆدا بە شدار نابێت و کە سانی تر با سی دە کەن (بڕوا نە ئەوڕەحمانی حاجی مارف 1986–أ: 225). لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا یەك کۆمەڵە جێناوی کەسی سەربەخۆ هەیە(وریا عومەر 1987: 193)، وەك لەم خشتەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

| ج.سەربەخۆ(د.ك.ن) | کەس | ژمارە |
|---|---|---|
| من | 1 | تاك |
| تۆ | 2 | |
| ئەو | 3 | |
| ئێمە | 1 | کۆ |
| ئێوە | 2 | |
| ئەوان | 3 | |

خشتەی ژمارە(2)

### 2–4–2. جێناوی کەسی سەربەخۆ لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا:

لە شێوەزاری خۆ شناوەتیدا دوو کۆمە ڵە جێ ناوی کە سی سەربەخۆ هە یە ( ئەم جێناوا نەش تێکەڵییە کە لە ن ێوان هەردوو د یالێکتی ناوەڕا ست و د یالێکتی باکوردا (عە بدوڵڵا حو سێن، 2000: 44). کۆمە ڵەی یە کەم جێ ناوە کە سییە سەربەخۆکانی (ئاسایی)یە، وەك: لەم خشتەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

| ژمارە | کەس | ج.کەسی سەربەخۆ |
|---|---|---|
| تاك | 1 | ئەمن/ئەز[*] |
| | 2 | ئەتو |
| | 3 | ئەو(ی) بۆ نێر |

[*] ئەز: تەنیا لە گوندی (هەرتەل) بەکاردێت.

| | | |
|---|---|---|
| ئەو(ێ) بۆ مێ | | |
| ئەمە | 1 | کۆ |
| ئەنگۆ | 2 | |
| ئەوان | 3 | |

خشتەی ژمارە(3)

ئەو کۆمەڵەیە وەکو فرەیزێکی ناوی ئەرکی (بکەر، بەرکار، جێگری بکەر) دەبینن لە ڕستەدا. (بڕوانە بەشی سێیەم، ل 99).

کۆمەڵەی دووەمی جێناوە کەسییە سەربەخۆکان لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بە کۆمەڵەی(خاوەندێتی) ناسراون، وەك لەم خشتەیەدا ڕوونکراوەتەوە:

| ج.کەسی سەربەخۆ | کەس | ژمارە |
|---|---|---|
| من | 1 | تاك |
| تو | 2 | |
| (وی)/بۆ نێر<br>(وێ)/ بۆ مێ | 3 | |
| مە | 1 | کۆ |
| نگۆ | 2 | |
| وان | 3 | |

خشتەی ژمارە (4)

ئەو کۆمەڵە یەش ئەرکی (دیار خەر، تەواو کەری بەیار یدە، تەواو کەری کاری ناتەواو) دەبینن لە ڕستەدا، بە هیچ شێوەیەك لە سەرەتای ڕستەدا نایەن (بڕوانە بەشی سێیەم، ل108). جیاوازی هەردوو کۆمەڵە جێناوە کەسییە سەربەخۆکە لەوەدایە کە کۆمەڵەی(ئا سایی) پێشگری (ئە)ی لەگەڵدا بەکاردێت، هەرچی کۆمەڵەی (خاوەنیدیە) ئەم پێشگرەی لەگەڵدا بەکارنایەت.

## 2–4–3. جێناوی کەسی لکاو:

لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا دوو کۆمەڵە جێناوی کەسی لکاو هەیە(وریا عومەر 2004: 333)، وەك لەم خشتەیەدا ڕوونکراونەتەوە:

| ژمارە | کەس | ج.لکاو A | ج.لکاو B |
| --- | --- | --- | --- |
| تاك | 1 | م | م |
| | 2 | ت | یت |
| | 3 | ی | ∅ – ێت/ێ □ ات |
| کۆ | 1 | مان | ین |
| | 2 | تان | ن |
| | 3 | یان | ن |

خشتەی ژمارە (5)

جێناوە لکاوەکان لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بە هەمان شێوەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست دوو کۆمەڵەن، وەك لەم خشتەیەدا ڕوونکراونەتەوە:

| ژمارە | کەس | ج.لکاو A | ج.لکاو B |
| --- | --- | --- | --- |
| تاك | 1 | م | م |
| | 2 | ت | ی |
| | 3 | ی | ∅ – ێ (ێتن)<br>ی (یتن) □ ا (اتن) |
| کۆ | 1 | ن | ین |
| | 2 | و | ن |
| | 3 | یان | ن |

خشتەی ژمارە (6)

لەم خشتەیەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی (A) لە کەسی یەکەم و دووەمی کۆدا جیاوازن لەگەڵ جێناوە لکاوەکانی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست، لە ڕووی بەکارهێنانەوە، هەروەکو جێناوەکانی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست تەنیا لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕدا بەکاردێن، بۆ نموونە:

(31)

| (د.ك.ن) | (ش.خ) |
|---|---|
| خواردم | خواردم |
| خواردت | خواردت |
| خواردی | خواردی |
| خواردمان | خواردن |
| خواردتان | خواردو |
| خواردیان | خواردیان |

جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی خاوەندێتی لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا چەند تایبەتمەندییەکیان هەیە کە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا نییە، وەك:

1- ئەگەر هاتوو جێناوی کەسی سەربەخۆ لە ڕستەی کاری ڕابردووی تێپەڕدا هەبوو ئەوا جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی خاوەندێتی لە ڕستەدا نامێنن، هەورەك لە یاسای ژمارە(13)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(13)**

[ ج.کەسی سەربەخۆ + بەرکار + ج.لکاوی خاوەندێتی+ ڕەگی کار + م.ڕابردوو ]

ئەمن + سێو + ∅ + کڕ + ی .

ئەمەش لەم نموونانەی خوارەوەدا لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا بەراورد کراوە:

(32)

| (ش.خ) | (د.ک.ن) |
|---|---|
| ئەمن | من نانم خوارد. |
| ئەتو | تۆ نانت خوارد. |
| ئەوی/ئەویٚ نان خوارد. | ئەو نانی خوارد. |
| ئەمە | ئێمە نانمان خوارد. |
| ئەنگۆ | ئێوە نانتان خوارد. |
| ئەوان | ئەوان نانیان خوارد. |

**2- لەگەڵ جێناوی خۆییدا ئەگەر هاتوو کاری ڕستەکە ڕا نەبردووی تێپەڕبوو ئەوا جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی خاوەندێتی لە ڕستەدا نامێنن، هەروەك لە یاسای ژمارە(14)دا ڕوونکراوەتەوە:**

**یاسای ژمارە(14)**

**[ بەرکار + م.خستنەپاڵ + ج.خۆیی + ج.لکاوی خاوەندێتی + ... ]**

**مندار + ێ + خۆ + ∅ + ...**

**بۆ نموونەی ئەم یاسایە (بڕوانە: ل51)**

**3- ئەگەر هاتوو لە ڕستەدا جێناوی خۆیی لە جۆری جەخت کردن بوو ئەوا جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی خاوەندێتی لە ڕستەی کاری ڕابردووی تێنەپەڕ دەرنا کەون، وەك لە یاسای ژمارە(15)دا ڕوونکراوەتەوە:**

**یاسای ژمارە(15)**

**[ ج.خۆیی + ج.خاوەندێتی + کاری ڕابردووی تێنەپەڕ ]**

**بەخۆ + ∅ + هاتین.**

لـ ێرەدا بەهۆی جێ ناوی لـ کاوی ڕێککەوتـ نەوە دەزا نرێ کە بـ کەر لە چ کەس و ژمارەیەکدا یە (بڕوا نە ل:55). بە شێوەیەکی گـ شتی جێ ناوە لکاوە کانی کۆمە ڵەی خاوە ندێتی وە کو جێ ناوە لکاوە کانی د یالێکتی ناوەڕا ست بەهێزنین و لە ڕ ستەدا دەرنا کەون ئە گەر جێ ناوی کە سی سەربەخۆ هەبێت، بەڵام ئە گەر جێ ناوی کە سی سەربەخۆ لە ڕستەدا نەبوو ئەوا لە ڕستەدا دەردەکەون، بۆ نموونە:

33– (نانم خوارد).

34– (نانن خوارد).

35– (نانو خوارد).

## 2–4–3–1. جێ ناوە لکاوە کانی کۆمە ڵەی (B) ڕێک کەوتن لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا:

ئەم کۆمە ڵە جێ ناوە لە شێوەزارەکەدا بە هەمان شێوەی د یالێکتی کر مانجی ناوەڕاست لەگەڵ هەموو جۆرەکانی کاردا بەکاردێن جگە لە کاری ڕابردووی تێپەڕ.

سەبارەت بە جێناوی لـکاوی کە سی سێیەمی تاك لە شێوەزاری خۆ شناوەتیدا چەند ئەلۆمۆرفێکی هە یە وەك (ی، یتن، یٚ، یٚتن، ا، ا تن) بەکارهێنانی ئەم ئەلۆمۆرفا نەش لە کاتی قـسەکردندا لە لا یەن قـسەکەرەوە دەردە کەوێت، لە گەڵ کاری ڕانەبردوودا، هەروەك لە یاسای ژمارە(16)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(16)**

[ ج.کەسی + نیشانەی ڕەگەز + ناوبەند + م.ڕانەبردوو + ڕەگی کار + ج.لکاوی ]

سەربەخۆ ... ڕێککەوتن

ئەو + ی/یٚ + یـ + ئە/ئا(تر) + چ + ی/یتن .

سەبارەت بە ئەلۆمۆرفەکانی (ا–اتن، یٚ/یٚتن) بەم شێوەیە بەکاردێن:

1– ئەگەر هاتوو ڕەگی کار کۆتایی بە بزوێنی ""ۆ"" هاتبوو ئەوا هەمان یاسای سەرەوە بەکاردێت تەنیا جێناوی لکاوی ڕێککەوتنی (ا، اتن) دەردەکەوێت.

---

(تر) دەربارەی مۆرفمیەکانی کاتی ڕانەبردوو هەر لەم بەشەدا بڕوانە: ل64.

2- له گەڵ چاوگی ( هاتن) ئەوا ئەلۆمۆر فەکانی (یَ/ یێتن) دەردە کەون. بەکارهێنانی ئەلۆمۆرفەکانی کەسی سێیەمی تاك لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بە بەراورد لەگەڵ دیالێکتی ناوەڕاستدا لەم چەند نموونەی خوارەوەدا دەخەینەڕوو:

(36)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| ئەوییە چی/چیێتن. | ئەو دەچیَ/ دەچیێت. |
| ئەوێیە خوا/خواتن. | ئەو دەخوا/ دەخوات. |
| ئەویا دیَ/ دیێتن. | ئەو دیَ/ دیێت. |

لەم نموونەدا بۆمان دەردەکەوێت کە:

1- جێناوی لکاوی (ی، یتن) (کەسی سێیەمی تاك) لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بەکارنایەن لە بەرامبەریاندا (یَ، یێت) بەکاردێن.

2- جێناوی لکاوی (اتن، یێتن) کە لە شێوەزارەکەدا بەکاردێن لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا لە بەرامبەریاندا (ات، یێت) بەکاردێت.

## 2-4-4. جێناوی کەسی خۆیی:

جێناوی خۆیی جۆرێکە لە جۆرەکانی جێناو لە ڕووی واتاوە خاوەندیەتی و خاوەنداری دەگەیەنێت (جێناوی خۆیی لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا فۆڕمی ( خۆ)ی بۆ بەکاردێت، واتای خاوەندێتی دەبەخشێت و بە جێناوی لکاوی خاوەندێتی یەوە دەلکێت (ك.ك. کوردۆییێڤ 1984: 153). لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا جێناوی خۆیی لەگەڵ هەرسێ کەسی (یەکەم، دووەم و سێیەم)ی تاك و کۆ بەکاردێت و جێناوە لکاوەکانیش بە کۆتایی فۆڕمی( خۆ)وە دەلکێن، وەك: ( خۆم، خۆت، خۆی، خۆمان، خۆتان و خۆیان).

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا جگە لە فۆڕمی(خۆ) ئەوا فۆڕمی(بەخۆ)ش بەکاردێت، ئەمەش فۆڕمێکی ناسادەیە. واتە جێناوی کەسی خۆیی لە شێوەزارەکەدا دوو فۆڕمی هەیە، وەك (خۆ، بەخۆ). جێناوی خۆیی سێ جۆری هەیە ئەوانیش:

1- جەخت کردن. (بەخۆ).

2- خاوەندێتی. (خۆ).

3- ڕەنگدەرەوە. (بەخۆ)، (خۆ).

بەکارهێنانی فۆڕ مەکانی جێ ناوی کە سی خۆیی ئەم شێوەزارە لە ڕ ستەدا ڕووندەبێتەوە، بەم شێوانەی خوارەوە:

1- ئە گەر هاتوو جێ ناوی کە سی خۆیی( جەخت کردن) ڕۆ ڵی ب کەری گ ێڕا ئەوا فۆڕمی( بەخۆ) وەردەگر ێت لە گەڵ کاری ڕا بردووی تێ پەڕدا هەروەك لە یا سای ژمارە(17)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(17)**

[ پێشگر + ج.خۆیی + ج.لکاوی خاوەندێتی+ کار + ج.لکاوی خاوەندێتی ]

به + خۆ + م / ن + خوارد + ∅ .

لەم یاسایەدا جێناوە لکاوەکانی دوای کاری ڕابردووی تێپەڕ دەرناکەون. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی خاوە ندێتی، وە کو جێناوە کانی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بەهێزنین لە ڕووی دەرکەوتنەوە، بۆ نموونە:

(37)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| بەخۆم خوارد. | خۆم خواردم. |
| بەخۆن هینا. | خۆمان هێنامان. |
| بەخۆم شوشت. | خۆم شوشتم. |

2- ئەگەر هاتوو جێناوی کە سی خۆیی ڕۆ ڵی بکەری گ ێڕا و بە وا تای جەخت کردن هات ئەوا جێ ناوە لکاوە کانی کۆمە ڵەی خاوە ندێتی دەرنا کەون لە ڕ ستەدا، بەهۆی جێنای لکاوی کۆمەڵەی ڕێککەوتن کە بەدوای کاری ڕابردووی تێنەپەڕەوە دەلکێن ئەوا دەزا نرێ کە کە سەکە لە چ کەس و ژمارەیەکدا یە. ئە مەش بەپێی یا سای ژ مارە(18) دەبێ:

**یاسای ژمارە(18)**

[ پێشگر + ج.خۆیی + ج.لکاوی خاوەندێتی+ کار + ج.لکاوی ڕێککەوتن ]

بە + خۆ + ∅ + هات + ین .

ئەم یاسایە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا بەم شێوەیە دەردەکەوێت:

[ ج.خۆیی + ج.لکاوی خاوەندێتی+ کار + ج.لکاوی ڕێککەوتن ]

خۆ + مان + هات + ین .

کەواتە لە دیالێکتی ناوەڕاستدا جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی خاوەندێتی دەبێ هەر بەدوای جێناوی(خۆیی) یەوە بلکێن بەڵام لە شێوەزارەکەدا مەرج نیە جێناوە لکاوەکانی خاوەندێتی بەدوای جێناوی خۆیی یەوە بلکێن، هەروەك لەم نموونانەدا ڕوونکراوەتەوە:

(38)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| بەخۆ هاتین. | خۆمان هاتین. |
| بەخۆ نوست. | خۆی نووست. |

3- لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا ئەگەر هاتوو جێناوی کەسی خۆیی ڕۆڵی دیارخەری گێڕا ئەوا فۆرمی ( خۆ) بەکاردێت، واتە بە هەمان شێوەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستە، واتە جێناوە کە لە جۆری خاوەندێتی دەبێت، هەروەك لە یاسای ژمارە(19)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(19)**

[ ناو + م.دۆخی خستنەپاڵ + ج.خۆیی+ ج.لکاوی خاوەندێتی + کار ]

کوڕ + ێ + خۆ + ن + هات .

کیژ + ا + خۆ + ن + هات .

4- له شێوەزاری خۆشناوەتیدا ئەگەر هاتوو جێناوی کەسی خۆیی جۆری خاوەندێتی لە گەڵ کاری ڕا نەبردوودا بەکارهات و ڕۆ ڵی دیار خەری ناوی گ یڕا ئەوا جێ ناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی خاوەندێتی لە دوای جێناوی کەسی خۆیی دەرنا کەون، بەڵام لە د یالێکتی کرمانجی ناوەڕا ستدا جێناوی لکاوی خاوە ندێتی لەگەڵ جێناوی کەسی خۆیی هەموو کات دەردە کەون. هەروەك لە یا سای ژ مارە(20)دا ڕوونکراوە تەوە بەرامبەر بە شێوەزاری خۆشناوەتی:

**یاسای ژمارە(20)**

| ناو | + م.دۆخی خستنەپاڵ | + ج.خۆیی | + ج.لکاوی خاوەندێتی | + ... |
|---|---|---|---|---|
| منداڵ + | ی + | خۆ + | م + | .... (د.ك.ن). |
| مندار + | ێ + | خۆ + | $\varnothing$ + | ... (ش.خ) . |

بۆ ئەم مەبەستەش چەند نموونەیەك دەخەینەڕوو:

(39)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| منداریێ خۆ ئەنێرمە مەکەتەبێ.<br>باوێ خۆ ئەچتە سەیرانێ. | منداڵی خۆم دەنێرمە قوتابخانە.<br>باوکی خۆمان دەچێتە سەیران. |

5- ئەگەر هاتوو جێناوی کەسی خۆیی لە جۆری ڕەنگدەرەوە بوو ئەوا لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا هەردوو فۆڕمی (بەخۆ) (خۆ) بەکاردێت، کەچی لە د یالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا هەریەك فۆڕمی هەیە لە هەموو بارەکاندا. تەنیا ئەوە یە کە لەم شێوەزارەدا جێناوی لکاوی خاوەندێتی بە فۆڕمی (بەخۆ)وە نالکێ، وەك:

40- (بەخۆ خۆم کوشت) (خۆم خۆم کوشت)

(ش.خ) (د.ك.ن)

جێناوی خۆیی لە ڕستەدا ئەگەر هاتوو لا شی بدەین ئەوا وا تای ڕستەکە تێکنا چێت، بەڵام مەبە ستی بەکارهێنان و نەهێنانی دەگۆڕ یت کە جەختکردنە کە نامێنێت، بۆ نموونە:

41- (ئەمن بەخۆ هاتم) ← (ئەمن هاتم)

بە شێوەیەکی گشتی لەم نموونانەدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە:

1- له شێوەزاری خۆشناوەتیدا جێناوی کەسی خۆیی دوو فۆڕمی هەیە ئەوانیش (بەخۆ، خۆ)ن، هەرچی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستە تەنیا یەك فۆڕمی هەیە ئەویش (خۆ)یە.

2- لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا هەموو کات جێناوە لکاوەکانی خاوەندێتی بەدوای جێناوی کەسی خۆیی دەلکێن، بەڵام لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا مەرج نییە هەموو کات جێناوە لکاوەکانی خاوەندێتی بەدوای جێناوی کەسی خۆییەوە بلکێن.

## 2-4-5. جێناوی هەیی:


ئەمەش جۆرێکە لە جۆرەکانی جێناو، واتای خاوەندێتی دەگەیەنێ واتە (شتێك دەکات بە هی کەسێك و هەم جێگەی شتەکەش دەگرێتەوە (صادق بەها ئەدین 1987: 232)، خاوەنی شتەکە دەکرێت ناو بێت یان جێناو، لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا جێناوی هەیی دوو فۆڕمی سەرەکی هەیە ئەوانیش: (هی/ ئی)ن. ئەم جێناوە تایبەتیەتی خۆی هەیە کە لە جێناوەکانی تردا ئەو تایبەتیە نییە، ئەویش ئەوەیە کە( ئەم جێناوە ناتوانێ جێناوی لکاو یان مۆرفیمی (ش/ یش)... وەربگرێ (ئەورەحمانی حاجی مارف 1987: 280).

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا جێناوی هەیی دوو فۆڕمی هەیە ئەوانیش (ئی، ئێ) ئەمەش بەپێی ڕەگەزی شتەکە دەگۆڕێ و بە گوێرەی یاساکانی ڕێککەوتن ڕوون دەبێتەوە سەبارەت بە ڕێککەوتنی کەرەستەکان (بڕوانە بەشی سێیەم، ل109).

ڕەگەزی جێناوی هەیی لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بەم شێوانە دیاریدەکرێت:

1- جێناوی (ئی) بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێت و دەبێتە هۆی دروست بوونی ڕێککەوتن لە نێوان ڕەگەزی ناوەکە و جێناوی هەیی دا، هەروەکو لە یاسای ژمارە(21)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(21)**



**لێرەدا ڕێککەوتن دروست دەبێت لە نێوان ناوەکە و جێناوەکە بە هۆی ڕەگەزی ناوەکەوە، بۆ نموونە:**

(42)

| **(د.ک.ن)** | **(ش.خ)** |
| --- | --- |
| **ئەسپەکە هی منە.** | **ئەسپ ئی منە.** |
| **خانووەکە هی ئێوەیە.** | **خانوو ئی نگۆیە.** |

**2– ئەگەر هاتوو ناوەکە مێ بوو ئەوا لەم شێوەزارەدا جێناوی (ئێ) بەکاردێت، کە لە یاسای ژمارە(22)دا ڕوونکراوەتەوە:**

**یاسای ژمارە(22)**

[ ناو + ج.هەیی + ..... ]

↓ ↓

**ماین + ئێ + .....**

**مێ ج.ڕەگەزی مێ**

**ئەمەش دەبێتە هۆی ڕێککەوتن لە نێوان ناوەکە و جێناوەکەدا، کە بە گوێرەی ڕەگەزی ناوەکە جێناوەکە دادەندرێت، بۆ نموونە:**

(43)

| **(د.ک.ن)** | **(ش.خ)** |
| --- | --- |
| **ماینەکە هی ئازادە.** | **ماین ئێ ئازادیە[ت].** |
| **ماڵەکە هی/ئی ئەوانە.** | **مار ئێ وانە.** |

**لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بەڕای لێکۆڵەر جێناوی هەیی با شتروایە پێی بوترێ جێناوی(ئەیی).**

---

[ت] **لێرەدا بزوێنی [یـ] نیشانەی ڕەگەزی نێرە کە چۆتە سەر ناوی (ئازاد).**

به شێوەیەکی گشتی جێناوی هەیی لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بە گوێرەی ڕەگەزی ناوەکە دادەنرێت، چونکە ناوی بێلایەن لەم شێوەزارەدا بەدی ناکرێ، ئەمەش بە پ یوەرێکی سینتاکسی ڕەگەزی ناوەکە بە لایەکدا دەکەوێت. ئەم جێناوە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا بێلایەنە و پەیوەندی بە ڕەگەزی ناوەکەوە نییە.

### 5-2. ئاوەڵناو (Adjective):

ئاوەڵناو دەبێتە دیارخەری ناو، لایەنێکی ناوەکە ڕووندەکاتەوە وەك چۆنیەتی و خاسیەت و نیشانە (ئاوەڵناو) لە سروشتدا ڕۆڵی دیارخەری خاسیەتی ناو دەبینێ، هەروەها دەتوانێ وەك بەشێکی گوزارە خۆی بنوێنێ، لە ڕووی فۆرمەوە ئاوەڵناو هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ناودا نییە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف 1988: 138) واتە هیچ نیشانەیەکی ڕێزمانی نییە لە زمانی کوردیدا (ئاوەڵناو، ناو) لە یەکتری جیابکاتەوە. بۆ جیاکردنەوەی ئەم بەشە ئاخاوتنە لەگەڵ ناودا پشت بە واتا و ئەرکەکەی دەبەسترێ لە ڕستەدا. جیاوازی شێوەزاری خۆشناوەتی لەگەڵ کرمانجی ناوەڕاستدا لەم بەشە ئاخاوتنەدا بەزۆری جیاوازی دەنگسازیی یان فەرهەنگییە، وەك لەم خاڵانەدا ڕوودیان دەکەینەوە:

1- لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا هەندێ ئاوەڵناو هەن لەڕووی درکاندنەوە جیاوازن، بەڵام ڕەگیان یەکە، وەك:

(44)

| ئاوەڵناو لە(ش.خ) | ئاوەڵناو لە (د.ك.ن) | هۆی جیاوازییەکە |
|---|---|---|
| ڕۆناك | ڕوناك | دەنگسازییە. |
| هورد | ورد | دەنگسازییە. |
| نێزیك | نزیك | دەنگسازییە. |
| سۆر | سور | دەنگسازییە. |
| کۆر | کوێر | دەنگسازییە. |
| کەون | کۆن | دەنگسازییە. |
| چرکن | چڵکن | دەنگسازییە. |
| هشیار | وشیار | دەنگسازییە. |

سەبارەت بە جیاوازی فۆنیمەکان (بڕوانە بەشی یەکەم: ل9).

2- له جیاوازی فەرهەنگیدا هەندێ جار وشەیەکی عەرەبی بەکاردێت لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا کە لە ڕووی ڕەگەوە جیاوازن لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا، وەك:

(45)

| ئاوەڵناو لە(ش.خ) | ئاوەڵناو لە(د.ك.ن) | هۆی جیاوازییەکە |
|---|---|---|
| زەریف | خۆش | فەرهەنگییە. |
| قەیم | توند | زمانی ترە. |
| بە ئیستفادە | بەسود | زمانی ترە. |
| ئاقر | ژیر | زمانی ترە. |

3- هەندێ ئاوەڵناوی تر هەن لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بە هەمان شێوەی کرمانجی ناوەڕاست لەڕووی فۆڕمەوە جیاوازییان نییە، وەك: (جوان، درێژ، باش...).

4- لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا کاتێ ئاوەڵناو وەك بەشێکی گوزارە خۆی دەنوێنێ ئەوا نیشانەی تایبەتی ڕەگەزی نێر و مێی ناوە کە دەکەوێتە پێش ئاوەڵناوەکەوە ئەمەش دەبێتە هۆی ڕێککەوتن لە نێوان نیشانەکە و ڕەگەزی ناوە کە لە ڕستەدا، نیشانەکانیش بەم شێوانە دەردەکەون لە ڕستەدا:

أ- نیشانەی(ئی) بۆ ڕەگەزی نێر بەکاردێت لە ڕستەدا، دەکەوێتە پێش ئاوەڵناوەکەوە. ئەمەش بەپێی یاسای ژمارە(23) دەبێ:

**یاسای ژمارە(23)**

[ ناوی نێر + نیشانەی ڕەگەز + ئاوەڵناو + کاری ناتەواو ]

↓ ↓ ↓ ↓

ئازاد + ئی + زیرەك + ە/بوو/ەبی

ڕێککەوتن لە ڕووی ڕەگەزەوە

ب- نیشانەی ( ئە) بۆ ڕەگەزی مێ بەکاردێت لە ڕستەدا، دەکەوێتە پێش ئاوەڵناوەکەوە، بەپێی یاسای ژمارە(24) دەبێ:

**یاسای ژمارە(24)**

[ ناوی مێ + نیشانەی ڕەگەز + ئاوەڵناو + کاری ناتەواو ]

↓ ↓ ↓ ↓

نەسرین + ئە + جوان + ە/بوو/ەبی

ڕێککەوتن لە نێوان نیشانەکە و ناوە مێیەکە ڕوویداوە.

لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا بە هیچ شێوەیەك ئەم نیشانانە بەکارنا یەن بۆ ڕەگەزی ناو بۆ نموونە:

(46)

| (د.ك.ن) | (ش.خ) |
|---|---|
| نەسرین جوانە/بوو. | نەسرین ئە جوانە/بوو. |
| ئازاد زیرەکە/بوو. | ئازاد ئی زیرەکە/بوو. |

## 2-5-1. ئاوەڵناوی نیشانە:

بەو ئاوەڵناوانە دەوترێت کە دەستنیشانی کەسێك، یان شتێك دەکەن لە ڕستەدا (ئەو هاوەڵناوانەن کە کەسێك یان شتێکیان پێ دەستنیشان دەکرێ، وەك: ئەم کچە (صادق بەها ئەدین 1987: 289). ئاوەڵناوەکانی نیشانە هەمیشە دەبنە دوو کەرت، کەرتێکیان دەکەوێتە پێش ناوەکە و کەرتەکەی تریشیان دەکەوێتە دوای ناوەکە، هەردوو کەرتەکەش بەیەکەوە دەبنە دیارخەری ناوەکە، هەر ناوێکیش بە ئاوەڵناوی نیشانە دەستنیشان بکرێت ئەوا دەبێتە ناوێکی ناسراو. لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا ئاوەڵناوەکانی نیشانە بریتین لە:

(ئەم ... ە) (بۆ تاکی نێر و مێی نزیك بەکاردێ).

(ئەو ... ە) (بۆ تاکی نێر و مێی دوور بەکاردێ).

(ئەم ... انە) (بۆ کۆی نێر و مێی نزیك بەکاردێ).

(ئەو ... انە) (بۆ کۆی نێر و مێی دوور بەکاردێ).

لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست هیچ جیاوازی ناکرێت لە نێوان نێر و مێی ناوەکانی دەبنە دیارخراوی ئاوەڵناوی نیشانەکە.

ئاوەڵناوەکانی نیشانە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بۆ (تاکی نێر و مێی دوور و نزیك) بە گوێرەی ڕەگەزی ناوە دیارخراوەکە لە یەکتری جیادەکرێنەوە و جیاوازیان لەگەڵ (د.ك.ن)دا هە یە بەوەی کە  ئەو  بۆ دوورە لە (د.ك.ن)، کە چی  ئەو  لە شێوەزاری خۆشناوەتییدا بۆ دوور و نزیك بەکاردێت بەم شێوانەی خوارەوە:

**1– ئاوەڵناوی نیشانەی (ئەوی ... ەی) بۆ تاکی ناوی نێری نزیك بەکاردێت، وەك لە یاسای ژمارە(25)دا ڕوونکراوەتەوە:**

**یاسای ژمارە(25)**

**[ج.کەس+ نیشانەی ڕەگەزی نێر + ناو + پاشبەندی نیشانە + نیشانەی دۆخی بەرکاری]**

↓ ↓ ↓ ↓ ↓

**ئەو+ ی + کوڕ + ە + ی .**

**ئەو+ ی + دار + ە + ی .**

**2– ئاوەڵناوی نیشانەی (ئەوێ ... ێ) بۆ ناوی مێی تاکی نزیك بەکاردێت، وەك لە یاسای ژمارە(26)دا ڕوونکراوەتەوە:**

**یاسای ژمارە(26)**

**[ج.کەس + نیشانەی ڕەگەزی مێ + ناو + پاشبەندی نیشانە + نیشانەی دۆخی بەرکاری]**

↓ ↓ ↓ ↓ ↓

**ئەو+ ێ + کیژ + ∅ + ێ .**

**ئەو+ ێ + مار + ∅ + ێ .**

**لە یاسای ژمارە (25)دا تێبینی ئەوە دەکرێ کە پاشبەندی نیشانەی [ە] لەگەڵ [ی] ناڕوات ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هەردوو بزوێنەکە [ە] [ی] بزوێنی کورتن، بەڵام لە یاسای ژمارە(26)دا پاشبەندی نیشانەی [ە] لەگەڵ بزوێنی [ێ] نامێنێ، ئەمەش دیاردەیەکی فۆنۆلۆجییە، چونکە بزوێنی [ێ] بزوێنێکی درێژە، دەبێتە هۆی ئەوەی کە بزوێنی [ە]ی کورت لە ناوبچێ. لێرەدا ئاوەڵناوی نیشانەی تاکی نێر و مێی نزیك لەم چەند نموونەیەدا لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا بەراورد دەکەین:**

(47)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| ئەوی کوڕەی دار بڕی. | ئەم کوڕە دارەکەی بڕی. |
| ئەوی دۆیەی بینە. | ئەم دۆیە بێنە. |
| ئەوێ کیژێ جلك شوشت. | ئەم کچە جلەکەی شوشت. |
| ترۆمبێلێ ببە ئەوێ مارێ. | ئوتومبێلەکە ببە ئەم ماڵە. |

3- ئاوەڵناوی نیشانەی (ئەوان ... ان) بۆ کۆی نێر و مێی نزیك بەکاردێت، هەروەك لە یاسای ژمارە(27)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(27)**

ئەوان + ناو + م.کۆکردنەوە.

↓ ↓ ↓

ئەوان + کوڕ + ان .

ئەوان + ژن + ان .

ئەم یا سایە بە بەراورد لە گەڵ د یالێکتی کر مانجی ناوەڕا ستدا لەم چەند نموونانەی خوارەوەدا ڕووندەکەینەوە:

(48)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| ئەوان کوڕان گەمانەکەن(*). | ئەم کوڕانە یاری دەکەن. |
| ئەوان کیژان هاتن. | ئەم کچانە هاتن. |

دیسانەوە ئەو لە (ش.خ) بۆ نزیك بەکارهاتووە.

4- ئاوەڵناوی نیشانە بۆ تاکی نێر و مێی دوور بە هۆی ڕەگەزەکانیەوە دەگۆڕێت و نیشانەکانیان جیاوازن، بۆ تاکی نێری دوور ئاوەڵناوی نیشانەی ( ئەو... ێ هێ) بەکاردێت، بۆ تاکی مێی دوور ئاوەڵناوی نیشانەی (ئەو... ا هێ) بەکاردێت، هەر وەك لە یاسای ژمارە(28)دا ڕوونکراونەتەوە:

**یاسای ژمارە(28)**

[ ج.کەس + ناو + نیشانەی ڕەگەز + م.پاشبەندی نیشانە ]

↓ ↓ ↓ ↓

ئەو + کوڕ + ێ + هێ .

ئەو + کیژ + ا + هێ .

لێرەدا ئەم یا سایە بە هۆی ئەم نموونانەی خوارەوە لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بەراورد دەکەین:

(*) لێرەدا (گەمان + ئەکەن) ← (گەمانەکەن)، ئەمەش بۆ کاری ڕانەبردوو بەکاردێت. (ئە) لەناوچووە بۆ ئاسانی دەربڕین، بڕوانە ل62.

(49)

| (د.ك.ن) | (ش.خ) |
|---|---|
| ئەو کوڕە لەگەڵ ئێمە هات. | ئەو کوڕێهێ دەگەمە هات. |
| ئەو بەردە بشکێنە. | ئەو بەردێهێ بشکێنە. |
| ئەو ژنە دایکی ئەوانە. | ئەو ژناهێ داکاوانە. |
| ئەو دارە ئاودە. | ئەو داراهێ ئاودە. |

5- ئاوەڵناوی نیشانەی (ئەو... ێهێ) بۆ کۆی نێر و مێی دوور بەکاردێت، هەروەك لە یاسای ژمارە(29)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(29)**

[ ج.کەس + ناو + م.کۆکردنەوە + م.پاشبەندی نیشانە ]

ئەو + کوڕ + ان + ێهێ .

ئەو + ژن + ان + ێهێ .

بۆ بەراوردکردنی ئەم یاسایە لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا لەم چەند نموونەی خوارەوەدا ڕووندەکەینەوە:

(50)

| (د.ك.ن) | (ش.خ) |
|---|---|
| ئەو پیاوانە ڕۆیشتن. | ئەو پیاوانێهێ ڕۆیشتن. |
| ئەو خانووانە بفرۆشە. | ئەو خانیا نێهێ بفرۆشە. |
| ئەو ژنانە هاتن. | ئەو ژنا نێهێ هاتن. |
| ئەو گوڵانە ئاودە. | ئەو گورانێهێ ئاودە. |

لەم نموونا نەدا بۆ مان ڕووندەبێ تەوە کە ئاوەڵ ناوی نی شانە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بەپێی ڕەگەزی ناوە دیارخراوەکەوە دیاریدەکرێت و جیاوازییان هەیە،

بەڵام لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا ئاوەڵناوی نیشانە بۆ ڕەگەزی نێر و مێ هیچ جیاوازییەکیان نییە.

## 6-2. مۆرفۆسینتاکسییەکانی کار:

کار وەکو بەشێکی گرنگ لە پێکهێنانی ڕستەدا بەرامبەر بە ناو دەوەستێ و بە فرەیزی کاری ئاماژەی بۆ دەکرێ. بناغەی ڕستە (کار)ە، زمان بەبێ (کار) ناتوانێ بە تەواوی ڕۆڵی خۆی ببینێ، بەشە ئاخاوتنێکی گرنگ و چالاکی زمانە (کار کە چەمکی ڕوودان لەخۆدەگرێت، چەند لایەنێکی دیارخەری تایبەتی لێکدانەبڕاوی هەیە و بە کاتەگۆڕییەکانی مۆرفۆلۆجی ئامارژەی گشتی ناودەبرێت و مۆرفیمە وشەگۆڕەکانی کات(tens)، ئەسپێکت(Aspect)، ڕووکار (mood) دەیان نوێنن (ئەبوبەکر عومەر 2003: 60).

### 2–6–1. کات(tens)[®]: کاتی ڕوودانی کارێکە لە ڕێگەی نیشانە مۆرفۆلۆجییەکانی،

وەکو گیرەکی ڕێزمانی ئامارژەی پێدەکرێت. کاتی ڕێزمانی کاتەگۆڕیەکی ڕێزمانییە و (کاتی ڕابردوو، ڕانەبردوو) وەك پەیوەندیەکی جیا کەرەوەی را ستەوخۆی کاتە، زمانەوانەکان لە خستنەڕووی یاسای کاتدا زیاتر پشت بە شێوەکانی ڕابردوو، ڕانەبردوو دەبەستن (بڕوانە: Trask 1993: 274-276) لەگەڵ ئەوەی کاتی ڕێزمانی: ڕابردوو، ڕانەبردوو، داهاتووە، بەڵام لە زۆربەی زمانەکاندا تەنیا فۆرمی ڕابردوو، ڕانەبردوو دیاریکراوە، ئەمەش بۆتە ڕێگەخۆشکەرێك بۆ زمانەوانەکان لە جیاکردنەوەی شێوە و ئەرك لە شیکردنەوەی کاتدا (Katamba 1993: 22)، چونکە فۆرمەکانی کات ڕۆنانی مۆرفۆلۆجی جیاوازیان هەیە.

### 2–6–1–1. کات لە زمانی کوردیدا:

کات لە زمانی کوردیدا بەپێی ڕۆنانی مۆرفۆلۆجی دوو فۆرمی سەرەکی هەیە ئەوانیش: (کاتی ڕابردوو، کاتی ڕانەبردوو)ە. دابەشکردنی ئەم دوو جۆرە کاتە ڕێزمانییە لە ڕێگەی ئەو فۆرمە مۆرفۆلۆجییانەوە دەبێت کە ئەرکی سینتاکسی بە شێوەیەکی کاریگەرانە نیشاندەدەن، واتە جیاوازییان لە بەرامبەرکردنی فۆرمەکانیاندا دەردەکەوێت.

### 1– کاتی ڕابردوو:

---

[®] مەبەست لە(tens) کاتی ڕێزمانییە، نەك کات بە واتای (time).

کاتی ڕا بردوو ئەو کاتە یە کە ڕووداوە کەی دەکەوێ تە پێش ئاخاوتنەوە، وا تە کارە کە ڕوو یداوە ( کاتی ڕا بردوو ئەو کاتە یە کە پڕۆتسێدسی ڕوودانە کەی پێش ئاخاوتن بکەوێ ( ئەوڕەحمانی حاجی مارف 2000: 200). کاتی ڕا بردوو لە زمانی کورد یدا چوار جۆرە ئەوانیش (ڕا بردووی نز یك، بەردەوام، تەواو و دوور)ن. ئەم جۆرانەی کار (مۆرفیمەکانی کات دەیان نوێنن، کە بریتین لە: (د، ت، ا، ی، و) لە هەمان کاتیشدا سا ڕوودان لە ڕێگەی ئەسپێکتەکانەوە ئەم جۆرانەی کار بە شێوەیەکی ڕێك و پێك ورد دەکرێنەوە لە بەرامبەرکردنی فۆڕمەکانیا ندا (ئەبوبەکر عومەر 2003: 61). مۆرفیمەکانی کاتی ڕابردوو بەدوای ڕەگی کارەوە دەلکێن، کە بەپێی یاسای ژمارە(30) دەبێ:

**یاسای ژمارە(30)**

[ ڕەگی کار + م.کاتی ڕابردوو ]

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| کێڵ | + | ا | □ | کێڵا |
| مر | + | د | □ | مرد |
| کڕ | + | ی | □ | کڕی. |
| چ | + | وو | □ | چوو. |
| فرۆش | + | ت | □ | فرۆشت. |

سەبارەت بە جۆرەکانی کاری ڕا بردوو لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا تەنیا (کاری ڕا بردووی بەردەوام و ڕا بردوی تەواو) جیاوازیان هە یە لە گەڵ د یالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا، جیاوازییەکانیش تەنیا لەڕووی (فۆنۆلۆجی)یەوەیە. ئەم جیاوازییانەش لە ڕێگەی ئەسپێکتەکانەوە ڕووندەکرێنەوە (بڕوانە: ل63).

## 2- کاتی ڕانەبردوو:

کاتی ڕانەبردوو ئەو کاتەیە کە ڕووداوێك لە کاتی ئاخاوتن، یان لە دوای ئاخاوتن پیشاندەدات (کاتی ڕا نەبردوو بریتیە لە کاتی دوای کاتی ئێستا وا تە ئەو کا تەی لە دوای دە می ئا خاوتن ڕوودەدات (عە بدوڵڵا حو سێن 1995: 116). ل ێرەدا مەبە ستی نوو سەر لەم پێنا سەیەدا کاتی دا هاتووە، چونکە کاتی ڕا نەبردوو دوو کاتی هە یە ئەوانیش (ئێ ستا و دا هاتوو)ن. لە بە شێکی زۆری زما نەکانی دنیادا ئەم دوو کا تە فۆڕمی جیاوازیان هەیە. لە د یالێکتی کرمانجی ناوەڕا ستدا لەڕووی فۆڕمەوە هەردوو

کاتەکە یەك ئەسپێکتیان هەیە و جیاوازی لە نێوانیاندا نییە، چونکە کات لە ڕەگی کاردا تواوەتەوە. هەربۆیەش بۆ جیاکردنەوەی کاتی ئێستا و داهاتوو لەم دیالێکتەدا هیچ نیشانەیەکی مۆرفۆلۆجی نییە، بەڵکو لە کاتی ئاخاوتندا هاوەڵکارەکانی کاتی ڕۆڵی ئەسپێکت دەبینن لە خستنەڕووی کاتەکەدا و کاتی ڕوودان دیاریدەکەن و ڕوونکردنەوەی وردتر لەسەر کاتی ڕوودان دەخەنەڕوو (لە کاتی ئاخاوتندا بە هۆی هاوەڵکاری کاتی (وا، ئەوا، ئێستا...هتد) ئەوا کاتی ئێستا دیاریدەکرێت، بەهۆی هاوەڵکاری (سبەی، ساڵێکی دی، هاوینێ...هتد) لە ڕستەدا ئەوا کاتی داهاتووی کاری ڕانەبردوو دەزانرێت (ئەوڕەحمانی حاجی مارف 2000: 196-198). لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا ئەسپێکتی (دە) دەکەوێتە پێش ڕەگی کارەوە.

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا هەردوو کاتی (ئێستا و داهاتوو)ی کاری ڕانەبردوو فۆڕمی تایبەت بە خۆیان هەیە بۆ جیاکردنەوەیان لە یەکتری. لەم شێوەزارەدا ئەسپێکتی کاتی (ئێستا و داهاتوو) بەکاردێت، واتە پێویست بە بوونی هاوەڵکار ناکات بۆ ئەوەی کاتەکان لە یەکتری جیابکرێنەوە. بۆ ئەم مەبەستەش لەم شێوەزارەدا ئەسپێکتی (ئە) وەکو مۆرفیمی کاتی داهاتوو بەکاردێت و ئەسپێکتی(ئا) وەکو مۆرفیمی کاتی ئێستا بەکاردێت و هەریەك لەم ئەسپێکتانەش دەکەونە پێش ڕەگی کارەوە. (بڕوانە: ل63).

## 2-6-2. ئەسپێکت (Aspect):

ئەسپێکتەکان چەند مۆرفێکیان هەیە، کە هەموویان لەژێر زاراوەی گیرەکی ڕێزمانی کۆدەبنەوە. مەبەست لە گیرەکی ڕێزمانی (ئەو مۆرفیمانەن کە دەچنە سەر وشە بۆ دەربڕینی پەیوەندی ئەم وشەیە و وشەکانی تر لە ناو چوارچێوەی ڕستەدا (وریا عومەر 1982: 89) گیرەکە ڕێزمانیەکانیش بریتین لە (مۆرفیمی بەردەوامی، دووبارەکردنەوە...هتد). ئەم ئەسپێکتانە وەکو کەرەستەی مۆرفۆسینتاکسی لەژێر دەسەڵاتی کارەکاندا چالاکی دەنوێنن بەمەش (ئەسپێکت ئەو کاتیگۆڕیانەن، کە وەکو دیارخەری کار بەکاردێن لە وەسفی ڕێزمانی کاردا و بەرامبەر (کات و ڕووکار) ئاماژە بە کار دەکەن، بە جۆرێك کە ڕێگەی بەرامبەرکردن لە فۆڕمی تەواو و ناتەواو دروستدەکەن (Crystal 1992: 27). ئەسپێکتەکانی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بریتین لەك دە، ووە/وو، ە، ەوە (ئەبو بەکر عومەر 2003: 63). لێرەدا تەنیا ئەو ئەسپێکتانە دیاریدەکەین کە جیاوازن لەگەڵ شێوەزاری خۆشناوەتیدا.

ئەسپێکتەکان لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بریتین لە:

(ئەسپێکت)

(ئە/ئا) (یە/یـ) (ۆ)

م.بەردەوامی و ڕانەبردوو م.تەواو م.دووبارەکردنەوە.

لـ ێرەدا ئە سپێکتەکان لە ذ ێوان د یالێکتی کر مانجی ناوەڕا ست و شێوەزاری خۆشناوەتیدا دەخەینەڕوو:

**1– ئەسپێکتی (دە) ← (ئە)(ئا)**

**ئەم ئەسپێکتە:**

**أ– لەپێش بناغەی کاری ڕابردوو دێت و سەرەتای دەستپێکردنی ڕوودان دیاریدەکات، بە شداری فۆڕمی ڕا بردووی بەردەوام دە کات. لە شێوەزاری خۆ شناوەتیدا تەنیا ئەسپێکتی (ئە) لەگەڵ کاری ڕابردووی بەردەوامدا دێت، جیاوازی ئەم ئەسپێکتە لەگەڵ د یالێکتی کر مانجی ناوەڕا ستدا تەنیا جـ یاوازی فۆنۆلۆجیـ یە (بڕوا نە بە شی یە کەم: ل17). ئەم ئە سپێکتە لە د یالێکتی کر مانجی ناوەڕا ستدا لە یا سای ژ مارە(31)دا دەخەینەڕوو:**

**یاسای ژمارە(31)**

[م.بەردەوامی و ڕانەبردوو + ڕەگی کار+م.ڕابردوو  کاری ڕابردووی بەردەوام]

دە + نووس + ی  دەنووسی .

ئەم یاسایە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا دەبێتە:

[م.بەردەوامی و ڕانەبردوو + ڕەگی کار+م.ڕابردوو  کاری ڕابردووی بەردەوام]

ئە + نویس + ی  ئەنویسی .

وەك لەم نموونەی خوارەوەدا بەراوردکراوە:

(51)

| (د.ك.ن) | (ش.خ) |
|---|---|
| من دەهاتمە لای ئێوە. | ئەمنە[*] هاتمە کنە نگۆ. |
| نانتان دەخوارد. | نانوە خوارد. |

ب– ئەسپێکتی (دە) لە پێش ڕەگی کاری ڕانەبردوو دێت و سەرەتای دەستپێکردن دەنوێنێت، ئەم ئەسپێکتە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا دوو فۆڕمی هەیە ئەوانیش: (ئە، ئا)ن، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە کاتی (ئێستا و داهاتوو) لە یەکتری جیابکرێتەوە، بەڵام لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا هەر ئەسپێکتی (دە) بەکاردێت بۆ یە پێویستمان بە ئاوەڵکاری کاتیە بۆ جیاکردنەوەی هەردوو کاتی (ئێستا و داهاتوو). لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا کاری ڕانەبردوو لە یاسای ژمارە(32) ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(32)**

[ م. بەردەوامی و ڕانەبردوو + ڕەگی کار + ج.لکاوی ڕێککەوتن ]

↓ ↓ ↓

دە + چ + ین .

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا ئەم یاسایە بە دوو شێوە دەردەکەوێت، وەك:

[ م.ئێستایی + ڕەگی کار + ج.لکاوی ڕێککەوتن ]

↓ ↓ ↓

ئا + چ + ین .

[ م.داهاتوو + ڕەگی کار + ج.لکاوی ڕێککەوتن ]

↓ ↓ ↓

ئە + ڕۆ + ن .

بۆ ئەم یاسایانەش چەند نموونەیەك دەخەینەڕوو، وەك:

---

[*] (ئەمن + ئەهاتم) ← (ئەمنە هاتم) لێرەدا دەنگی هەمزە [ئـ] نامێنێ.

(52)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| ئەنگۆ ئە[تر]چنە هەولێرێ. | ئێوە دەچنە هەولێر. |
| ئەمنا[ير] ڕۆم لۆ مارێ. | من دەڕۆم بۆماڵەوە. |

له شێوەزاری خۆ شناوەتیدا تەنیا کاری ڕا نەبردووی چاوگی (هێنان) لەم دەستورە لادەدات و مۆرفیمی کاتی ئێستا و داهاتووی تێدا بەدیارناکەوێت بۆیە لێرەدا دەبێت پەنابەرینە بەر ئاوەڵکاری کاتی. کاری ڕانەبردوو لەم چاوگەدا بەپێی یاسای ژمارە(33) دەبێ:

**یاسای ژمارە(33)**

[ م.ڕانەبردوو + ڕەگی کار + ج.لکاوی ڕێککەوتن ]

↓ ↓ ↓

د + ین + م.

بۆ نموونە: (53)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| ئەلحان کتابان دینم. | ئێستا کتێبەکان دەهێنم. |
| ماذ گەکی دی م ندااران دینمە ئێرە. | مانگێکی تر مندا ڵەکان دەهێنمە ئێرە. |

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە بە هۆی ئاوەڵکاری کاتی (ئەلحان) بۆ کاتی ئێستا و (مانگەکی دی) بۆ کاتی داهاتوو کاتی ئێستا و داهاتوو زانراوە. ئەمەش تەنیا لە چاوگی(هاتن) ئەم دیاردەیە ڕوودەدات و لەم دەستورە لادەدات.

2- **ئەسپێکتی (وە، ووە/وو)**: ئەم ئەسپێکتە لە شێوەزارەکەدا دەبێتە ( یە، ییە/ یـ) ئەمەش دیاردەیەکی فۆنۆلۆجیە (بڕوانە بەشی یەکەم ل10). ئەم ئەسپێکتە دەچێتە دوای کاری ڕابردووی ڕووت و کاری ڕابردووی تەواو دادەڕێژێت، فۆڕمی (ووە،ییە) لەم

---

[تر] ( ئەنگۆ + ئە چنە) لێرەدا دەنگی هەمزە [ ئ] لەناونە چووە چونکە وەکو ناوبەند دوو بزوێنی لە یەکتری جیاکردۆتەوە.

[ير] (ئەمن + ئاڕۆم) ← (ئەمنا ڕۆم) لێرەدا [ئ] لەناوچووە.

کاتەدا دروست دەبێت ئەگەر هاتوو کاری ڕابردووی ڕووت کۆتایی بە نەبزوێنی [د، ت] بێت. ئەم ئەسپێکتە لە کاتی داڕشتنی کاری ڕابردووی تەواو بە چەند شێوەیەك دەردەکەوێت، وەك:

1- ئەگەر هاتوو کارەکە ڕابردووی تەواوی تێپەڕ بوو ئەوا لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا بەپێی یاسای ژمارە(34) دەبێ:

**یاسای ژمارە(34)**

[ڕەگی ڕابردوو+ م.کات + م.تەواو + ج.خاوەندێتی+ م.ئێستایی + ج.ڕێککەوتن]

(بەرکار) (بکەر)

خوار + د + وو + م + ە + ∅.

خوار + د + وو + ی + ە + تی .

خوار + د + وو + م + ∅ + ن .

لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا مۆرفیمی (ە)ی ئێستایی لەگەڵ هەموو کەسەکاندا دەردەکەوێت، تەنیا ئەگەر هاتوو جێناوی بەرکار کەسی سێیەمی کۆ بێت ئەوا دەرناکەوێت، جگە لەوەش لەگەڵ کەسی سێیەمی تاکدا ناوبەندی(ت) دەکەوێتە نێوان مۆرفیمی ئێستایی و جێناوی بەرکار.

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا کاری ڕابردووی تەواوی تێپەڕ بەپێی یاسای ژمارە(35) دەبێ:

**یاسای ژمارە(35)**

[ڕەگی ڕابردوو+ م.کات + م.تەواو + ناوبەند + ج.بەرکار + م.بکەر + م.ئێستایی]

(ڕێککەوتن) (خاوەندێتی)

خوار + د + ێ + ت + ∅ + م + ∅.

خوار + د + ێ + ت + ن + م + ∅ .

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا لەبەر ئەوەی لە کاری ڕابردووی تێپەڕدا ڕێککەوتنی کەرەستەکانی ڕستە لە نێوان بەرکار و کاردا دەبێت بۆیە جێناوی بەرکار بە پێش

جێناوی بکەری خاوەندێتی دەکەوێت. (بڕوانە بەشی سێیەم، ل110). ئەم یاسایە لەم چەند نموونەیەدا ڕووندەکەینەوە:

(54)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| خواردیتم. | خواردوومە. |
| خواردیتنم. | خواردوومن. |

2- ئەگەر هاتوو کاری ڕستەکە ڕابردووی تێنەپەڕ بوو ئەوا یاسای داڕشتنی کاری ڕابردووی تەواو لە شێوەزارەکە و دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا یەك شێوەیە، تەنیا جیاوازییان لە دەرکەوتن و دەرنەکەوتنی مۆرفیمی (ە)ی کاتی ئێستایە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا، بەپێی یاسای ژمارە(36) دەبێ:

**یاسای ژمارە(36)**

[ ڕەگی ڕابردوو+م.کات+ م.تەواو + ج.بکەر(ڕێککەوتن) + م.ئێستایی ]

سوت + ا + و + م + ∅ .

سوت + ا + و + ∅ + ە .

لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا مۆرفیمی کاتی ئێستا بە گوێرەی ئەم یاسایە تەنیا لەگەڵ کەسی سێیەمی تاکدا دەردەکەوێت وەك لە کاری ڕابردووی تەواوی (سوتاوە)دا، بەڵام لە کەسەکانی تردا مۆرفیمەکە دەرناکەوێت وەك (سوتاوم، سوتاون، سوتاوین...).

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا لە کاری (تێنەپەڕ)دا مۆرفیمی (ە) ئێستایی لەگەڵ هەموو کەسەکاندا دەردەکەوێت، بە پێچەوانەی کاری تێپەڕ کە ئەو مۆرفیمەی تێدا دەرناکەوێت، یاسای داڕشتنی کاری ڕابردووی تەواوی تێنەپەڕ لە شێوەزارەکەدا بەپێی یاسای ژمارە(37) دەبێ:

**یاسای ژمارە(37)**

[ ڕەگی ڕابردوو+ م.کات + م.تەواو + ج.بکەر(ڕێککەوتن) + م.ئێستایی ]

سۆت + ا + یـ + م–ین–ن + ە .

سۆت + ا + یـ + ∅ + ە .

له شێوەزاری خۆشناوەتیدا یەکێك لە تایبەتییەکانی کاری ڕابردووی تەواوی تێپەڕ ئەوەیە کە کاتێ (ناو) یان (جێناو) ڕۆڵی بەرکار دەبینێت ئەوا بەدوای بەرکارەکە نیشانەی (ا) دێت کە بە (نیشانەی بەرکاری)(*) دادەنرێت ئەم نیشانەیەش تەنیا لە باری (ئەرێنی) کرداری ڕابردووی تەواوی تێپەردا دەردەکەوێت، بەپێ یاسای ژمارە(38) دەبێ:

**یاسای ژمارە(38)**

[ بکەر + بەرکار + نیشانەی بەرکاری + کاری ڕابردووی تەواوی تێپەڕ ]

ئەمن + نان + ا + خواردییە .

ئەم نیشانەیە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا دەرناکەوێت. بۆ نموونە:

(55)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| نەسرینێ ئەویا کوشتییە. | نەسرین ئەوی کوشتووە. |
| ئازادی کتابا لۆنگۆ هینایە. | ئازاد کتێبی بۆ ئێوە هێناوە. |

ئەم نیشانەیەی بەرکاریە ئەگەر هاتوو بەرکاریش لە ڕستەدا نەبێت ئەوا هەردەمێنێ و بەدوای بکەرەوە دەلکێ بۆ نموونە:

(56)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| ئەمنا خواردییە. | من خواردوومە. |
| ئەتوا هینایە. | تۆ هێناوتە. |

**4- ئەسپێکتی (ەوە/وە):** ئەم ئەسپێکتە لەدیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا وەکو پاشگرێك دەلکێ بە کۆتایی کاری ڕابردووی ڕووتەوە، ئەمەش بۆ چەند مەبەستێك ( ئەو مۆرفیمەوا تای: دووبارەکردنەوە، گەڕانەوە و سەرلەنوێ دەبەخشێت

(*) بەڕای لێکۆلەر نیشانەی بەرکاری (ا) لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا لەوانەیە بەرامبەر بە(را)ی مفعولی فارسی بوەستێ وەك (کتاب را خریدم).

(ک.ک.کوردۆییێڤ، 1984: 210). ئەم ئەسپێکتە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا دەگۆڕێت بۆ (ۆ)، واتە (ەوە ← ۆ). بۆ نموونە:

(57)

| (د.ک.ن) | (ش.خ) |
|---|---|
| هاتەوە | هاتۆ |
| دێنمەوە | دینمۆ |
| خواردەوە | خواردۆ |

ئەو ئەسپێکتە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا هەمیشە وەکو پاشگر دەردەکەوێت.

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا ئەم ئەسپێکتە لەگەڵ کاری داخوازیدا وەکو پێشگر بەکاردێت و شوێنی مۆرفیمی دا خوازی (ب) دەگرێتەوە بە مەرجێك کاری دا خوازی کۆتایی بە مۆرفیمی(ەوە) هاتبێت، بۆ نموونە:

(58)

| (د.ک.ن) | (ش.خ) |
|---|---|
| بنووسەوە. | وەنوویسە. |
| بخۆوە. | وەخۆ. |
| بشارەوە. | وەشێرە. |

لەم نموونا نەدا بۆ مان دەردە کەوێت کە ئە سپێکتی (ەوە) لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا جگە لە پاشگر ئەوا هەندێ جار لە شوێنی پێشگریش بەکاردێت بەڵام بە فۆڕمی (وە) دەردەکەوێت.

## 3-6-2. ڕووکار (Mood):

ڕوو کار یەکێ کە لە سیفەتەکانی کار و لە فرە یزی کار یدا دەردە کەوێت، کە (دۆخێکی سینتاکسی نیشاندەدات و هەستی قسەکەر بەرامبەر ڕاستی ڕوودانی کارێك دەخا تەڕوو کە لە ڕێگەی چەند گیرەکێکی ڕێزمانی جێبەجێ بوون، یان جێبەجێ نەبوون، فەرما ندان و مەرج و خۆزگەیی کارەکە دیاریدەکات (رضا زمرد یان 1379: 91). کەواتە ڕووکارەکان بریتین لە هەستی قسەکەر بەرامبەر بە ڕاستی ڕوودان، یان

کار لە ڕوانگەی ئەنجامدان و جێبەجێ بوون، یان جێبەجێ نەبوونی کارەوە (ئەبوبەکر عومەر 2003: 67).

ڕووکارەکان بە شێوەیەکی گشتی بریتین لە:

(ڕووکارەکان)

(هەواڵ) (خۆزگە) (مەرج و گومان) (دانانی) داخوازی(فەرماندان)

لە لێکۆڵینەوەکەدا ئەو ڕووکارانە باس دەکەین کە جیاوازییان تێدا بەدی دەکرێ لە نێوان دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست و شێوەزاری خۆشناوەتیدا.

## 1- ڕووکاری دانانی:

ئەم ڕووکارە ڕاستەوخۆ ئەنجامی ئەو هەواڵەی کە دەیداتە پاڵ کەسێ، یان شتێ نا یدات بە دە ستەوە، بەڵکو لە شێوەی (گو مان، ئارەزوو□ه تد) مەبە ستەکەی دەردەکەوێت لەم ڕووکارە (وشەکانی خۆزگە، بریا، دەبوا یە،□) لە ڕستەکەدا بەکاردێن ( نەریمان عە بدوڵڵا 2009: 74) وا تە ئەم ڕوو کارە ئەم ڕوودا نە ڕادەگە یەنێ کە لە واقیعدا جێبەجێ ناکرێن، بەڵام لە هەل و مەرجێکی ناسراودا دەکرێ جێبەجێ بکرێن. لەم ڕوو کارەدا نیـ شانەکانی (ب، با، ا یە) بە شداری لە داڕ شتنی دا دە کەن ئەم نیشانانەش بۆ کاری ڕابردوو ڕانەبردووی دانانی بەکاردێن بەم شێوەیەی خوارەوە، لەم خشتەیەدا ڕووندەکراوەتەوە(*):

| | کار | نیشانەی دانانی |
|---|---|---|
| 1- | ڕابردووی نزیکی دانانی(کردبام). | با |
| 2- | ڕابردووی بەردەوامی دانانی (بمکردایە). | ب □ ایە |
| 3- | ڕابردووی دووری دانانی (کردبوومایە). | بوو □ ایە |
| 4- | ڕابردووی تەواوی دانانی (کردبم). | ب |

خشتەی ژمارە (7)

(*) بۆ ئەم خشتەیە سوود وەرگیراوە لە (ئەوڕەحمانی حاجی مارف 1989: 66).

**جیاوازی ئەم ڕووکارە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا تەنیا لە ڕووکاری (ڕابردووی بەردەوام، دوور) دایە. بۆ ئەم مەبەستەش ئەم یاسایانە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا دەخەینەڕوو:**

**یاسای ژمارە(39)**

**1- ڕابردووی بەردەوامی دانانی لە کاری تێپەڕدا بەپێی یاسای ژمارە(39) دەبێ:**

**[م.دانانی + ج.لکاوی خاوەندێتی + بناغەی کاری ڕابردوو + م.دانانی]**

↓ ↓ ↓ ↓

**ب + م + نویسی + با .**

**ڕابردووی بەردەوامی دانانی لە کاری تێنەپەڕدا، بەپێی یاسای ژمارە(40) دەبێ:**

**یاسای ژمارە(40)**

**[م.دانانی + بناغەی کاری ڕابردوو + م.دانانی + ج.لکاوی خاوەندێتی]**

↓ ↓ ↓ ↓

**ب + کەت + با + م .**

**ئەم یاسایانە لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا لەم نموونانەدا دەخەینەڕوو:**

(59)

| (ش.خ) | (د.ک.ن) |
|---|---|
| **بریا بم خواردبا.** | **بریا بمخواردایە.** |
| **خۆزی بهاتبان.** | **خۆزگە هاتبانایە.** |

**2- ڕابردووی دووری دانانی لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بەپێی یاسای ژمارە(41) دەبێ:**

**یاسای ژمارە(41)**

**[ڕابردووی دووری ڕاگەیاندن + م.دانانی + ج.لکاو(خاوەندێتی) + ج.ڕێککەوتن]**

↓ ↓ ↓ ↓

**خواردبوو + با + م + ∅ .**

**هاتبوو + با + ∅ + ین .**

ئەم یا سایە لە گەڵ د یالێکتی کر مانجی ناوەڕا ستدا لەم نموونا نەدا بەراورد دەکەین، وەك:

(60)

| (د.ك.ن) | (ش.خ) |
| --- | --- |
| لەوانەیە خواردبوومایە. | لەوەیە خواردبووبام. |
| بریا هاتبوینایە. | بریا هاتبووباین. |

لەم نموونانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە مۆرفیمەکانی دانا نەڕووکار لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بریتین لە (ب  با)، بەڵام لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا مۆرفیمەکان بریتین لە (ب، بووایە، بایە، با).

**2- ڕووکاری فەرماندان(داخوازی):**

بێگومان پێکها تەی وا تایی ئەم ڕوو کارە جێبەجێکردنی هەڵوێستێك لە گوێگر دەخوازێت، واتە کەسی یەکەم بە شێوەی داوا و فەرمان داوا لە کەسی دووە می تاك، یان کۆ دەکات بۆ ئەنجا مدان، یان ئەنجامنەدانی کارێك (ئەم ڕوو کارە شێوەی کەسی دووەمی تاك و کۆی هە یە، کە وا تای داوا کاری قسەکەر دەگە یەنێت. لە گەڵ ئەوە شدا ئەم ڕووکارە بۆی هە یە وا تای ئامۆژگاری و تکا بگە یەنێت بۆ داڕشتنی ئەم ڕوو کارە مۆرفیمی (ب) دەکەوێ تە پێش ڕە گی کاری ڕا نەبردوو، لە دوای ڕە گی کارە کەش جێ ناوی لکاوی (ە)ی کە سی دووە می تاك و (ن)ی کە سی دووە می کۆ دەردە کەوێت (ك.ك. کوردۆییێڤ 1984: 269-270). لە د یالێکتی کر مانجی ناوەڕا ستدا ڕوو کاری فەرماندان بەپێی یاسای ژمارە(42) دەبێ:

**یاسای ژمارە(42)**

[ م.داخوازی + ڕەگی کار + ج.لکاوی کەسی دووەمی تاك و کۆ ]

| | | | | | | |
| --- | --- | --- | --- | --- | --- | --- |
| ب | + | نووس | + | ە | / | ن . |
| ب | + | خۆ | + | $\varnothing$ | / | ن . |
| ب | + | دروو | + | $\varnothing$ | / | ن . |
| ب | + | کە | + | $\varnothing$ | / | ن . |

لێرەدا ئەگەر هاتوو ڕەگی کارەکە کۆتایی بە بزوێنی [ۆ، وو، ە] هاتبوو ئەوا جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك [ە] دەرنا کەوێت چونکە [ە] بزوێنێکی کورتە، کاتێك دەکەوێتە دوای بزوێنی [وو، ۆ]ی درێژ ئەوا لە ناودەچێت، یان ئەگەر هاتوو ڕەگی کارەکە کۆتایی بە بزوێنی [ە] هاتبوو ئەوا جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك لەناودەچێت، کە ئەمەش دیاردەیەکی فۆنۆلۆجییە. ئەگەر هاتوو لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا کاتێك ڕووکاری داخوازی کۆتایی بە مۆرفیمی دووبارەکردنەوە(ەوە) بێت ئەوا ئەم مۆرفیمە وەکو پاشگر دەکەوێتە دوای جێناوی کەسی لکاوەکە، ئەمەش بەپێی یاسای ژمارە(43) دەبێ:

**یاسای ژمارە (43)**

[ م.داخوازی + ڕەگی کار + ج.لکاو + م.دووبارەکردنەوە ]

ب + نووس + ە/ن + ەوە .

ڕووکاری داخوازی لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا چەند جیاوازییەکی هەیە لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا، وەك:

1- ئەگەر هاتوو کاری داخوازی کۆتایی نەهاتبوو بە مۆرفیمی دووبارەکردنەوە ئەوا یاسای داڕشتنەکەی تەنیا جیاوازی ئەوەیە کە ئەگەر ڕەگی کار کۆتایی بە بزوێنی [وو] هاتبوو ئەوا جێناوی لکاوی کەسی دووەمی تاك لەم شێوەزارەدا دەردەکەوێت، کەچی لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا جێناوە لکاوەکە دەرناکەوێت، ئەمەش لە یاسای ژمارە(44)دا ڕوونکراوتەوە:

**یاسای ژمارە (44)**

[ م.داخوازی + ڕەگی کار + ج.لکاوی کەسی دووەمی تاك و کۆ ]

ب + دروو + ە / ن .

ب + نوو + ە / ن .

واتە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا ڕووکارەکە دەبێتە (بدرووە، بنووە)، بەڵام لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا دەبێتە (بدروو، بنوو).

2- ئەگەر هاتوو ڕووکاری داخوازی کۆتایی بە مۆرفیمی دووبارەکردنەوە بێت ئەوا لەم شێوەزارەدا مۆرفیمە کە دەبێت بە (وە)، بە شێوەی پێشگر دەکەوێتە پێش ڕەگی کارەکەوە، وەك لە یاسای ژمارە(45)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە (45)**

[م.دووبارەکردنەوە + ڕەگی کار + ج.لکاو]

↓ ↓ ↓

وە + نوویس + ە / ن .

بۆ نموونە:

(61)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
| --- | --- |
| وەنوویسە/ن. | بنووسە/ن + ەوە. |
| وەخۆ∅/ن | بخۆ ∅ /ن + ەوە. |

بە شێوەیەکی گشتی جیاوازی ڕووکاری داخوازی لە نێوان شێوەزاری خۆشناوەتی و دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا جیاوازییەکە لەگەڵ هاتنی مۆرفیمی دووبارەکردنەوە و کۆتایی ڕەگی کار بە بزوێنی [وو]ەیە.

## 2-7. مۆرفۆسینتاکسی ناکردن:

لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا کردەی ناکردن بەهۆی چەند فۆرمێکی وەك (نا، نە، مە، نی...) ئەنجامدەدرێت. مۆرفیمی ناکردن دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕوودانی کارەکە لە شێوازی (ئەریێ)وە بگۆڕێتە سەر شێوازی نەریێ. (شێوازی نەریێ ڕوونەدان و نەبوونی شتێ، یان نەبوونی باریێ باس دەکات بە مۆرفیمێکی تایبەتی، وەك: نا، نە ... (نوری عەلی 1986: 139). لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا مۆرفیمی (نە) ڕێژەی ڕابردووی ڕاگەیاندن و ڕێژەی ڕانەبردووی داناتە سەر شێوازی نەریێ، مۆرفیمی (نا) کاری ڕانەبردووی پیێ لە شێوازی (ئەریێ)وە دەگۆڕدرێت بۆ شێوازی (نەریێ)، مۆرفیمی (مە) ڕێژەی داخوازی دەخاتەسەر شێوازی نەریێ (هەمان سەرچاوە: 140-165)، ئەوەی جیاواز بیێ لە شێوەزارەکە ئەوەیە کە هەندیێ جار مۆرفیمی (ن)یش جگە لە مۆرفیمی (نا) کاری ڕانەبردوو دەخاتەسەر ڕێژەی نەریێ، ئەمە بەپێی یاسای ژمارە(46) دەبیێ:

**یاسای ژمارە (46)**

[ م.ناکردن + ڕەگی کار + ج.لکاو ]

ن + زان + م = نزانم

**بۆ نموونە:**

(62)

| ڕێژەی ئەرێ | ڕێژەی نەرێ(ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|---|
| ئەزانم | نزانم | نازانم |
| ئەتوانم | نتوانم | ناتوانم |
| ئەخوینم | ناخوینم | ناخوێنم |

**وا تە بۆ کاری ڕا نەبردوو لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا جگە لە مۆرفیمی ( نا) مۆرفیمی (ن)یش بۆ ناکردنی هەندێ کاری ڕانەبردوو بەکاردێت.**

**جیاوازی یەکی تری شێوەزاری خۆشناوەتی بۆ ناکردنی کارە کان لەوەدا یە کە مۆرفیمی (نا)ی ناکردن لەگەڵ (کاری ڕابردووی بەردەوام) بەکاردێت و دەیهێنێتە سەر شێوازی نەرێ، کەچی لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا تەنیا مۆرفیمی (نە) بەکاردێت بۆ ناکردنی کاری ڕابردوو، وەك:**

(63)

| نموونە لە (ش.خ) | | نموونە لە (د.ك.ن) | |
|---|---|---|---|
| شێوازی ئەرێ | شێوازی نەرێ | شێوازی ئەرێ | شێوازی نەرێ |
| ئەخوارد | ناخوارد | دەخوارد | نەدەخوارد |
| ئەڕۆیشت | ناڕۆیشت | دەڕۆیشت | نەدەڕۆیشت |
| ئەهات | ناهات | دەهات | نەدەهات |
| ئەدروو | نادروو | دەدروو | نەدەدروو |
| دەرەکرد | دەرناکرد... | دەردەکرد | دەرنەدەکرد... |

لێرەدا مۆرفیمی (نا)، کە کاری ڕابردووی بەردەوامی پێ لە شێوازی ئەرێ وە کراوەتە نەرێ لە بنجدا هەر مۆرفیمی (نە)یە بووە بە (نا) وەك:

نە + ە + ڕابردووی سادە

نە + ە + خوارد ناخوارد.

لێرەدا هەردوو بزوێنی [ە ، ە] لێک یان داوەو بوونە تە بزوێنی[ا][٭] ، شێوازی ناکردن لە کارەکانی تردا لەم شێوەزارەدا بە هەمان شێوەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستە و جیاوازییان نییە.

## 8-2. جیاوازی لە ڕەگی کاردا:

لە زمانی کوردیدا بەشی زۆری ڕەگی کار بە تەنیا بەکارنایەت، تاکە ڕێگە یەکیش بۆ زانینی (ڕەگی کار) ڕێگەی بەراوردکردن و ئیتمۆلۆجییە (ك.ك. کوردۆییێڤ 1984: 162). ڕێگەیەك هەیە بۆ دۆزینەوەی ڕەگی کار ئەویش ئەوەیە کە (کارەکە دەگۆڕدرێت بۆ کاتی ڕانەبردوو ئینجا مۆرفیمی (دە)ی بەردەوامی و جێناوە لکاوەکە لادەدرێت، ئەوەی دەمێنێتەوە ڕێی دەوترێت ڕەگی کار (نەسرین فەخری و کوردستان موکریانی 1982: 109)، وەك: چاوگی (چوون) کاتێ دەخرێتە سەر کاری ڕانەبردوو دەبێتە (دەچم/ین/ن) کاتێ (دە) لەگەڵ جێناوە لکاوەکە لادەبردرێت ئەوا تەنیا (چ) دەمێنێتەوە کە ڕەگی کارەکەیە. ئەم ڕێگەیەش بۆ هەموو چاوگێك دەست دەدات کە ڕەگی کاری پێ بدۆزینەوە.

بە شێوەیەکی گشتی ڕەگی کار لە نێوان دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست و شێوەزاری خۆشناوەتیدا هاوبەشە تەنیا جیاوازییەکە لەوە دایە کە هەندێك ڕەگی کار هەیە تایبەتە بە هەریەکێك لە شێوەزاری خۆشناوەتی و دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بەم شێوەیە:

---

[٭] لە ڕابردووی بەردەوامدا فۆنیمێکی تری [ە] بکەوێتە پێش ئەو مۆرفیمە ئەوا هەردوو دەنگی [ە] لێك دەدەن و دەبن بە [ا] وەك [ە + ە ← ا ] (بڕوانە: عەبدوڵڵا حوسێن 2000: 49-50).

(64)

| چاوگ له(د.ك.ن) | ڕەگی کار له(د.ك.ن) | چاوگ له(ش.خ) | ڕەگی کار له(ش.خ) |
|---|---|---|---|
| سوتان | سوتێ | سۆتان | سۆتێ |
| کوڵان | کوڵێ | کوران | کورێ |
| پێوان | پێو | پیوان | پیو |
| هێنان | هێن | هینان | ین |
| چاندن | چێن | چاندن | چین |
| ڕابواردن | ڕابوێر | ڕابااردن | ڕابێر |
| خستن | خه | هێخستن | هێخ |
| هاویشتن | هاوێژ(ت) | هاویشتن | هاوێ |
| نوسین | نوس | نویسین | نویس |

(ت) ئەم دیاردەیە (Supplition) (هاوێژ) بەڕای لێکۆڵەر (هاوێ) ڕاستترە بۆ ڕەگی کاری (هاویشتن) کە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بەکاردێت.

ژ

∅

# بەشی سێیەم

# سیما سینتاکسییەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی

## 1-3. سەرەتا:

زمانی ئادەمیزاد سیستەمێکی ئاڵۆز و بەیەکداچووە، بۆیە لێکۆڵینەوە لە زمانەندا کارێکی ئاسان نییە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش زمانەوانەکان زمانیان بەسەر چەند ئاستێکدا دابەش کردووە، یەکێك لەم ئاستانەش (سینتاکس)ە.

هەموو زمانێك لە چەند دەنگێك پێکدێت، وشەش لە ڕێگەی ئەو دەنگانەوە دەنوێنرێن، لە زۆر زمانیشدا وشە و ڕستە بە ئاسانی لە یەکتری جیاناکرێنەوە، کە ئەمەش بۆ ئەرکی سینتاکسی دەگەڕێتەوە (ماریو پای 1998: 52). سینتاکس لە هەموو زمانێکدا لە ڕووی ڕێزمانییەوە جیاوازی نییە و پەیوەندی نێوان وشەکانی زمان دیاریدەکات. کەرەستەی سینتاکس ڕستەیە ڕستەش پێکدێت لە ڕەگەزە جیاوازەکانی مۆرفۆلۆجی وەك: (ناو، جێناو، ئاوەڵناو...)و بە گەورەترین دانەی ڕێزمانی زمانیش دادەنرێت (کارل-دیترو بونتنج 2003: 176). لە زمانی کوردیدا ڕستە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت ئەوانیش: (فرەیزی ناوی، فرەیزی کاری)ن. لەم بەشەی لێکۆڵینەوەکەدا لایەنە جیاوازەکانی ئەم ئاستەی شێوەزاری خۆشناوەتی و کرمانجی ناوەڕاست دەخەینەڕوو، لەبەر ئەوەی مۆرفیمە بەندە ڕێزمانییەکان و مۆرفیمەکانی داڕشتن ئەرکی داڕشتنی وشە دەبینن لە سنووری مۆرفۆلۆجیدا و پەیوەندی سینتاکسی لە نێوان وشەکاندا نیشاندەدەن، هەربۆیەش ئەم مۆرفیمانە دەکەونە بواری سینتاکسییەوە، بۆیە ئەم لێکۆڵینەوەیە دەکەوێتە سنووری (مۆرفۆسینتاکس)ەوە. مۆرفۆسینتاکسیش زاراوەیەکی زمانەوانییە، بۆ دیاریکردنی پۆلە ڕێزمانییەکان و تایبەتمەندییە ڕێزمانییەکان بەکاردێت بەخستنەڕووی هەردوو ئاستی مۆرفۆلۆجی و سینتاکس جێبەجێ دەکرێت (Crystal 1991: 226)، بەڵام لەبەر ئەوەی باسی ئەو مۆرفیمانە لە بەشی دووەمدا کراوە، بۆیە دووبارە ناکرێنەوە، تەنیا جیاوازی ئەو مۆرفیمانە دەخەینەڕوو کە لەگەڵ دیالێکتی ناوەڕاستدا جیاوازن.

## 2-3. پێکهاتەکانی ڕستە:

لە زمانی کوردیدا سادەترین ڕستە لە دوو بەشی سەرەکی پێکدێت ئەوانیش:

1- فرەیزی ناوی. Noun Phrase

2- فرەیزی کاری. Verb Phrase

– **فرەیز:** بریتییە لە وشەیەك زیاتر، كە وەك یەكە یەكی سینتاكسی ئەركی لە ڕستەدا هەیە، هەر بەشێك لە بەشەكانی ڕستە كە لە وشەیەك یان زیاتر پێكدێت و بتوانێ ڕۆڵی بەشێكی سەرەكی ڕستە بگێڕێ ئەوا دەتوانرێت بە فرێز دابندرێت (ابوالحسن نجفی، 1387: 97).

## 3-2-1. فرەیزی ناوی:

ئەو كەرەستانەی كە فرەیزی ناوی پێكدێنن لە زمانی كوردیدا بریتین لە (ناو، ئاوەڵناو، جێناو، چاووگ) ئەمانەش ڕۆڵی سەرەكییان هەیە لە دروستكردنیدا. فرەیزی ناوی: بریتییە لە پێكهاتەیەك كە سەرەكەی ناو، یان جێناوە، ئەمانەش بۆیان هەیە لەگەڵ چەند دیارخەرێكدا فراوان بكرێن (Crystal 1988: 209). واتە لەگەڵ هەریەكە لەم (ناو، ئاوەڵناو، جێناو و چاووگ)انەدا كە بە بناغەی فرەیزی ناوی دادەندرێن ئەوا دەتواندرێت چەند مۆرفیمێكی بەندی ڕێزمانی وەك (مۆرفیمی ناسراوی، مۆرفیمی نەناسراوی، مۆرفیمی كۆ، نیشانە...) وەكو دیارخەر لەگەڵیاندا دەركەون (جگە لەمەش مۆرفیمی سەربەخۆی تری وەك: (ناو، ئاوەڵناو، ژمارە...هتد). دەتوانن ببن بە دیارخەری ناوەكە، یان جێناوە دیارخراوەكە كە ئەمانەش دەتوانرێ بەهۆی یا ساكانی داڕشتنی فرەیزی ناوی ڕیزبكرێن (نەزیرە سابیر 2008: 50). لە زمانی كوردیدا كە دەڵێن فرەیزی ناوی لە ناوێك، یان زیاتر پێكدێت لێرەدا مەبەستمان فراوانكردنی فرەیزی ناوییە، كە بەهۆی مۆرفیمی بەستنەوەی (ی، و، ە، تا، ش/ یش)دەتواندرێت ژمارەیەكی بێ كۆتا دیارخەر لەگەڵ فرەیزی ناوی بەكاربێن. (ئەو ناوانەی كە بە مۆرفیمی □و□ لێكدەدرێن هەموویان بەشداری لە ڕووداوی كارەكە دەكەن، بەڵام ئەو ناوانەی كە بە هۆی مۆرفیمی □ی□ لێكدەدرێن تەنیا ناوی یەكەم ڕووداوی كارەكەی پێ سپێردراوە، ئەو ناوەش سەر بە ناوی دووەم دەبێ و ناوی دووەم سەر بە ناوی سێیەم دەبێ... (وریا عومەر 2004: 200). ئامرازی □ە□ لە دروستكردنی فرێزدا وەك □ی□ تەواوكراو و تەواوكەر بە یەكترەوە دەبەستێ و پێكەوە لەگەڵ یەكتر وەكو فرەیز ڕۆڵ لە ڕستەدا دەبینێ(ڕەفیق محەمەد شوانی 1997: 74) . ئەو كەرستانەی كە بەشدار دەبن لە پێكهێنانی فرەیزی ناوی لەگەڵ ئامرازەكاندا پێكهاتون لە ( ناو , ئاوڵناو , جێناو ) وەك نمونەی ( 65 ) ئامرازی (ی) : ( ناو , ناو ) ( ئازادی برادەری هات ) , ( ناو و ئاوڵناو ) ( كوڕی زیرەك دەناسم ) , ( جێناو ئاوڵناو ) ( ئێوەی ئازا هاتن ) . ئامرازی ( ە ) : ( ناو و ناو + ە كە ) ( بەجلە كوردییەكەوە هەڵپەڕیم ) , ( ناو , ئاوڵناو , ە كە ) ( گوڵە سورەكەم كڕی )

ئامرازی ( و , تا , ش / یش ) وەك نمونەی (66) , ئامرازی ( و ) : ( ناو , ناو )

( ئازادو نەوزاد هاتن ) , ( جێناو , ناو ) ( من و ئازاد ڕۆیشتین ) , ( جێناو جێناو )

( ئێمەو ئێوە کاردەکەین ) , ئامرازی ( تا ) ( ناو و ناو ) ( شار تا شار جیاوازی هەیە )

ئامرازی ( ش / یش ) ( نەوزادیش هات ) ( تۆش هاتی ) بۆ نمو نەی (65) ,(66) بڕوانە (ڕەفیق محمد شوانی 2001 : 256  262 )

## 3-2-1-1. فراوانکردنی فرەیزی ناوی لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا:

مەبە ستمان لە خ ستنەڕووی بە شەکانی ڕ ستە بۆ ئەوە یە ز یاتر جیاوازیـ یەکانی شێوەزاری خۆ شناوەتی و دیالێک تە سەرەکییەکە بخەیـ نەڕوو: لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بۆ فراوانکردنی فرەیزی ناوی تێکەڵبوونێك ڕوودەدات لە نێوان مۆرفیمی دۆخ و مۆرفیمی ڕەگەز کە بە مۆرفیمی(Gender) نا سراوە. ئە مەش دەگەڕێتەوە سەر ڕەگەزی ناوەکە لە ڕستەدا، بەم شێوەیە:

أ- ئەگەر ناوە دیارخراوەکە (نێر) بوو ئەوا بە هۆی مۆرفیمی دۆ خی خستنە سەر (ێ) فرەیزەکە فراوان دەکرێت، بەپێی یاسای ژمارە(47) دەبێ:

**یاسای ژمارە (47)**

ناو + م.دۆخی خستنەسەر + ناو + م.دۆخی خستنەسەر + ناو + م.ڕەگەز.

(کوڕ + ێ + برا + یێ(*) + نەسرین + ێ)...

ب- ئە گەر ناوە دیارخراوە کە ( سەرە) مێ بوو ئەوا بە هۆی مۆرفیمی دۆ خی خستنەسەری مێ(ا) ناوەکان دەخرێتە پاڵ یەکتر و فرەیزە کە فراواندە کەن، ئە مەش بە هەمان شێوەی کرمانجی سەرووە، بۆ نموونە:

(67) (ک یژا خو شکا ئازادی .... ڕۆیـ شت). وەك، لە یا سای ژ مارە(48)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە (48)**

ناو + م.دۆخی خستنەسەر + ناو + م.خستنەسەر + ناو + م.ڕەگەز.

( کیژ + ا + خوشك + ا + ئازاد + ی ).

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بۆ فراوانکردن و پێکهاتنی فرەیزی ناوی مۆرفیمی(ە کە)ی ناسراوی بەشداری ناکات، هەروەك لە کرمانجی ناوەڕاستدا فرەیزی ناوی پێ فراوان

(*) لێرەدا نەبزوێنی [ی] وەکو ناوبەندێ پەیدابووە لە نێوان دوو بزوێنی [ا ، ێ].

ده کرێ، ئه مەش دەگەڕێ تەوە بۆ ئەوەی کە لە شێوەزاری خۆ شناوەتیدا مۆرفیمی (ه کە)ی نا سراوی نی یه (بڕوا نه به شی دووەم: ل33). وەك لەم نموونا نەدا ڕوونکراوەتەوە:

(68) (ش.خ) (د.ك.ن)

کوڕ هات. کوڕەکە هات.


کیژ ڕۆیشت. کچەکە ڕۆیشت.

ئه مەش بۆ تە هۆی ئەوەی کە لەم شێوەزارەدا جیاکرد نەوەی ( ناوی گ شتی)و (ناوی ناسراو) زەحمەت بێت.


## 3-2-2. فرەیزی کاری:

بەشێکی سەرەکی ڕستەیە، لەگەڵ فره یزی ناو یدا بەیەکەوە وا تای ڕستە تەواو دەکەن. فرەیزی کاری لە ڕستەدا تەنیا ئەرکێك دەبینێ ئەویش ئەرکی کاریيە، هەرچی فره یزی ناوي یه لە ڕ ستەدا چەند ئەرکێکی ج یاواز دەبي نێ، وەك (بکەر، بەرکار، دیارخەر...هتد)(سادەترین فرەیزی کاری لە زمانی کوردیدا لە ڕەگی کار و جێناوێکی لکاو پێکدێت، ئەرکی جێناوە لکاوەکەش دەربڕینی ڕێککەوتنە لە نێوان بکەر و کاردا (وریا عومەر 2004: 199). لێرەدا مەبەست لە ڕەگەی کار دوو جۆرە: ئەوانیش (ڕەگی ڕا بردوو) و (ڕه گی ڕا نەبردوو)ن، کە کا تە ڕێزمانی يەکانیان پێدادەڕ ێژێ. هە ندێ جار فرەیزی کاری لە(فرەیزێکی ناوی (بەرکار)و (کار) پێکدێت ئەگەر هاتوو کاری ڕستەکە تێپەڕبێت، لە ڕستەی سادەی فراوانکراودا (هیوا ئەحمەد 2008: 89). بۆ نموونە:

(69) (منداڵەکە نانی خوارد).




(70) (جووتیارەکە زەوی دەکێڵێ).





ئەم نموونەیە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بەم شێوەیە دادەڕێژرێ، وەك:

(71) (جۆتیار عاردییە کێری).




یان لە ڕستەیەکی وەك(72) (ئازادی وە تڕومبێلێ هات).

بەم شێوەیە ڕستەکە دادەڕێژرێ:




سەبارەت بە نیشانەی دۆخ و نیشانەی ڕەگەز(Gender) (بڕوانە: ل87).

به شێوەیەكی گشتی فرەیزی كاری لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بە هەمان شێوەی كرمانجی ناوەڕاستە لە دروستكردندا تەنیا ئەوەی جیاوازیێت ئەوا جیاوازییە لە هەندێ ڕەگی كاردا و جیاوازی وشەی فەرهەنگییە كە تایبەتە بە شێوەزارەكە. بۆ جیاوازی ڕەگی كارەكان (بڕوانە: بەشی دووەم: ل76).

3-3. **پێشبەندەكان**: (Preposition)

پێشبەندەكان لە جۆری مۆرفیمەكانی وشەی ئەركین، بە شێكن لە بەشەكانی ئاخاوتن، كە بە تەنیا بەكار نایەن و واتا نابەخشن لە ڕستەدا. پێشبەندەكان ئەگەرچی لە بنچینەدا واتای شوێن و ئاراستەكردن دەگەیەنن، بەڵام (پێشبەندەكان ئەو مۆرفیمە ڕێزمانییە ناسەربەخۆیانەن كە ڕۆڵی گرنگ دەبینن لە بەستنەوەی بەشەكانی ڕستەدا. پێشبەندەكان لە ڕووی ڕواڵەتەوە سەربەخۆن و واتا نابەخشن، بەڵكو لە پاڵ وشەی تردا واتا یان بەدیار دەكەوێت لە ئاستی سینتاكسدا ڕۆڵی گرنگ دەگێڕن لە پێكەوەگرێدانی بەشەكانی ڕستە، لەگەڵ پاشبەندەكاندا وشەیەك دەخەنە نێوانیان و واتای جۆربەجۆر دەبەخشن بە وشەكە (ئەوڕەحمان حاجی مارف 2004: 105). بە گشتی پێشبەندەكان بریتین لە: (بە، لە، بۆ، ە، تا، وەك، بێ..هتد) (لەم پێشبەندانەش ((بە، لە، بۆ)) بە چەند قاڵبێكی تر وەك پاشبەندیش دەردەكەون (وریا عومەر 1986: 182). پێشبەندەكان لە هەندێ ڕۆناندا لەگەڵ پاشبەندەكان لە ڕستەدا دەردەكەون و ناوەكەی نێوانیان ئەركی تەواوكەری بەیاریدە دەبینێ لە ڕستەدا، پاشبەندەكانیش لە زمانی كوردیدا بریتیین لە: (ەوە، دا...)، لەگەڵ پێشبەندەكاندا دەردەكەون.

له شێوەزاری خۆشناوەتیدا پێشبەندەکان لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا تەنیا جیاوازی فۆنۆلۆجییە، وەك:

| پێشبەندەکانی (ش.خ) | | پێشبەندەکانی (د.ک.ن) |
|---|---|---|
| دە | ← | لە |
| وە | ← | بە |
| لۆ | ← | بۆ |

لێرەدا تەنیا ئەو سێ پێشبەندە جیاوازییان هەیە لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا. جگە لەوەش پاشبەندی(ەوە) لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا دەگۆڕێ بۆ پاشبەندی (ڕا) کە لە شێوەزاری موکری و پشدەریش بەکاردێت، وەك لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

(73)

| نموونە لە (ش.خ) | نموونە لە (د.ک.ن) | ئەرکی پێشبەندەکان |
|---|---|---|
| دە گوندی ڕا هاتم. | لە گوندەوە هاتم. | تەواوکەری ناڕاستەوخۆیە. |
| ئەمە دەنگۆ ناگەین. | ئێمە لە ئێوە ناگەین. | تەواوکەری ناڕاستەوخۆیە. |
| وە هەولێرێ دا ڕۆیشتم. | بە هەولێردا ڕۆیشتم. | تەواوکەری ناڕاستەوخۆیە. |
| مندار وە تۆپێ گەمانەکەن. | منداڵەکان بە تۆپ یاریدەکەن. | تەواوکەری ناڕاستەوخۆیە. |

کەواتە پێشبەندەکان لە شێوەزارەکە و دیالێکتەکەدا تەنیا جیاوازی فۆنۆلۆجییان هەیە ئەگەرنا لە ڕووی ئەرکەوە هەمان ئەرک دەبینن.

### 4-3. **دۆخ**: (Case)

دۆخ بابەتێ کە لە زمانناسیدا زۆر باسی لێوەکراوە، بەڵام وشەی دۆخ وەك زاراوەیەك لە مێژووی لێکۆڵینەوەی زمانەوانیدا بۆ زۆر مەبەست و واتای جۆرا و جۆر بەکارهاتووە، وەك:

(دۆخ: لە کۆ ندا بەکاردەهات بۆ جیاکرد نەوەی ناوە کان لە کارە کان، دوا تر دۆخ بەکارهات بۆ ئەو زیادا نەی دەخرا نە سەر ناو، ڕێز مانی کۆن و شەی دۆ خی بۆ نیشانەکانی گەردانکردن بەکاردەهێنا ( مزگین عە بدولڕەحمان 2006: 17). زاراوەی دۆخ ئێستا بۆ دەستنیشانکردن و نا سینەوەی ئەو پەیوەندییا نە بەکاردێت کە لە ڕستەدا هەن، وەکو پەیوەندی نێوان بکەر(nominative) و بەرکار(Accusative) لەگەڵ یەکتری. زاراوەی دۆخ ئێستا بەکاردێت بۆ لێکدانەوەی کەرەستەکانی وشە و ناسینەوەی پەیوەندی نێوانیان لە ناو ڕستەدا، وەکو کەرەستەکانی: بکەر، بەرکار، کار (Crystal 2003: 63). بێگومان مۆرفیمەکانی ڕەگەز(Gender)ی نێر و مێ دەبێتە هۆی دەرکەوتنی نیشانەی دۆخەکان. زمانەکانی جیهان لە ڕووی هەبوون و نەبوون و چۆنیەتی دەرکەوتنی ڕەگەز لە یەکتری جیاوازن. بۆ نموونە(لە زمانی تورکی ڕەگەزی تێدا جیاناکرێتەوە، لە زمانی ئینلگلیزیدا تەنیا لە جێناوی کەسی سێیەم نێر و مێ جیادەکرێتەو (She) بۆ مێ، (He) بۆ نێر، لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا تەنیا لە دۆخی بانگکردندا(Vocative) ڕەگەزی نێر و مێ جیادەکرێتەوە (وریا عومەر 2004: 160). دۆخ لە ڕستەدا شێوەیەکی تایبەتی بە وشەکە دەبەخشێ (نیشانەکانی دۆخ وەك (( سەر، بۆر، ژ ێر)) لە زمانی عەرەبیدا دەبینرێن، ئەم نیشانانەی دۆخ بەلای(فیلمۆر) هەموو سەر بە ئاستی سەرەوەن، هەندێ جاریش نیشانە دۆخیەکانی ژێرەوەش پیشاندەدەن بکەر و بەرکاریش بەلایەوە لە دیاردەکانی سەرەوەن (یوسف شریف 1990: 8). بە شێوەیەکی گشتی دۆخ سیستەمێکی دەستنیشانکراوە، کە پەیوەندی هەیە بە(ناو، جێناو) کە تیایدا پەیوەندی نێوان (بکەر)و بەشەکانی تری فرەیزی کاری دیاریدەکات.

### 1-4-3. دۆخ لە زمانی کوردیدا:

لە زمانی کوردیدا بە شێوەیەکی گشتی نیشانەکانی دۆخ(وەکو ڕەگەز) بەرەو لەناوچوون دەچێ، چونکە زمان وەکو دیاردەیەکی پەیوەست بە ژیانی مرۆڤەوە و لەسەر بنەمای ئابوری زمان هەموو زمانێ بەرەو ئاسانبوون دەڕوات ئەم ئاسانبوونەش دەبێتە هۆی نەمانی هەندێ دۆخەکانی زمان (ئەو دۆخەی کە هەیە لە زمانی کوردیدا لە جۆری(ڕۆنانییە)و لەژێر یا ساکانی دەسەڵاتدا دۆخ دەبەخشێ، لێرەدا مەبەست لە دۆخی ئەبستراکتە(*)، بەڵام دەبێ ئاماژە بەوەش بکرێ کە زار و شێوەزارەکان بە ڕێژەی

(*) ئەبستراکت: دیارترین جیاوازییە لە نێوان چەمکی دۆخ لە کۆن و نوێدا کە بواری دەرکەوتنی دۆخ بە هەموو فرەیزێکی ناوی دەدا (بڕوانە سەباح ڕەشید، 2006: 49).

جیاواز پاشماوەی نیشانەکانی دۆخی تێدا بەدیدەکرێت (سەباح ڕەشید 2006: 65).
لە د یالێکتی کر مانجی ناوەڕا ستدا نیـ شانەکانی دۆخ گرنگ یان پێنادر یێت. تەنیا لە دۆ خی بانگکرد ندا نیـ شانەکانی دۆ خی تـ یێداماوە. ئەو شێوەزارانەی کە سەر بە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستن زۆربەیان نیشانەکانی دۆخیان تێدا ماوە وەك (هەولێر، ڕەواندز، خۆشناوەتی...) ئەوا نیشانەکانی دۆخیان بە ئاشکرا تیادا بەدیدەکرێت لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەکە پەیوەندی بە شێوەزاری خۆشناوەتییەوە هە یە بۆ یە دۆ خەکان و جۆرەکانـ یان لەم شێوەزارەدا دەخەیـ نەڕوو. بە شێوەیەکی گـ شتی لەو شێوەزارانەی نیشانەکانی دۆخیان تێداماوە ئەوا سێ جۆر دۆخ دەردەکەوێت ئەوانیش:

1- دۆخی ڕاستەوخۆ.

2- دۆخی ناڕاستەوخۆ.

3- دۆ خی بانگکردن. (ك.ك. کوردۆییێڤ 1984: 75-79). لـ ێرەدا باس لەو جیاوازییا نە دە کەین کە لە نـ ێوان شێوەزاری خۆ شناوەتی و د یالێکتی کر مانجی ناوەڕاستدا بەدیدەکرێن.

## 3-4-2. دۆخ لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا:

لە شێوەزاری خۆ شناوەتیدا دۆخ بەپێی چەند مەرجێکی سەرەکی پەیوە ندی (ناو)، (جێـ ناو) لە ناو (فرە یزدا) دیار یدەکات. وا تە دۆ خی ناو بە چەند شێوەیەك دەستنیـ شان دەکر یێت کە گرنگترینـ یان (ڕە گەز)ی نـ ێر و مێـ یە کە لە د یاریکردنی دۆخەکا ندا ڕۆڵێـ کی بەر چاو دەگـ ێڕن، چونکە لەڕووی لۆجیـ کەوە تەنیا ئەو گیانلەبەرا نەی زاوزێ دە کەن ڕە گەزەکانیان د یارە ئا یا نـ ێرن، یاخود مێن. لە هە ندێ زما ندا بە گوێرەی نیـ شانەکانی ڕێز مانی تایـ بەت بە ڕە گەزی (ناو) نـ ێر و مێ دەستنیشاندەکرێت. واتە ناوی بێلایەنەکان بە هۆی نیشانەی ڕەگەزی ڕێزمانی تایبەت لە یەکتر جیادەکرێنەوە، شێوەزاری خۆشناوەتیش وەکو ئەو زمانا نەی کە بە گوێرەی نیشانەکانی ڕێزمانی نێر و مێی ناوە بێلایەنەکان لە یەکتری جیادەکەنەوە و بە لا یەکی دادە بەن جا نـ ێر بـ یێت، یان مێ. د یاریکردنی ڕە گەزەکانیش سەبارەت بە ناوە بێلایە نەکان ئەوا دەگەڕێـ تەوە سەر بەکارهێنانی شێوەزارەکە ئەوجا ئەو بەرکاهێنا نە دەستوری بێت یان هەڕەمەکی.

### 3-4-2-1. جۆرەکانی دۆخ لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا:

هەروەکو لە پێشتر ئاماژەمان پێکرد کە نیشانەکانی دۆخ لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا کەم بەرچاو دەکەوێت، کەچی لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا نیشانەکانی دۆخ باڵی کێشاوە بە سەر سینتاکسی ئەم شێوەزارەدا واتە بەهۆی نیشانەکانی ڕەگەزەوە(gender) دۆخەکان دیاریدەکرێن. ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بکەین ئەوەیە کە دەرکەوتنی مۆرفیمەکانی دۆخ لە سەر ناوەکان(گیا ندار و بێگیان )ـەکان هەڕەمەکی نییە، بەڵکو زۆربەی کات بەستراوەتەوە بە کاتی کارەکە و ئەو بارودۆخەی کە ناوەکە، یان جێناوەکەی تێدا بەکاردێت. لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا نیشانەکانی دۆخ و نیشانەی ڕەگەز(Gender) تێکەڵ دەبن، لەم شێوەزارەدا چەند دۆخێك بەدی دەکرێن لەوانە:

### 3-4-2-1-1. دۆخی بکەری (Nominative Case):

لەم دۆخەدا دەبێت (بکەر) زیندوبێت و توانای ئەنجامدانی کارەکەی هەبێت. دۆخی بکەریش فۆرمێکی دۆخە بۆ بکەری ڕستە، لە هەردوو بارواتە ئەگەر کاری ڕستەکە تێپەڕ بوو (Trask 1993: 184). لێرەدا ڕووداوەکە دەکەوێتە سەر (بەرکار) چونکە ڕووداونی ڕووداوەکە لە لایەن (بکەر)ەوە ئەنجام دەدرێت. دۆخی بکەری لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا ئەگەر هاتوو:

1- کاری ڕستەکە(ڕابردووی تێپەڕ) بوو ئەو کاتە بکەری ڕستەکە دەکەوێتە دۆخەوە بە واتای ئەوەی کە (بکەر) نیشانەی دۆخی بکەری وەردەگرێت لە هەردوو باری( ئەرێ، نەرێ)ی کارەکەدا. نیشانە ڕێزمانییەکانی دۆخی بکەری دەچێتە سەر و بەهۆیەوە ڕەگەزەکەی دیاریدەکرێت، ئەمەش کاتێ بکەری ڕستە ناو بێ، یان جێناوی کەسی سێیەمی تاك بێت. نیشانەکانیش بۆ ڕەگەزی نێر نیشانەی(ی) دەچێتە سەر ناوەکە یان جێناوەکە، بۆ ڕەگەزی مێ ئەوا نیشانەی (ێ) دەچێتە سەر ناوەکە یان جێناوەکە، هەروەك لە یاسای ژمارە(49)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(49)**

ناو/ جێناو(بکەر) + نیشانەی دۆخی بکەری + ناو(بەرکار) + کار

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کوڕ/ ئەو | + | ی | + | نان | + | خوارد. |
| کیژ/ئەو | + | ێ | + | نان | + | خوارد. |

**سەبارەت بە دۆخی بکەری لەم شێوەزارەدا چەند نموونەیەك دەخەینەڕوو ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا، وەك:**

(74)

| **(ش.خ)** | **(د.ك.ن)** |
|---|---|
| **ئازادی دار بڕیبوو.** | **ئازاد داری بڕیبوو.** |
| **ئەوی ئاو خوارد.** | **ئەو ئاوی خوارد.** |
| **نازدارێ کتاب نەکڕی.** | **نازدار کتێبی نەکڕی.** |
| **ئەوێ قاقەز نویسیبوو.** | **ئەو کاغەزەکەی نوسیبوو.** |

2- **ئەگەر هاتوو کاری ڕستەکە ڕابردووی تێنەپەڕ بوو ئەوا لە زۆربەی زۆری ناوچەی خۆشناوەتی جێناوی کەسی سێیەمی تاك نیشانەی دۆخی بکەری دەچێتە سەر، هەروەك لە یاسای ژمارە(50)دا ڕوونکراوەتەوە:**

**یاسای ژمارە(50)**

**جێناو(بکەر) + نیشانەی دۆخی بکەری + کار**

**ئەو + ی/ێ + هات.**

**ئەم یاسایەش لەم چەند نموونەیەدا ڕوون دەکەینەوە:**

(75)

| **(ش.خ)** | **(د.ك.ن)** |
|---|---|
| **ئەوی هات.** | **ئەو هات.** |
| **ئەوێ نووست.** | **ئەو نووست.** |

**ئەم نیشانانەی دۆخی بکەری لە زۆربەی هەرەزۆری ناوچەکانی خۆشناوەتیدا بەکاردێن، ئەمەش تەنیا لە گوندی(هەر تەل) ئەوا نیشانەکانی ڕەگەز(Gender) دەگۆڕێن ئەمەش بۆیە بە تەنیا باسی دەکەین، چونکە لەگەڵ هەموو ناوچەکانی تر جیاوازە. کاتێ ناوەکان یان جێناوەکان ڕۆڵی بکەر دەگێڕن ئەوا نیشانەکانی ڕەگەزی نێر و مێ دەچێتە سەر ناوەکە یان جێناوەکە. بۆ ئەم مەبەستەش تەنیا جێناوی کەسی(دووەم و یەکەم)ی کۆ ئەم نیشانانەیان نا چێتە سەر. ئەم نیشانانەی دۆخی**

بکەری لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ و تێنەپەڕ دەردەکەون نیشانەکانیش بۆ ڕەگەزی نێر نیشانەی(ێ) بەکاردێت، هەروەك لە یاسای ژمارە(51)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(51)**

**ناو/جێناو(بکەر) + نیشانەی دۆخی بکەری + ناو(بەرکار) + کار**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| سەردار | + | ێ | + | نان | + | کڕی. |
| ئەز | + | ێ | + | نان | + | کڕی. |
| ئازاد | + | ێ | + | ∅ | + | ڕۆیشت. |
| ئەو | + | ێ | + | ∅ | + | هات. |

ئەم یاسایەش لەم چەند نموونەی خوارەوەدا ڕوون دەکەینەوە لەگەڵ دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا:

(76)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| ئازادێ ڕۆیشت. | ئازاد ڕۆیشت. |
| کوڕێ نان خوارد. | کوڕەکە نانی خوارد. |
| ئەتوێ هاتی. | تۆ هاتی. |
| ئەوانێ ڕۆیشتن. | ئەوان ڕۆیشتن. |

لەم ناوچەیەدا ئەگەر هاتوو(بکەر) ڕەگەزی(مێ) بوو ئەوا نیشانەی دۆخی بکەری دەبێتە (ا) هەروەك لە یاسای ژمارە(52)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(52).**

**ناو/جێنا(بکەر) + نیشانەی دۆخی بکەری + ناو(بەرکار) + کار**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| کیژ | + | ا | + | ئاو | + | هینا. |
| ئەو | + | ا | + | جلك | + | شوشت. |
| نەسرین | + | ا | + | ∅ | + | هات. |

هەروەك لەم نموونانەی خوارەوەدا دیاریکراوە:

(77)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| نەسرینا ڕۆیشت. | نەسرین ڕۆیشت. |
| ئەتوا هاتیە کنەمە. | تۆ هاتیە لای ئێمە. |
| ئەوا کەو کڕی. | ئەو کەوی کڕی. |

به شێوەیەکی گ شتی بۆ مان ڕووندەبێ تەوە کە لە شێوەزاری خۆ شناوەتیدا نیـ شانەکانی دۆ خی بـ کەری بریتین لە: (ێ، ی) (ا ، ێ)، لە د یالێکتی کر مانجی ناوەڕاستدا نیشانەکانی ڕەگەزی نێر و مێ لە دۆخی بکەریدا بەرچاو ناکەون، واتە هیچ نیشانەیەکی ڕێزمانی دۆخ نییە لە دۆخی (بکەر)یدا.

## 3-4-2-1-2. دۆخی بەرکاری ڕاستەوخۆ (Accusative Case):

بۆ ئەم دۆخە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا هیچ نیشانەیەکی دۆخی بەرکاری نیە (بۆ دۆ خی بەرکاری ڕا ستەوخۆ هیچ نیشانەیەکی ڕێزمانی نیە بۆ ئەوەی ئەم دۆخە جیابکاتەوە،بەڵکو هەر لە باری بێلایەنی دایە (ك.ك.کوردۆییێڤ 1984: 75).

لە شێوەزاری خۆ شناوەتیدا نیـ شانەی دۆ خی بەرکاری هە یە، کە بە هۆ یەوە ڕەگەزی ناوەکە یەکلایی دەکرێتەوە کە نێر، یاخود مێیە ئە مەش بۆ ناوە بێلایە نەکان (بێگیا نەکان) و دوو لایەنەکا نە کە ڕە گەزیان د یار نیـ یە، جـ گە لە ناوە کانی تر کە ڕە گەزیان د یارە ئەوا ئەوانیش نیـ شانەی دۆ خی بەرکارییان دە چێتە سەر، نیشانەکانیش بۆ هەردوو ڕەگەز جیاوازن. لەم شێوەزارەدا ئەگەر هاتوو کاری ڕستەکە (ڕانەبردووی تێپەڕ)یان (داخوازی تێپەڕ) بێت ئەوا نیشانەی دۆ خی بەرکاری دە چێتە سەر ناوەکە. بەم شێوەیە:

1- ئەگەر هاتوو بەرکار ڕەگەزی (نێر) بوو ئەوا نیشانەی دۆ خی بەرکاری دەبێ تە(ی)، ئەگەر بەرکار(مێ) بوو ئەوا نیشانەی دۆ خی بەرکاری دەبێ تە(ێ)، هەروەك لە یا سای ژمارە(53)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(53)**

ناو/جێناو(بکەر) + ناو/جێناو(بەرکار) + نیشانەی دۆخی بەرکاری + کار

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ئازاد | + | خانی | + | ی | +[*] | ە فرۆشی. |
| ئەتو | + | کوڕ | + | ی | + | بنێرە. |
| نازدار | + | سێو | + | یٚ | + | خواتن. |
| نەسرین | + | بزن | + | یٚ | + | بدۆشە. |

ئەم یا سایەش لەم چەند نموونەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە لەگەڵ د یالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا:

(78)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| ئەتو کوڕی بنێرە مەکتەبیٚ. | تۆ کوڕەکەت بنێرە قوتابخانە. |
| ئازاد داریە بڕی. | ئازاد دار دەبڕێت. |
| ئەنگۆ مامۆستای ماندی مەکەن. | ئێوە مامۆستا ماندوو مەکەن. |
| نەسرین مەڕیٚ یە دۆشی. | نەسرین مەڕ دەدۆشیٚ. |
| ئەتو مامۆستاییٚ بنێرە مەکتەبیٚ. | تۆ مامۆستا بنێرە قوتابخانە. |
| ئەنگۆ ئەویٚ بناسن. | ئێوە ئەو بناسن. |

لەم نموونانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە نیشانەی دۆخی بەرکاری لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بریتین: لە (ی، یٚ)، کە چی لە د یالێکتی کرمانجی ناوەڕا ستدا هیچ نیشانەیەکی دۆخی بەرکاری بەرچاو ناکەوێت.

2- لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا ئەگەر هاتوو (بەرکار) لەڕووی ژمارەوە (کۆ) بوو ئەوا هیچ نیشانەیەکی ڕێزمانی دۆخ وەرناگرێت واتە بە هەمان شێوەی د یالێکتی کرمانجی ناوەڕاستە هەروەك لە یاسای ژمارە(54)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(54)**

ناو/جێناو(بکەر) + ناو(بەرکار) + م.کۆکردنەوە + کار

↓ ↓ ↓ ↓

ئازاد + کتاب + ان + ەکڕی.

---

[*] لێرەدا (ە فرۆشی) پێکهاتووە لە (ئە + فرۆشی). لە ڕستەدا دەنگی [ئ] لەناودەچیٚ بۆ ئاسانی دەربڕین.

### 3-1-2-4-3. دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ (Dative Case):

دۆ خی بەرکاری ناڕا ستەوخۆ نیشاندانی دۆخێکە کە تاکێك یان شتێك دەبێتە کارتێکراوی، یان باس لێکراوی دۆخەکە (Trask 1993: 70). لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا بەهۆی پێشبەندەکانەوە بەرکاری ناڕاستەوخۆ پەیدا دەبێ.

دۆ خی ناڕا ستەوخۆ لە شێوەزاری خۆ شناوەتیدا بەهۆی یەکێك لە پێشبەندەکانەوە کە دەکەونە پێش ناوەکە، بە دوای ناوەکەوەش نیشانەکانی دۆخی بەرکاری ناڕا ستەوخۆ دەردە کەون، کە بە تەواوی لە دۆخە کەوە ئەرکی جێ ندەر دەبەخشن، کە بە هۆیا نەوە ناوە بێلایە نەکان و دوو لایە نەکان بە لایە کدا دە کەون لە ڕووی ڕە گەزەوە، وا تە لەم دۆ خەدا ناوە گ شتییەکان و تایبەتی یەکان ڕە گەزیان دیاریدەکرێت بەم شێوەیە:

1- لە شێوەزارەکەدا ئە گەر هاتوو بەرکاری ناڕا ستەوخۆ ڕە گەزی ن ێر بوو ئەوا نیشانەی(ی) وەردەگرێت. هەروەك لە یاسای ژمارە(55)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(55)**

... + پێشبەند + بەرکاری ناڕاستەوخۆ + نیشانەی دۆخ + ...

... + لۆ + ئازاد + ی + ...

... + وە + مامۆستا + ی + ...

ئەم یا سایە لە گەڵ د یالێکتی کر مانجی ناوەڕا ستدا لەم نموونا نەی خوارەوەدا دیاریدەکەین:

(79)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| ئەتو کتاب لۆ نەوزادی هەنارد. | تۆ کتێبەکەت بۆ نەوزاد نارد. |
| ئەوان وە گاسنی زەویە کێرن. | ئەوان بە گاسن زەوی دەکێڵن. |
| گو رم لۆ مامۆستای برد. | گوڵم بۆ مامۆستا برد. |

2- ئەگەر هاتوو بەرکاری ناڕاستەوخۆ ڕەگەزی مێ بوو ئەوا نیشانەی دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ دەبێتە (ێ) هەورەك لە یاسای ژمارە(56)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(56)**

**... + پێشبەند + بەرکاری ناڕاستەوخۆ + نیشانەی دۆخ + ...**

... + لۆ + نەسرین + ێ + ...

... + لۆ + دختۆر + ێ + ...

... + وە + مار + ێ + ...

**ئەم یا سایەش لەم چەند نموو نەی خوارەوەدا لە گەڵ د یالێکتی کر مانجی ناوەڕاستدا ڕوون دەکەینەوە:**

(80)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| ئەچمە ماریێ نگۆ. ئەمن نان(*) لۆ نە سرینێ هینا. | دەچمە ماڵی ئێوە. ئەمن نانم بۆ نەسرین هێنا. |

**لەم نموونانەدا بۆمان دەردەکەوێت کە نیشانەکانی دۆخی بەرکاری ناڕاستەوخۆ لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بەرچاودەکەون، بەڵام لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا ئەم نیشانانە بۆ ڕەگەزەکان بەرچاو ناکەون.**

**لە شێوەزاری خۆ شناوەتیدا کا تێ ئاوەڵ کارە کاتیـ یەکان دەبـ نە تەواو کەری ناڕاستەوخۆ ئەوا نیشانەی دۆخ وەردەگرن، بەڵام لێرەدا تەنیا نیشانەی ڕەگەزی(مێ) دەردە کەوێت وا تە ئاوەڵ کارە کاتیـیەکان لەم شێوەزارەدا بەر ڕەگەزی ( مێ) دە کەون ئەمەش بە هەمان یاسای پێشوو جێبەجێ دەکرێت، وەك:**

**ئەمن + وە + شەو + ێ + هاتم**

**نیشانەی ڕەگەزی(مێ)**

**ئەم نیشانەیەش (ێ) لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا دەرنا کەوێت و ڕەگەزی ئاوەڵکارەکە دیارنییە بۆ نموونە:**

---

(*) هۆی دەرنەکەوتنی جێناوی لکاوی کەسی یەکەم(م) لەسەر بەرکار بەهۆی ئەوەیە کە کارەکە تێپەڕە و جێناوی کەسی سەربەخۆ لە ڕستەدا هەیە، (بڕوانە بەشی دووەم: ل45).

(81)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| ئەمن وە شەوێ هاتم. | من بە شەو هاتم. |
| ئەنگۆ وە ڕۆژێ بخوینن. | ئێوە بە ڕۆژ بخوێنن. |

## 3-4-2-1-4. دۆخی خستنەپاڵ (Genetive Case):

لە دۆ خی خ ستنەپاڵدا کا تێ د یارخراو دیار خەرێکی دەبێت ئەوا نیشانەی ڕێز مانی دۆ خی خستنە سەر لە نێوانیا ندا درو ست دەبێت. (لە دۆ خی خ ستنەپاڵدا نیشانەکانی دۆخەکە لە نێوان نێر و مێدا جیاوازی دەکا بەم پێیە نیشانەی خاوەندێتی ج یاوازی دە کا بەم پێ یە نی شانەی خاوە ندێتی و جێ ندەر و خ ستنەپاڵ(ئیزافە) لە نیشانەکە کۆدەبنەوە (سەباح ڕەشید 2006: 66). لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بۆ ئەم دۆخە نیشانەکانی دۆخ لە نێون نێر و مێدا جیاوازن، بەم شێوەیە:

1- ئەگەر هاتوو ناوە دیارخراوەکە ڕەگەزی نێر بوو ئەوا نیشانەی دۆ خی خستنە سەر دەبێتە(ێ)، بەپێی یاسای ژمارە(57) دەبێ:

**یاسای ژمارە(57)**

ناو(دیارخراو) + نیشانەی دۆخی خستنەپاڵ + دیارخەر + نیشانەی ڕەگەز + ...

باو + ێ + ئازاد + ی + ...

کوڕ + ێ + نگۆ + ∅ + ...

هەروەك لەم نموونانەی خوارەوەدا ڕوونکراوەتەوە:

(82)

| نموونە لە(ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| کوڕێ نگۆ هات. | کوڕی ئێوە هات. |
| برایێ نەسرینێ زیرەکە. | برای نەسرین زیرەکە. |
| منداڕێ ئازادی ڕۆیشتن. | منداڵی ئازاد ڕۆیشتن. |

2- ئەگەر هاتوو ناوە دیارخراوەکە مێ بوو ئەوا نیشانەی ڕێزمانی دۆخی خستنەسەر لەم شێوەزارەدا دەبێتە(ا)، ئەمەش بەپێی یاسای ژمارە(58) دەبێ:

**یاسای ژمارە(58)**

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناو | + | نیشانەی دۆخی خستنەپاڵ | + | دیارخەر | + | نیشانەی ڕەگەز | + ... |
| ↓ | | ↓ | | ↓ | | ↓ | |
| خوشك | + | ا | + | ئازاد | + | ی | + ... |
| کیژ | + | ا | + | نەسرین | + | ێ | + ... |

بۆ نموونە:

(83)

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| خوشکا ئازادی زیرەکە. | خوشکی ئازاد زیرەکە. |
| کیژا نەسرینێ هات. | کچی نەسرین هات. |

لەم نموونانەدا ئەوە ڕووندەبێتەوە کە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا نیشانەی دۆخی خستنەپاڵ بە پێی ڕەگەزی ناوەکە دەگۆڕێت، بەڵام لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا بۆ هەردوو ڕەگەز نیشانەکە (ی)یە واتە جیاوازییان نییە.

## 3-4-2-1-5. دۆخی سەرچاوە یان(دەستپێك) (Ablative Case):

ئەمەش دۆخێکە بۆ ناو لە هەندێ زمانندا کاتێك کە ناوەکە پێشبەندێکی پێش دەکەوێ ئەوا دەسپێکی شوێنەکە دەستنیشان دەکات، ئەمەش بەرامبەر ئەو دۆخەی ئینگلیزی دەوەستێ کە بە (From) دەست پێدەکات (محمد علی الخولی 1982: 1). لە زمانی کوردیدا پێشبەندی (لە) ئەو ڕۆڵە دەگێڕێ وەك (لە هەولێرەوە هاتووم). لێرەدا هەولێر خاڵی دەستپێکردنی ڕووداوەکە کە (هاتن)ەکەیە نیشاندەدات.

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا نیشانەکانی دۆخی(ablative) بۆ هەردوو ڕەگەز جیاوازن. لەم شێوەزارەدا پێشبەندی(دە) ئەم ڕۆڵە دەگێڕێ کە بەرامبەر بە( لە)ی کرمانجی ناوەڕاست دێت. نیشانەی دۆخی سەرچاوە بۆ ڕەگەزی نێر (ی) یە، بۆ ڕەگەزی مێ (ێ)یە هەروەك لە یاسای ژمارە(59)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(59)**

پێشبەند + ناو + نیشانەی دۆخی سەرچاوە + پاشبەند + ....

دە + هەولێر + ێ + ڕا + ...

دە + گوند + ی + ڕا + ...

لێرەدا (هەولێر) بەر ڕەگەزی مێ دەکەوێت و (گوند) بەر ڕەگەزی نێر دەکەوێت. پێشبەندەکە و نیشانەی دۆخی سەرچاوەکە بەیەکەوە نیشانەکە دروست دەکەن، بۆ نموونە:

(84)

| (د.ك.ن) | (ش.خ) |
|---|---|
| لە هەولێرەوە هاتین. | دە هەولێرێ ڕا هاتینە. |
| ئازاد لە شارەوە هاتووە. | ئازاد دەگوندی ڕا هاتیە. |

## 3-4-2-1-6. دۆخی بانگکردن (Vocative Case):

لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا تەنیا لەم دۆخەدا نیشانەکانی دۆخ جیادەکرێتەوە (لە کرمانجی ناوەڕاستدا لە دۆخی بانگکردندا نەبێ نیشانەکانی دۆخ جیاناکرێنەوە) (وریا عومەر 2004: 160). نیشانەکانی دۆخ لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بۆ ڕەگەزی نێر ئەوا نیشانەی(ە) بەکاردێت وەك (کوڕە، کاکە، مامە...)، بۆ ڕەگەزی مێ نیشانەی دۆخی بانگکردن بریتییە لە (ێ). وەك (کچێ، پلکێ، خوشکێ...هتد).

نیشانەکانی دۆخی بانگکردن لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا جیاوازییان هەیە لە ڕەگەزی نێر و مێدا، بە جۆرێ کە دۆخی بانگکردن بۆ ڕەگەزی نێر بریتییە لە(ۆ) وەك (کاکۆ، مامۆ، باوۆ...هتد)، بەڵام بۆ ڕەگەزی مێ نیشانەکە دەبێتە (ێ) وەك (پورێ...هتد) واتە بە هەمان شێوەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستە، وەك لە یاسای ژمار(60)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(60)**

**ناو(گشتی) + نیشانەی دۆخی بانگکردن ...**

| | | | |
|---|---|---|---|
| **کوڕ** | + | **ۆ** | .... |
| **کیژ** | + | **ێ** | .... |

**بۆ نموونە:**

(85)

| **(ش.خ)** | **(د.ك.ن)** |
|---|---|
| **کوڕۆ وەرە ئێرە.** | **کوڕە وەرە ئێرە.** |
| **کیژێ ئەوێ ئیشێ مەکە.** | **کچێ ئەو کارە مەکە.** |

**لەم نموونا نەدا لە دیالێکتە کەو شێوەزارەکە نیشانەکانی دۆخ بۆ ناوی تاك جیاوازن، بەڵام ئەگەر ناوە بانگکراوەکە (کۆ) بوو ئەوا لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بە هەمان شێوەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست ئەوا نیشانەی (ینە) بۆ هەردوو ڕەگەز بەکاردێت و جیاوازییان نییە وەك (کوڕینە، کچینە...).**

**هەندێ جار بۆ هەردوو ڕەگەز نیشانەی دۆخی بانگکردن دەبێتە (ە) بۆ نموونە:**

86- **(باپیرە وەرە ئێرە).**

87- **(داپیرە بڕۆ مارێ).**

**لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بۆ دۆخی بانگکردن جیاوازییەکی تر هەیە کە لە کرمانجی ناوەڕاستدا نییە، کە ئەمەش ناوە تایبەتییەکانی مرۆڤ دەگرێتەوە بە شێوەیەك کە نیشانەی دۆخی بانگکردن بۆ ناوی تایبەتی نێر بریتییە لە (کە)، بۆ ڕەگەزی مێ (کێ)یە. وەك:**

88- **(هۆ حوسێنکە وەرە ئێرە).**

**(حوسێن +کە).**

89- (هۆ ئەسمەرکێ وەرە ئێرە).

(ئەسمەر + کێ).

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا ئەم جۆرە بانگکردنە بۆ مەبەستی (خۆشەویستی)، یان (ڕق لێبوو نەوە) بەکاردێت، بەڵام لە د یالێکتی کر مانجی ناوەڕا ستدا ناوە تایبەتییەکانی مرۆڤ نیشانەی دۆخ وەرناگرن.

بە شێوەیەکی گ شتی نیشانەکانی دۆخ لە شێوەزاری خۆ شناوەتیدا لە چوارچێوەی ئەم خشتەیەدا دەخەینەڕوو:

| ژ | دۆخ | نیشانەی ڕەگەزی نێر | نیشانەی ڕەگەزی مێ |
|---|---|---|---|
| 1- | بکەری | (ی)، (ێ) لە هەندێ ناوچە. | (ێ)، (ا) لە هەندێ ناوچە. |
| 2- | بەرکاری ڕاستەوخۆ | (ی) | (ێ) |
| 3- | بەرکاری ناڕاستەوخۆ | (ی) | (ێ) |
| 4- | خستنەپاڵ | (ێ) | (ا) |
| 5- | سەرچاوە | (دە)...(ی) | (دە)...(ێ) |
| 6- | بانگکردن | (ۆ)، (کە) | (ێ)، (کێ) |

خشتەی ژمارە(8)

## 5-3. **ئەرکی جێناوە کەسییەکان لە ڕستەدا**:

**هەروەکو پێشتر ئاماژەی بۆ کرا جێناوە کەسییە سەربەخۆکان لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا دوو کۆمەڵەن ئەوانیش:**

1- **کۆمەڵەی خاوەندێتی.**

2- **کۆمەڵەی ئاسایی.** (بڕوانە بەشی دووەم: ل42).

**هەریەك لەم کۆمەڵانە ئەرکی جیاوازیان هەیە لە ڕستەدا. هەرچی جێناوە کەسییە سەربەخۆکانی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستە یەك کۆمەڵەن بۆ هەردوو باری(ئاسایی و خاوەندێتی) لە ڕستەدا هەموو ئەرکەکان دەبینن و لەگەڵ هەموو جۆرەکانی کاردا دەتوانن دەربکەون (ئەو کۆمەڵە جێناوە سەربەخۆیە: (من، تۆ، ئەو، ئێمە، ئێوە، ئەوان) جگە لە ئەرکی ئاسایی خۆیان واتە وەکو فرەیزێکی ناوی ئەرکی(بکەری و بەرکاری و تەواوکەری بەیاریدە) ئەوا ئەرکی خاوەنییەتیش دەبینن) (عەبدوڵڵا حوسێن 2000: 45). لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا جێناوە کەسییە سەربەخۆکانی کۆمەڵەی ئاسایی (ئەمن، ئەتو، ئەوی/ئەوێ) (ئەمە، ئەنگۆ، ئەوان) تەنیا دەتوانن وەکو فرەیزێکی ناوی ئەرکی (بکەر، بەرکار، جێگری بکەر) ببینن. هەرچی ئەرکەکانی تری ناوە لە ڕستەدا ئەوا کۆمەڵەی خاوەندێتی ( من، تو، وی/وێ) ( مە، ذگۆ، وان) پێیان هەڵدەستن بەم شێوەیەی خوارەوە:**

1- **دەرکەوتنی جێناوە سەربەخۆکانی کۆمەڵەی ئاسایی وەکو(بکەر) لە ڕستەدا، وەك:**

(90)

| **نموونە لە(ش.خ)** | **نموونە لە(د.ك.ن)** |
|---|---|
| **<u>ئەمن</u> ڕۆیشتم.** | **<u>من</u> ڕۆیشتم.** |
| **<u>ئەتو</u> ئاو هینا.** | **<u>تۆ</u> ئاوت هێنا.** |
| **<u>ئەوی</u> ڕۆیشت.** | **<u>ئەو</u> ڕۆیشت.** |
| **<u>ئەوێ</u> نانیە خواتن/خوا.** | **<u>ئەو</u> نان دەخوات.** |
| **<u>ئەمە</u> ئاڕۆینە هەولێرێ (داهاتوو).** | **<u>ئێمە</u> دەڕۆینە هەولێر.** |
| **<u>ئەنگۆ</u> دەرسێ بنویسن.** | **<u>ئێوە</u> وانەکە بنووسن.** |
| **<u>ئەوانە</u> ڕۆنە گوندی.** | **<u>ئەوان</u> دەڕۆنە گوند.** |

2– دەر کەوتنی جێ ناوە سەربەخۆکانی کۆمە ڵەی ئا سایی وەکو( بەرکار) لە ڕ ستەدا لەگەڵ هەموو جۆرەکانی کاردا ئەم ئەرکە دەبینن جگە لە کاری ڕا بردووی تێنە پەڕ و ڕانەبردووی تێنەپەڕ، وەك:

(91)

| نموونە لە(ش.خ) | نموونە لە(د.ك.ن) |
|---|---|
| ئەمن ئەنگۆ ئەناسم. | من ئێوە دەناسم. |
| ئەویَ ئەمن دیت. | ئەو منی بینی. |
| ئەمە ئەتوا(ت) هینایە. | ئێمە تۆمان هێناوە. |
| ئەوی ئەنگۆ خۆشەویَ. | ئەو ئێوەی خۆشدەویَ. |
| ئازاد ئەوانەباتە سەیرانێ. | ئازاد ئەوان دەباتە سەیران. |

3– دەر کەوتنی جێ ناوە سەربەخۆکانی کۆمە ڵەی ئا سایی وە کو(جێگری ب کەر) لە ڕستەدا، وەك:

(92)

| نموونە لە(ش.خ) | نموونە لە(د.ك.ن) |
|---|---|
| ئەوی کوژرا. | ئەو کوژرا. |
| ئەمە ئەناسرێن. | ئێمە دەناسرێین. |
| ئەوانە هینرێن. | ئەوان دەهێنرێن. |
| ئەتوە بینرێی. | تۆ دەبینرێی. |

### 6-3. ئەرکی جێناوە کەسییەکانی کۆمەڵەی خاوەندێتی لە ڕستەدا:

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا جێناوە سەربەخۆکانی کۆمەڵەی خاوەندێتی(من، تو، وی/ویَ، مە، نگۆ، وان) لە ڕستەدا چەند ئەرکێك دەبینن. وەك: دیارخەر، تەواوکەری بەیار یدەی کار، تەواو کەری کاری نا تەواو(ە، بوو، دەب ێت). کە چی لە د یالێکتی کر مانجی ناوەڕا ست هەر یەك کۆمە ڵە جێ ناوی کە سی سەربەخۆ هە یە کە هەموو

---

(ت) ئەتوا: لێرەدا (ا) نیشانەی بەرکارییە(Accusative) کە تەنیا لەگەڵ کاری ڕا بردووی تەواو دەردەکەوێت لەم شێوەزارەدا.

ئەرکەکان لە ڕستەدا دەبینن. ئەرکەکانی جێناوە کەسییە سەربەخۆکانی خاوەندێتی لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بریتین لە:

1- دەبنە(دیارخەر) لەگەڵ کاری ڕا بردوو ڕا نەبردوو، کاری نا تەواو، کاری دا خوازی. بەم شێوەیە:

أ- لەگەڵ کاری ڕابردووی تێپەڕ، وەك:

(93)

| نموونە لە(ش.خ) | نموونە لە(د.ك.ن) |
|---|---|
| من | من |
| تو | تۆ |
| کوڕێ وی/وێ نان خوارد. | کوڕی ئەو نانی خوارد. |
| مە | ئێمە |
| نگۆ | ئێوە |
| وان | ئەوان |

ب- لەگەڵ کاری ڕابردووی تێنەپەڕ، وەك:

(94)

| نموونە لە(ش.خ) | نموونە لە(د.ك.ن) |
|---|---|
| من | من |
| تو | تۆ |
| کیژا وی/وێ هات. | کچی ئەو هات. |
| مە | ئێمە |
| نگۆ | ئێوە |
| وان | ئەوان |

ج– لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێپەڕ:

(95)

| نموونە لە(د.ک.ن) | نموونە لە(ش.خ) |
|---|---|
| من | من |
| تۆ | تو |
| کوڕەکەی ئەو یاری دەکات. | کوڕێ وی/ویَ گەمانە کاتن. |
| ئێمە | مە |
| ئێوە | نگۆ |
| ئەوان | وان |

د– لەگەڵ کاری ڕانەبردووی تێنەپەڕ، وەك:

(96)

| نموونە لە(د.ک.ن) | نموونە لە(ش.خ) |
|---|---|
| من | من |
| تۆ | تو |
| کچەکانی ئەو دەچنە قوتابخانە. | کیژا وی/ویَ ئەچنە مەکتەبێ. |
| ئێمە | مە |
| ئێوە | نگۆ |
| ئەوان | وان |

**ه- لەگەڵ کاری ناتەواو (ە، بوو، دەبێت)، وەك:**

(97)

| **نموونە لە(ش.خ)** | **نموونە لە(د.ك.ن)** |
|---|---|
| **من**<br>**تو**<br>**ماریێ وی/ویێ خۆشە/بوو/ەبی.**<br>**مە**<br>**نگۆ**<br>**وان** | **من**<br>**تۆ**<br>**ماڵی ئەو خۆشە/بوو/دەبێت.**<br>**ئێمە**<br>**ئێوە**<br>**ئەوان** |

**و- لەگەڵ کاری داخوازی، وەك:**

(98)

| **نموونە لە(ش.خ)** | **نموونە لە(د.ك.ن)** |
|---|---|
| **من**<br>**خانیێ وی/ویێ بکڕە.**<br>**مە**<br>**وان** | **من**<br>**خانووی ئەو بکڕە.**<br>**ئێمە**<br>**ئەوان** |

2- **جێناوە کەسیە سەربەخۆکانی کۆمەڵەی خاوەندێتی دەبنە(تەواوکەری بەیاریدەی کار) لە ڕستەدا ئەمەش بەهۆی پێشبەندەکان، وەك:**

(99)

| **نموونە لە(ش.خ)** | **نموونە لە(د.ك.ن)** |
|---|---|
| **دەفتەرم لۆ وی کڕی.** | **دەفتەرم بۆ ئەو کڕی.** |
| **ئەتوو گور دەوێ وەرگرە.** | **تۆ گوڵەکە لە ئەو وەرگرە.** |
| **ئەمن قسێ وە تۆوەرێم.** | **من قسەکە بە تۆ دەڵێم.** |
| **ئەنگۆ قاقەزێ لۆ وان بنویسن.** | **ئێوە نامە بۆ ئەوان بنوسن.** |

3- **دەبنە تەواوکەری کاری ناتەواو لە ڕستەدا، وەك:**

(100)

| **نموونە لە(ش.خ)** | **نموونە لە(د.ك.ن)** |
|---|---|
| **من** | **من** |
| **ئەوی(٭) کتابەی ئی نگۆیە/بوو/ەبی** | **ئەو کتێبە هی ئێوەیە/بوو/دەبێت** |
| **وان** | **ئەوان** |
| **تو** | **تۆ** |

**بە شێوەیەکی گشتی لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا جێناوە کەسییە سەربەخۆکانی کۆمەڵەی ئا سایی ئەرکی(بکەر، بەرکار، جێگری بکەر) دەبینن لە ڕستەدا، هەرچی جێناوە کەسییە سەربەخۆکانی کۆمەڵەی خاوەندێتی یە ئەوا ئەرکی (دیارخەر، تەواوکەری بەیاریدەی کار، تەواوکەری کاری ناتەواو) دەبینن لە ڕستەدا، بەڵام لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست بۆ هەموو ئەرکەکانی ناو لە ڕستەدا یەك کۆمەڵە جێناوی کەسی سەربەخۆ هەیە، لەم خشتەیەدا چۆنیەتی دەرکەوتنی ئەرکی جێناوە کەسیە سەربەخۆکانی شێوەزاری خۆشناوەتی ڕوون دەکەینەوە:**

---

(٭) ئەوی کتابەی ئی منە/بوو/ەبی، لەبەر ئەوەی لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا (کتێب) بەر ڕەگەزی نێر دەکەوێت بۆیە جێناوی هەیی(ئی) وەرگرتووە ئەمەش جۆرێکە لە ڕێککەوتن لە ڕووی ڕەگەزەوە (بڕوانە بەشی دووەم، ل58).

| ژمارە | کەس | کۆمەڵەی ئاسایی | ئەرکیان لە ڕستەدا | کۆمەڵەی خاوەندێتی | ئەرکیان لە ڕستەدا |
|---|---|---|---|---|---|
| تاک | 1<br>2<br>3 | ئەمن<br>ئەتوو<br>ئەوی<br>ئەوێ | بکەر<br><br>بەرکار<br><br>جێگری بکەر | من<br>تو<br>وی<br>وێ | تەواو کەری بەیاریدەی کار.<br><br>تەواوکەری ناو.<br><br>تەواو کەری کاری ناتەواو |
| کۆ | 1<br>2<br>3 | ئەمە<br>ئەنگۆ<br>ئەوان | | مە<br>نگۆ<br>وان | |

خشتەی ژمارە(9)

## 3-6-1. جێگۆڕکێی جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی خاوەندێتی لە ڕستەدا:

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی خاوەندێتی(م-ن) (ت-و) (ی- یان) لە ڕستەدا جێگۆڕکێ دەکەن، ئەم جێگۆڕکێیەش دەبێتە هۆی جیاوازی شوێنیان لەگەڵ جێناوە لکاوەکانی(م-مان) (ت-تان) (ی-یان)ی کرمانجی ناوەڕاست. ئەم جێگۆڕکێیەش بەهۆی چەند یاسایەك دادەڕێژین بەم شێوانەی خوارەوە:

1- ئەگەر هاتوو کاری ڕستەکە داخوازی(تێ پەڕ) بوو ئەوا جێناوە لکاوەکانی خاوەندێتی لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا بە(بکەر)ەوە دەلکێن و ڕۆڵی(بەرکار) دەگێڕن لە ڕستەدا، وەك لە یاسای ژمارە(61)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(61).**

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ج.کەسی ئاسایی(بکەر) | + | ج.لکاو(بەرکار) | + | م.داخوازی | + | ڕەگی کار | + | ج.لکاوی. ڕێککەوتن |
| ↓ | | ↓ | | ↓ | | ↓ | | ↓ |
| ئەتو | + | م | + | ب | + | کوژ | + | ی |
| ئەوان | + | و | + | ب | + | ناس | + | ن |

وە لەم نموونانەدا:

101- (ئەتوم بکوژی لە ئێکی دی چێترە).

102- (ئەوانو بناسن خۆشترە).

هەمان یاسا لە کرمانجی ناوەڕاستدا بە هۆی جێگۆڕکێی جێناوەکانەوە بە شێوەیەکی تر دادەڕێژرێ، ئەمەش بەپێی یاسای ژمارە(62) دەبێ:

**یاسای ژمارە(62)**

| ج.کەسی (بکەر) | + | م. داخوازی | + | ج.لکاو (بەرکار) | + | ڕەگی کار | + | ج.لکاوی. ڕێککەوتن |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تۆ | + | ب | + | م | + | کوژ | + | ی |
| ئەوان | + | ب | + | تان | + | ناس | + | ن |

وەك لەم نموونانەدا:

103- (تۆ بمکوژی لە یەکی تر چاکترە).

104- (ئەوان بتان ناسن خۆشترە).

لێرەدا جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی خاوەندێتی لەدیالێکتی کرمانجی ناوەڕاستدا کەوتوونەتە نێوان مۆرفیمی داخوازی(ب) و ڕەگی کارەکەوە و ڕۆڵی (بەرکار)یان گێڕاوە، کەچی لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی خاوەندێتی بە(بکەر)ەوە لکاون و هەمان ڕۆڵی(بەرکار)یان لە ڕستەدا گێڕاوە.

2- ئەگەر هاتوو جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی خاوەندێتی ڕۆڵی(تەواوکەری بەیاریدە)یان گێڕا لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا ئەوا بە(بکەر)ی ڕستەوە دەلکێن. وەك لە یاسای ژمارە(63)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(63)**

| ج.کەسی ئاسایی(بکەر) | + | ج.لکاو(تەواوکەری بەیاریدە) | + | ناو .... |
|---|---|---|---|---|
| ئەنگۆ | + | ی | + | کتاب .... |
| ئەوان | + | م | + | گور .... |

وەك لەم نموونانەدا:

105- (ئەنگۆی کتاب لۆ بینن).

106- (ئەوانم گور لۆ بچینن).

هەمان یا سا له کر مانجی ناوەڕا ستدا کاتێك جێ ناوه لکاوه کانی کۆمه ڵەی خاوەندێتی ڕۆڵی(تەواوکەری بەیاریدە) له ڕستەدا دەبینن ئەوا به هۆی جێگۆڕکێی جێناوەکا نەوه به شێوەیەکی تر دادەڕ یژرێ، وەك له یا سای ژ مارە(64)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(64)**

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| {ج.کەسی ئاسایی(بکەر) | + | ناو | + | ج.لکاو(تەواوکەری بەیاریدە) | .... } | |
| ↓ | | ↓ | | ↓ | | |
| ئێوە | + | کتێب | + | ی ..... | | |
| ئەوان | + | گولّ | + | م ..... | | |

وەك لەم نموونانەدا:

107- (ئێوە کتێبی بۆ بێنن).

108- (ئەوان گولّم بۆ دەچێنن).

3- ئەگەر هاتوو له ڕستەی کاری ڕابردووی تێپەڕدا ئاوڵکار له ڕستەکەدا هەبوو ئەوا له شێوەزاری خۆشناوەتیدا جێ ناوه لکاوه کانی کۆمه ڵەی خاوه ندێتی ڕۆڵی(بکەر) دەگێڕن و به ئاوەڵکارەکەوه دەلکێن، وەك له یاسای ژمارە(65)دا ڕوونکراوەتەوە:

**یاسای ژمارە(65)**

| | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| {ئاوەڵکار | + | ج.لکاو(بکەر) | + | ناو (بەرکار) | + | ڕەگی کار (ڕابردوو) | + | م.ڕابردوو} | |
| ↓ | | ↓ | | ↓ | | ↓ | | ↓ | |
| ئەوڕۆ | + | ن | + | مامۆستا | + | ناس | + | ی | |
| دونێ | + | و | + | کتاب | + | هین | + | ا | |

وەك لەم نموونانەدا:

(109) (ئەوڕۆن مامۆستا ناسی).

(110) (دونێو کتاب هینا).

هەمان یاسا لە کرمانجی ناوەڕاستدا بەشێوەیەکی تر دادەڕێژرێ ئەویش بەهۆی جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی خاوەندێتیەوە، ئەمەش بەپێی یاسای ژمارە(66)دا دەبێ:

**یاسای ژمارە(66)**

{ ئاوەڵکار + ناو(بەرکار) + ج.لکاو(بکەر)+ ڕەگی کار(ڕابردوو) + م.ڕابردوو }

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ئەوڕۆ | ماموستا | مان | ناس | ی |
| دوێنێ | کتاب | تان | هێن | ا |

لێرەدا جێناوەلکاوەکانی کۆمەڵەی خاوەندێتی لە کرمانجی ناوەڕاستدا بە(بەرکار)ەوە لکاون.

## 7-3. **ڕێککەوتن لە سنوری ڕستەدا**(Agreement):

ڕێک کەوتن لە هەموو زمانێ کدا دەگەڕێ تەوە بۆ ئەو کە سانەی کە زمانە کە بەکاردێنن، واتە دەبێ شێوەی بەکارهێنانی لە لایەن ئەو کەسانەوە بێت کە بە زمانەکە دەدوێن و شارەزاییان لە زمانەکەدا هەیە.

**ڕێککەوتن:** دیاردەیەکی ڕێزمانیە، کە لە ناو ڕستەدا کەرستەیەك بە کەرەستەیەکی ترەوە گرێ دەدات و پەیوەندی ڕێزمانی لە نێوانیاندا دیاریدەکات ( Trask 1993: 12). لە زۆربەی زمانەکانی دنیادا کەرەستەکانی ڕستە (بکەر، بەرکار، کار) ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە ڕێککەوتنی ڕستەدا (لە زۆر زماندا ... هەندێ لە بەشەکانی ڕستە لە گەڵ یەك ڕێکدەکەون ئەمەش لە ڕوو یەك یان زیاتر لە چەمکی گرامەری وەك کەس(Person)، ژمارە(Number)، ڕەگەز(Gender) و دۆخ(Case) (ور یا عو مەر 2004: 159). بە شێوەیەکی گشتی ڕێک کەوتن دەبێتە هۆی زیاتر ڕوونکردنەوەی شێوەی کەرەستە ڕێک کەوتووەکان لە ڕستەدا، واتای فرەیی، یان ڕستەکە ڕوون دەکاتەوە لە لای گوێگر. سەبارەت بە جۆری ڕێککەوتنەکان دوو جۆرە ڕێککەوتن لە ئارادا هەیە ئەوانیش:

1- **ڕێک کەوتنی ڕێزمانی:** بریتیە لە ڕێک کەوتن لە ڕووی سیما ڕێزمانیەکانی وەك(ژمارە، کەس، ڕەگەز).

2- **ڕێککەوتنی واتایی:** بریتییە لە ڕێککەوتنی کەرەستەکانی ڕستە لە ڕووی واتاوە (ڤیان سلێمان 2001: 26)، بۆ نموونە کە دەڵێن:

(111) (ئەمن لە کارەکەدا سەرکەوتم).

بکەر     کار

(112) (ئێمە هاتین).

بکەر کار

لەم ڕستانەدا ڕێککەوتنی (بکەر و کار) لە ڕووی کەس و ژمارە و واتاوە دروستە، یان کە دەڵێن:

(113) دارەکە هات.

بکەر     کار

لەم ڕستەیەدا ڕێک کەوتن لە ڕووی ڕێزمانییەوە تەواوە، بەڵام لە ڕووی واتاوە ڕێککەوتنەکە واتادار نییە چونکە (دار) ئەم کارەی پێناکرێت. ئەمەش دەبێتە هۆی شکاندنی یا سای(هەڵبژاردنی واتایی–S-Selection) (هەڵبژاردنی کەتیگۆڕی–-C Selection) ئەمەش ناوێزەی سیمانتیکی ئاستی ئاسۆیی واتایە.

## 3–7–1. ڕێککەوتنی کەرەستەکانی ڕستە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا:

لە شێوەزاری خۆ شناوەتیدا دوو جۆرە ڕێک کەوتن لە نێوان کەرە ستە سەرەکییەکانی ڕستەدا دەبینرێ ئەوانیش:

1– ڕێککەوتنی بکەر و کار.

2– ڕێککەوتنی بەرکار و کار.

## 3–7–1–1. ڕێککەوتنی (بکەر و کار):

لە شێوەزاری خۆ شناوەتیدا (بکەر و کار) لەگەڵ یەکتری ڕێکدەکەون لەڕووی کەس و ژ مارەوە. ئەمەش ئەگەر هاتوو کاری ڕ ستەکە(ڕابردووی تێنە پەڕ)، یان (ڕا نەبردووی تێ پەڕ و تێنە پەڕ) بێت. لەم ڕێککەوتنە شدا (بکەر) کەرە ستەیەکی بە دەسەڵاتە، کار دەکاتە سەر (کار)ی ڕستەکە بۆ ئەوەی فۆڕمی جێناوە لکاوەکان بە خۆیەوە بگرێت و بکەونە دوای کارە ڕابردووەکە یان ڕەگی کاری کارە ڕانەبردووەکە، بۆ نموونە:

(114) **نموونە لە(ش.خ)** **نموونە لە(د.ك.ن)**

**ئەمە ئەچینە گوندی.** **ئێمە دەچینە گوندەکە.**

**نیشانەی ڕەگەز بۆ (نێر)**

**بکەر کار** **بکەر کار**

(115) **ئەنگۆ هاتن.** **ئێوە هاتن.**

**بکەر کار**

**2كۆ 2كۆ**

**بکەر کار**

**لەم نموونا نەدا دەردە کەوێت کە بکەری ڕستەکان (ئێمە، ئێوە) (ئە مە، ئەنگۆ) کەرە ستەی بە دە سەلاتن و کار یان کردۆ تە سەر(کارەکە) کە جێ ناوە لکاوەکاذ یان وەربگرێت بۆ ئەوەی ڕێککەوتنەکە لە ڕووی کەس و ژمارە و واتاوە دروست بێت.**

## 2-1-7-3. **ڕێککەوتنی (بەرکار و کار):**

**لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا ( بەرکار و کار) لە گەڵ یەکتر یدا ڕێکدە کەون ئە گەر هاتوو کاری ڕستەکە (ڕا بردووی تێپەڕ) بێت ئەم جۆرە ڕێککەوتنەش بە(ئێرگەتیڤ– Ergative) نا سراوە، ئێر گەتیڤ (دۆخێ کی ڕێزمانی یە کە پەیوە ندداره بە بکەری کارە کانی ڕا بردووی تێ پەڕ لەم پێکهاتە یەدا. لێرەدا (بکەر) مەبە ستمان کە سێکی زیندووە، کە لە دۆخێکی ناکارادایە و (بەرکار)یشی لە دۆخێکی کارا دایە، (کار)یش لە ڕووی ژمارەوە (تاك و کۆ) لەگەڵ (بەرکار) ڕێکدەکەوێت (مزگین عە بدولڕەحمان 2006: 5). ئەم جۆرە ڕێککەوتنە لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕا ستدا کە مە. وا تە ئە گەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت ئەوا لە کرمانجی ناوەڕاستدا ڕێککەوتن لە نێوان (بکەر و بەرکار)ە. بەلام لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا ڕێک کەوتن لە نێوان ( بەرکار و کار)دا دەبێت، واتە لێرەدا (کار) لەگەڵ (بەرکار) لە کەس و ژمارەدا ڕێکدەکەون، واتە (بەرکار) لە چ کەس و ژمارەیەك دابێ (کار)یش جێناوێکی لکاوی سەر بە هەمان کەس و ژمارە وەردەگرێت، بۆ نموونە:**

(116) **نموونە لە (ش.خ)** **نموونە لە(د.ک.ن)**

ئەمن کتاب کڕین(ت). من کتێبەکانم کڕی.

بکەر بەرکار کار بکەر بەرکار کار

(117) نەسرینێ نان خوارد ∅ نەسرین نانی خوارد.

3تاک 3تاک مۆرفیمی سفرە 3تاک 3تاک

بکەر بەرکار کار بکەر بەرکار کار

نیشانەی دۆخی بکەرییە

(118) ئەنگۆ مەڕ دۆشین. ئێوە مەڕەکانتان دۆشی.

2کۆ 2کۆ 2کۆ 2کۆ

بەرکار کار بکەر بەرکار کار

بکەر

لەم نموونانەدا دەردەکەوێت کە کەرەستەکانی ڕستە لەڕووی کەس و ژمارەوە لەگەڵ یەکتریدا ڕێککەوتوون.

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا ئەگەر بەرکار(کۆ) بوو ئەوا بە هۆی مۆرفیمی(ن)ی کۆکرد نەوە، ژ مارەی بەرکاری ڕ ستەکە دیار یدەکرێت. ئەم جۆرە ڕێککەوت نە لە زۆر زماندا دەبینرێ (زمانی وا هەیە ڕێککەوتن تیایدا لە نێوان بەرکار و کاردا دەردە کەوێت وەك ز مانی (با سك)، کر مانجی ژووروش لە کاتی ڕا بردوودا بەر ئەم جۆرە زما نە دەکەوێ (وریا عومەر، 2004: 163).

## 8-3. ڕێککەوتنی جێناوە کەسییەکان لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا:

1- ڕێک کەوتنی جێ ناوە سەربەخۆکانی کۆمە ڵەی ئا سایی: جێناوە کانیش بە هەمان شێوەی (ناو) ڕێککەوتن لە نێوانیاندا دەبینرێ. بەم شێوەیەی خوارەوە:

(ت) لەم نموونەیەدا بەرکار کۆیە ئەمەش بە هۆی مۆرفیمی کۆکردنەوە (ن) کە کەوتۆتە کۆتایی ڕە گی کارە کە بە مەش دەزاندرێت کە بەرکارەکە کۆیە (بڕوانە بەشی دووەم: ل38).

أ- ئەگەر کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت ئەوا ڕێککەوتنەکە لە نێوان( بەرکار و کار)دا دەبێت ئەم ڕێککەوتنەش دەگەڕێتەوە بۆ کەس و ژمارەی جێناوەکان لە ڕستەدا، بۆ نموونە:

(119) نموونە لە(ش.خ) — نموونە لە(د.ک.ن)





(120)




لەم نموونانەی سەرەوەدا بۆمان دەردەکەوێت کە جێناوەکانیش لەڕووی کەس و ژ مارەوە لە گەڵ یەکتری ڕێکدەکەون. ئەوەی لەم نموونانەدا گرنگە ئەوە یە کە لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا جێناوە لکاوەکانی نامێنن واتە بەوێنەی کرمانجی ناوەڕاست چالاک نین. لێرەدا تێبینی ئەوە دەکرێ بەهۆی بوونی جێناوی کەسی سەربەخۆ(بکەر) ئەوا جێناوە لکاوەکان دەرنەکەون لە ڕستەدا چونکە ئەگەر هاتوو(بکەر) لە ڕستەدا نەبوو ئەوا جێناوە لکاوەکانی ڕۆڵی (بکەر) دەگێڕن لەم شێوەزارەدا دەردەکەون ئەم جۆرە جێناوە لکاوانەش لە جۆری جێناوی( بەرکار)ین، بۆ نموونە:

(121) نموونە لە(ش.خ) — نموونە لە(د.ک.ن)




(122)



کەواتە لەم نموونانەدا دەردەکەوێت کە ئەگەر جێناوی کەسی سەربەخۆ(بکەر) لە ڕستەدا نەبوو ئەوا جێناوە لکاوەکانی ڕۆڵی بکەر دەگێڕن لە ڕستەدا دەردەکەون، ئەم تایبەتمەندییەش لە کرمانجی ناوەڕاستدا نییە.

ب- ئەگەر هاتوو کاری ڕستەکە(ڕابردووی تێپەڕ) نەبوو واتە کارەکە لە کاتەکانی تردا بێت ئەوا ڕێککەوتن لە نێوان(بکەر و کار)دا دەبێت واتە بە هەمان شێوەی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست. وەك لەم نموونانەدا ڕوونکراوەتەوە:

(123) نموونە لە(ش.خ) — نموونە لە(د.ك.ن)

ئەمن ئەوانە بینم. — من ئەوان دەبینم.

1تاك 1تاك — 1تاك 1تاك

بکەر بەرکار کار — بکەر بەرکار کار

(124) ئەنگۆ هاتن. — ئێوە هاتن.

2کۆ 2کۆ — 2کۆ 2کۆ

بکەر کار — بکەر کار

2- ڕێککەوتنی (بەرکار، کار) لە جێناوە لکاوەکانی کۆمەڵەی خاوەندێتی شێوەزاری خۆشناوەتی:

لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا ئەگەر هاتوو کاری ڕستەکە ڕابردووی تێپەڕ بێت، ئەوا کاتێ (بکەر و بەرکار) لە ڕستەدا بە جێناو جێگیر دەکرێن ئەوا جێناوەکان لێرەدا بە جۆری جێناوی(بەرکار)ی دادەنرێن، بە ڕەگی کارەوە دەلکێن ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە ڕێککەوتن لە نێوان(بەرکار، کار)دا دروست بێت، هەرچی جێناوە لکاوەکانی (بکەر)ین لەم شێوەزارەدا لە ڕەگی کارەوە دوور دەکەونەوە ئەمەش پێچەوانەی جێناوە لکاوەکانی دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست هەڵسوکەوت دەکەن، بۆ نموونە:

(125) نموونە لە(ش.خ) — نموونە لە(د.ك.ن)

(ئەتو ئەوان هەناردن). — (تۆ ئەوانت نارد).

ت ن — ن ت

بکەر بەرکار کار م.کۆکردنەوە بۆ(ئەوان) — بەرکار بکەر کار

(126) (هە نارد ن  ت).
کار بەرکار بکەر

(نارد ت  ن).
کار بکەر بەرکار

(127) (خوارد م – و).
کار بەرکار بکەر

(خوارد تان + م).
کار بکەر بەرکار

## 9-3. ڕێککەوتنی کەرەستەکانی ڕستە لە چاوگی (هە)بوون دا:

**لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا ڕێککەوتنەکە لە نێوان (بەرکار) و کاری(هەبوون)دا ڕوودەدات ئەمەش کاتێ کاری هەبوون بە واتای خاوەندێتی دێت. کەچی لە دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست دا ڕێککەوتنەکە لە نێوان (بکەر) و (بەرکار) ڕوودەدات، هەروەك ئەم نموونانەی خوارەوە:**

(128) نموونە لە(د.ک.ن)

ئەوی دوو کوڕ هەنە.
کۆ م.کۆکردنەوە
بکەر بەرکار کار
نیشانەی دۆ: بکەر

نموونە لە(ش.خ)


ئەو دوو کوڕی هەیە.
3تاك 3تاك
بکەر بەرکار کار


(129) نەسرینێ کتێب هەبوو ∅.
بکەر بەرکار کار
نیشانەی دۆ: بکەر.

نەسرین کتێبی هەبوو.
3تاك 3تاك
بکەر بەرکار کار

(130) ئەمە ئەنگۆ هەبوون.
2کۆ م.کۆکردنەوە
بکەر بەرکار کار


ئێمە ئێوەمان هەبوو.
1کۆ 1کۆ
بکەر بەرکار کار




**لەم نموونا نەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێ تەوە کە لە شێوەزاری خۆ شناوەتیدا بەرکاری ڕستەکە لەگەڵ(کار)دا ڕێکدە کەون، بەڵام لە د یالێکتی کرمانجی ناوەڕا ستدا ڕێککەوتنەکە لە نێوان(بەرکار و بکەر)ی ڕستەکەیە.**

**بە شێوەیەکی گ شتی بۆ دەربڕینی جۆری ڕێککەوت نەکان لە شێوەزاری خۆشناوەتیدا ئەم خشتەیە دەخەینەڕوو:**




**لەگەڵ هەموو جۆرەکانی (کار)دا ڕێکدەکەون جگە لە کاری ڕابردووی تێپەڕ.**

[*] کوڕەکا ئەم(ا)یە نیشانەی کاتی ئێستایە تەنها ئەگەر ( بەرکار ) تاك بێت دەردەکەوێت لە شێوەزارەکەدا.

# ئەنجامەکان

# ئەنجامەکان

ئەم لێکۆڵینەوەیە ئەم ئەنجامانەی خوارەوەی لێدەکەوێتەوە، کە زیاتر پشت بە جیاوازییە هەڵکەوتووەکانی ئەو شێوەزارە دەبەستێ، کە لە زاری سەرەکی کرمانجی ناوەڕاست جیای دەکاتەوە:

1- لە بواری دەنگ سازیدا لە درکاندنی و شەفەرهەنگییەکاندا بە هۆی گۆڕینی فۆنیمەکان، کاریگەری بە سەر قاڵبی بڕگەکانیشەوە دەبێ، لەوەی کە زۆر جار لە کرمانجی ناوەڕاستدا بڕگەیەك بە بزوێن دەست پێدەکات، هەمان بڕگە بەو هۆکارەی سەرەوە بە نەبزوێن دەست پێدەکات، لەم شێوەزارە بە واتای ئەوەی سەرەتای بڕگەکە دەردەکەوێتەوە.

2- یاسا فۆنۆلۆجیەکان لەو شێوەزارە زۆر ڕوونتر دەردەکەون دەکرێ بڵێین زارە سەرەکییەکەش لە خستنەڕووی ئەو خاسییەتانەدا پەنای بردۆتە بەر جۆرێك لەو شێوەزارە، یاسای جێگۆڕکێی دەنگەکانیش لەم شێوەزارە بە شێوەیەکی بەرچاو لەو وشانە بەرچاو دەکەوێ کە لە زمانی ترەوە هاوردەن و لە بنجدا کوری نین.

3- لە پۆلکردنی جۆری ناوەکاندا لە پاڵ ئەوەی ناوی بێلایەن بەدی ناکرێ لەو شێوەزارەدا، بە پێوەرێکی سینتاکسی توانیوویەتی ناوە بێلایەنەکان و دوولایەنەکان بە لایەکدا بخات، بە واتای ئەوەی بە پێوەری پەیوەندی ڕستەسازی نێر و مێی ناوەکان پاسا و دەدات و لە جغزی دوو لایەنی وەدەریان دەنێ (بڕوانە نموونە: 13-16).

4- ناسراوکردنی ناو دیسانەوە لە ڕستەدا دیاریدەکرێت (بڕوانە نموونە: 17-22).

5- ئاوەڵناوی نیشانەکانیش لەگەڵ ناوە ئاماژەبۆکراوە کە لە ڕووی نێر و مێیەوە ڕێککەوتن دروست دەکات (بڕوانە نموونە: 47).

6- جێناوی هەیی لەو شێوەزارەدا باشتروایە پێی بوترێ جێناوی (ئەیی)، چونکە نەبزوێنی (هـ) بوونی نامێنێ، جگە لەوەی بە دوو فۆڕمی جیاواز (ئی، ئێ) بە پێی ڕەگەزی ناوەکە دێتە کایەوە و ڕێککەوتن دروست دەکات لە ڕستەدا.

7- جێناوی خۆیی فۆڕمی (بەخۆ، خۆ)ی هەیە لە هەر سێ جۆری جێناوە کە: خاوەندێتی، جەخت کردن، ڕەنگدەرەوە. (بڕوانە نموونە: 37-39)

8- جێناوە کەسییەکان (سەربەخۆکان) و نووسەکەکان لە جێناوەکانی کرمانجی سەروو نزیك دەبنەوە، لەگەڵ پاراستنی هەندێ تایبەتمەندی کە نە لە کرمانجی سەروو نە لە کرمانجی ناوەڕاست بەرچاو ناکەوێ، لە لایەکی ترەوە لە هەندێ باردا جێناوە

لکاوەکان یان دەرناکەون یان لە ذێوان بەرکار و کاری ڕستەکەدا لە ڕووی تاك و کۆدا ڕێککەوتن دروست دەکەن.

9- کاتی ئێستا و داهاتوو بە پشت بەستن بە هەندێ نیشانەی ئەسپێکتی کارەکان جیادەکرێنەوە بە تایبەتمەندییەکی بەرچاو و جیاواز لە زار و شێوەزارەکانی تر.

10- نیشانەی مۆرفۆلۆجی دۆخ بە چەمکی کۆن تا ئێستا ماوەتەوە و بە زەقی لە زۆربەی دۆخەکاندا دەردەکەون.

11  بوونی ئامرازی ( یٚ , ا ) بۆ پێکهێنانی فرەیز تایبەتە بەم شێوە زارەو لە دیالێکتی ناوەڕاستدا نیە . بڕوانە یاسای ژمارە ( 47 , 48 ) .

# سەرچاوەکان

# سەرچاوەکان

**یەکەم/ بە زمانی کوردی:**


1- ئەورەحمانی حاجی مارف(1976) زمانی کوردی لە بەر ڕۆ شنایی فۆنەتیکدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد: بەغدا.

2- ________ (1979) ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم (مۆرفۆلۆجی)، بەشی یەکەم-ناو-، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق: بەغدا.

3- ________ـ (1986) نوسینی کوردی بە ئەلفوبێی عەرەبی، مطبعة علاء، الوزيرية: بەغدا.

4- ________ (1986-أ) کێشەی جێناو، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(109): بەغدا.

5- ________ـ (1987) ڕێز مانی کوردی، بەرگی یە کەم، (وشە سازی)، بەشی دووەم جێناو-، دار الحرية للطباعة: بەغدا.

6- ________ـ (1988) ئاوەڵ ناو بە شە ئا خاوتنێکی سەربەخۆیە، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(118): بەغدا.

7- ________ (1989) وشەسازی، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(121): بەغدا.

8- ________ـ (2000) ڕێز مانی کوردی، بەرگی یە کەم (وشە سازی)، بەشی پێنجەم کردار-، دەزگای سەردەم: سلێمانی.

9- ________ (2004) فەرهەنگی زاراوەی زماننا سی، (کوردی-عەرەبی-ئینگلیزی): سلێمانی.

10- ئەبوبەکر عومەر قادر (2003) بەراوردێکی مۆرفۆسینتاکسی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.

11- ئیرز ست.ن.مەکارۆس(1987) ڕێز مانی کوردی دەنگ سازی-مۆرفۆ لۆژی، وەرگێڕانی برایم میرانی، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ. (115): بەغدا.

12- ئەکرەم حە مە سالح دەرو یش عەلی عە نەبی(2000) زاری هەورامی و فار سی ستاندەرد، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین: هەولێر.

13- تۆفیق وە هبی(1929) دە ستوری ز مانی کوردی، جز می یە کەم، دار الطبا عة الحديثة: بەغدا.

14- طالب حسين علي(1989) فۆنۆلۆجی کوردی و دیاردەی ئا سانبوونی فۆنیمەکان لە زاری سلێمانیدا، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین: هەولێر.

15- ڕه حمان ئیسماعیل حه سه‌ن(1991) بڕگه و ئا سان بوونی بڕگه له کورد یدا، نامه‌ی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سه‌لاحه‌ددین: هه‌ولێر.
16- ڕه‌فیق محه‌مه‌د محێدین شوانی (1997) ئامرازی به‌ستنه‌وه له زمانی کورد یدا، نامه‌ی دکتۆرا، کۆلیژی په‌روه‌رده‌ی (ابن رشد)، زانکۆی به‌غدا.
17- ـــــــــــــــــــ (1999) هۆی په یدابوونی زار و سه‌رهه‌ڵدانی زمانی نه‌ته‌وه‌یی، گ.زانکۆی دهۆك، ژ(6).
18- ـــــــــــــــــــ (2001) چه‌ند با به‌تێکی ز مان و ڕێز مانی کوردی، ده‌زگای چاپ و بڵاوکرد نه‌وه‌ی موکر یانی، چاپی یه که‌م، چ.وه‌زاره تی په‌روه‌رده: هه‌ولێر.
19- سه‌باح ڕه شید قادر (2006) هه ندێ لا یه‌نی ڕێز مانی ده سه‌ڵات و به ستنه‌وه (GB) له زمانی کوردیدا، نامه‌ی دکتۆرا، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی.
20- صادق به‌ها ئه‌دین (1987) ڕێزما نا کوردی (کر مانجی یا ژۆری و ژ ێری یا هه‌ڤبه‌رکری، چاپا یه‌کێ، طبع في مطابع دار الشؤون الثقافية العامة: به‌غدا.
21- عه بدوڵڵا حو سێن ڕه سول(1995) مۆرفیمه ڕێزمانیه‌کانی کار، نا مه‌ی دکتۆرا، کۆلێجی په‌روه‌رده‌ی ئیبن ڕوشد: به‌غدا.
22- ـــــــــــــــــــ (2000) ڕا ناوه که‌سیه‌کانی شێوه‌زاری خۆشناوه‌تی، گ.زانکۆ، ژ.(10)، ساڵی چواره‌م، زانکۆی سه‌لاحه‌ددین: هه‌ولێر.
23- غازی فاتح وه یس (1984) فۆنه‌تیك، چاپی یه که‌م، مطبعة الأد یب البغداد ية: بغداد.
24- ڤیان سلێمان حاجی سلێڤانه‌یی(2001) ڕێککه‌وتن له شێوه‌ی ژووروی زمانی کوردیدا، نامه‌ی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سه‌لاحه‌ددین: هه‌ولێر.
25- کوردۆییێڤ.ك.ك. (1984) ڕێزمانی کوردی به که‌ره سته‌ی د یالێکتی کرمانجی و سۆرانی، وه‌رگێڕانی کوردستان موکریانی، چاپخانه‌ی الأديب البغدادي: به‌غدا.
26- محمد معروف فتاح(1987) زمانه‌وانی، زانکۆی سه‌لاحه‌ددین: هه‌ولێر.
27- محه مه‌د مه‌عروف فه‌تاح و سه‌باح ڕه شید قادر(2006) چه‌ند لا یه‌نێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، چاپخانه‌ی ڕوون، به‌شی ڕوناکبیری: سلێمانی.
28- محه مه‌د ئه‌مین هه‌ورامانی(1974) سه‌ره‌تاییێك له فیلۆ لۆژی ز مانی کوردی، چاپخانه‌ی مه‌عاریف: به‌غدا.
29- مد مد جه‌مال تو تمه‌یی و ... ئه‌وانی تر (2006) کیمیا باران له خۆشناوه‌تیدا(هه‌وڵێك بۆ به مێژووکردن)، چاپی یه‌که‌م، چاپخانه‌ی هیوا: ڕانیه.

30- مزگین عه بدولڕەحمان ئه حمەد (2006) دۆ خی ئێر گەتیڤ له ز مانی کورد یدا (کر مانجی سەروو)، نا مەی ماج ستێر، کۆلێجی پەروەردەی زاذ سته مرۆڤایەتـ یەکان، زانکۆی سەلاحەددین: هەولێر.
31- محەمەدی مەحوی (2000) چەند لایەنێکی فۆنۆلۆژی ڕێزمانی کوردی و ڕێزمانی عەرەبی، چاپی یەکەم، چاپخانەی ژین: سلێمانی.
32- نوری عەلی ئەمین(1986) شێوازی ئەرێ و نەرێ لە ئاخاوتنی کوردیدا، گ.کۆڕی زانیاری عێراق دەستەی کورد- بەرگی (15): بەغدا.
33- نه سرین فەخری و کورد ستان موکر یانی(1982) ڕێز مانی کوردی، بۆ پۆلی یەکەمی بەشی کوردی، زانکۆی سەلاحەددین: هەولێر.
34- نه سرین فەخری(1985) لێکۆڵینـ ـەوەیێك دەر بارەی جێگۆر کێ و هەڵگێرا نەوە و گۆڕینی شوێنی دەنگ لە زمانی کوردیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق: بەغدا.
35- نەزیرە سابیر مـ ستەفا(2008) ڕێز مانی هەیی له ز مانی کورد یدا، نا مەی ماجستێر، کۆلێجی زمان، زانکۆی کۆیە.
36- نەریمان عه بدوڵلا خۆ شناو (2009) ڕێز مانی کوردی (به شەکانی ئا خاوتن)، چاپی یەکەم، چاپخانەی منارە: هەولێر.
37- هـیوا ئه حمەد عەسـساف(2008) هه ندێ جیاوازی زمانی له شێوەی ئا خاوتنی شوانیی کێشکدا به بەراورد لەگەڵ زاری کوردی ناوەڕاست، نامەی ماجستێر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاحەددین: هەولێر.
38- وریا عو مەر ئەمین(1982) وشە، گ.نو سەری کورد، ژ.(9)، یەکێتی نو سەرانی کورد: بەغدا.
39- ــــــــــــ (1982أ) ئیـ ـمیلای کوردی و چەند تێبینیـ ـیەك، گ.ك.ز.عێراق(دەستەی کورد)، ژمارە(9): بەغدا.
40- ــــــــــــ (1986) پاشبەندەکان، گ.کۆڕی زانیاری عێراق-دەستەی کورد، ژ.(15): بەغدا.
41- ــــــــــــ (1987) ڕێزمانی ڕاناو، گ.ڕۆشنبیری نوێ، ژ.(115): بەغدا.
42- ــــــــــــ (2004) ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، چاپی یەکەم، دەزگای ئاراس: هەولێر.
43- یو سف شریف سعید(1990) دۆ خەکانی ژێرەوە لای فیلـ مۆر و هه ندێ لا یەنی ڕستەسازی کوردی، نامەی ماجستێر، کۆلێجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین: هەولێر.

**دووەم/ بە زمانی فارسی:**

44- ابوالحسن نجفی(2008/1387) مبانی زبان شناسی، چاپ دهم، چاپ گلشن: تهران.

45- جورج یول (2006/1385) برر سی ز بان، تر جمه علی بهرا می، چاپ دوم، انتشارات رهنما: تهران.

46- جك ريچارد و ديگران (1996/1375) فرهنگ توضيحی زبانشناسی کار بردی، ترجمه حسين و ثوقی، چاپ دوم، مرکز ترجمه ونشر کتاب: تهران.

47- محمد رضا باطنی (2003/1382) نگاهی تازه به دستور زبان، چاپ دهم، مؤسسة انتشارات اگاه، چاپ نقش جهان: تهران.

48- رضا زمرديان (2000/1379) راهنمای گرد اوری وتوصيف گويشها، چاپ اول، انتشارات دانشگاه فردوسی: مشهد.

49- عبدالعظيم قريب وديگران (2008/1387) دستور زبان فارسی، چاپ چهارم، انتشارات ناهيد: تهران.

**سێیەم/ بە زمانی عەرەبی:**

50- أحمد مختار عمر(2006) دراسة الصوت اللغوي، الطبعة الرابعة، عالم الكتب: القاهرة.

51- شحدة فارع والأخرون(2003) مقدمة في اللغويات المعاصرة، الطبعة الثانية، دار وائل، عمان: الأردن.

52- غازي مختار طليمات (1997) في علم اللغة، الطبعة الأولى، مكتبة دار طلاس: دمشق.

53- كمال بشر(2000) علم الأصوات، دار غريب للطباعة والنشر: القاهرة.

54- كارل- ديترو بونتنج(2003) المدخل إلى علم اللغة، ترجمة سعيد حسن بحيرى، الطبعة الأولى، مؤسسة المختار للنشر والتوزيع: مصر.

55- كوردستان موكرياني (1989) قواعد اللغة الكردية، دار الحرية للطباعة: بغداد.

56- ماريوپاى(1998) أسس علم اللغة، ترجمة وتعليق أحمد مختار عمر(د.)، الطبعة الثامنة، عالم الكتب: القاهرة.

57- محمد علي الخولي(د.)(1982) معجم علم اللغة النظري، انكليزي-عربي، مكتبة لبنان: بيروت.

58- هد سن(1987) علم اللغة الأجتماعي، ترجمة محمود عبدالغني عياد، طبع في مطابع دار الشؤون الثقافية العامة: بغداد.

**چوارەم/ بە زمانی ئینگلیزی:**

59- Crystal, D.(1998) A dictionary of linguistics and phonetics, cornwall, Great Britain: London.
60- ----------------.(1991) A dictionary pf linguistics and phonetics, 3rd edition, Black well: Oxford.
61- -----------------.(1992) Anencyclopedic Dictionary of language and languages, Black well: Oxford.
62- Fromkin, V.(1988) An introduction to language, Holt, Rine hart and Winston Ins: U.S.A.
63- Katamba, F.(1993) Morphology, Macmillan prss: London.
64- McCarus, E.N.(1958) A kurdish Grammar of sulaimaniya-Iraq: New York.
65- Trask, R.L.(1993) A dictionary of grammatical terms in linguistics, Routledg: London.

**پێنجەم/ چاوپێکەوتنەکان:**

| ناو | لە دایکبووی | پیشە | ڕۆژی چاوپێکەوتن |
|---|---|---|---|
| شێروان حوسێن حەمەد | 1983 | قوتابی ماستەر | 2009/1/18 |
| مەحمود ڕەسول مەحمود | 1952<br>1960 | فەرمانبەر | 2008/12/21 |
| مەحسوم عومەر حەمەد | 1935 | ژنی ماڵەوە | 2009/4/25 |
| هەمین ئیبراهیم حەمەد | 1953 | ژنی ماڵەوە | 2009/2/17 |
| محەمەد عوسمان عبدالله | | فەرمانبەر | 2009/4/18 |

# پاشکۆکان

# نموونەی ڕستەی شێوەزارەکە

| زاری خەڵکی |
| --- |
| – مەڕۆ ئەمنیشا دێم.<br>– ڕەقەمێ هەمانیانا وێیە.<br>– شکرتا وێچی.<br>– کتابما لۆخۆهینایە.<br>– ئاگەمانە کەم.<br>– ئەوی بەخۆ هات.<br>– منداریێ خۆ ئەنێرمە خویندنێ.<br>– لۆچت وە لێکردن؟<br>– سبەینێم کتاب لۆدێ.<br>– باوێ مناهات.<br>– داکاویا هات.<br>– قاقەزت لۆ باوی هەنارد.<br>– ئۆئی برسی.<br>– ئۆ لۆچیان وەگۆ.<br>– ئۆ لۆ وارێی.<br>– ئەکونە ئەباشن.<br>– ئەمن دەگەرە نگۆ هاتم.<br>– گەیشتینە هەولێرێ.<br>– ئەنگۆ هەڕوونە کن وان ئەشتی باشیانا هەیە.<br>– خانیێ من دەگەڕەکێ نگۆیە.<br>– بەویتدا لۆ ئەنێرم.<br>– ئازادی کتاب کڕین.<br>– ئەمن کتابانە خوینمۆ.<br>– وەرە ئەوێ کراسێ بدرووە.<br>– ئەنگۆ بە خۆ ئیشێ گەورەکەن.<br>– ئەمن ئەتوو دیت.<br>– ئێکجارم دیت پێش ئەوەی بڕواتن. |

- بریا ئەوان وەوئیشەیان زانیبا.
- ئەویٚ وەنەگۆ کە باویێ ئی نەخۆشە.
- نەسرین گەلەکە جوانە.
- ئەتو بە خۆ زانی کە چەندەم خۆشەویٚن.
- ئەوان گەلەکیان عەز دەسەفەریٚ نییە.
- ئەویٚ دەرکیٚ گارەدە.
- بانگیٚ وی کەن با بیٚتە ژۆریٚ.
- ساوارن دە تریانانە کردوئەن بردنە بانی.
- ئەمن و تو ویٚکڕا چینە گوندی.
- برادەرەکیٚ من دەبالیسانیٚ مامۆستایە.
- هەندە نەخۆشە لەرزو تایا گرتیە.
- پیٚشان هەندە زۆربوین دەژۆراندا جیٚ نەبوو بنووین.
- مندار هوردبوون وەکی داك و باویان مردن.
- تریٚن ئاڕنی و دەقەرتاراننە کرد.
- ئەمە دەنگۆ ناگەین.
- ئەنگۆ ئەمن نەدیت.
- ئەمە چسوانین ئەنگۆ دیٚن.
- ئەویٚ وە مەنەگۆ کە ناخوینی.
- ئەوی گور چاندن.
- ئەمن کتابا کڕییە.
- ئەوی ئەچتە مارانگۆ.
- ئەوی کوڕەی بوو هاتەکنە مە.
- ئەگە ئەتوبچی ئەمنیشا دیٚم.
- وەرە چایەکی وەخۆ.
- ئەمە ئەنگۆ وەکەس نادەین.
- ئەدی مادام ئازاد باویٚ نگۆ نیە لۆچت وەناگوتینیٚ.
- دە هەولیٚریٚ ڕا هاتیمە.
- کەس سەر لیٚ دەرناچی ئۆچاکا.
- ئەمن لە قسەت دەرناچم فەرموو نسحەتیٚ خۆ بریٚ.
- پیرە داك گۆتی قۆناغان لەو سیٚ جیٚیانە میٚخن.

- ڕۆژێ ئەچوو داری لە چیایە هینا لە شاری بە چار ئەستورکیە دان.
- ئەرێ نزانم کوژراینە خوراینە.
- باوی چاو چاك بوو نۆ.
- ئێکدیان ماچ کردو پێك شادبوونۆ.
- گۆتی دەبی ئیلا کوترێم لۆ بکوژنۆ.

# فەرهەنگۆك

| (ش.خ) | (د.ك.ن) |
|---|---|
| -ئ- | |
| ئێمەنتی | پێلاوێکی کۆنە. |
| ئۆتەم | ئەوەتەم. |
| ئەلحان | ئێستا. |
| ئۆ | ئەوە. |
| ئیقات | باوەڕ. |
| ئەستورك | ئەستوك. |
| ئۆتی | لەوەتەی. |
| ئەشتەك | شتێك. |
| ئاغی | یاخی. |
| ئاورگان | ئاگردان. |
| ئیدیکە | ئەویتر. |
| ئەسقێل | کەسێکی درێژ و کەم ئەقڵ. |
| ئاوێر | جیاکردنەوەی شت لەیەکتری. |
| ئەستێرە | حەوزی ئاو کۆکردنەوە. |
| ئەستوندە | کۆڵەگە. |
| ئێك | یەك. |
| ئەوکەمە | دەتانکەمە. |
| -ب- | |
| بنێسانەوە | پووکانەوە و لاوازبوونی منداڵ. |

| | |
|---|---|
| **بێرایی** | **هەیوان.** |
| **بسورمان** | **موسوڵمان.** |
| **بەرێ خۆبدێ** | **بیری لێ بکەوە.** |
| **بەرا** | **بەڵام.** |
| **باو** | **باوك.** |
| **بادی** | **جامی ئاوخواردنەوە.** |
| **بردۆ** | **بردەوە.** |
| **بوار** | **بەهار.** |
| **بەلەچەك** | **خواردنێکە لە دۆشاو و هەویر دروست دەکرێ، بۆ هەڵگرتن.** |
| **-پ-** | |
| **پۆلك** | **خۆڵەمێش.** |
| **پۆریشك** | **کەسێك خەو نەچووبێتە چاوی.** |
| **پندڕ** | **ترێ کە نیوەی پێگەیشتبێ.** |
| **پەقۆ** | **نان وردکردن و تێکەڵ کردنی لەگەڵ ماست.** |
| **-ت-** | |
| **تێوەڕامینێ** | **تەماشای بکە.** |
| **تریان** | **سەبەتە.** |
| **تێمەوە** | **دێمەمەوە.** |
| **تیسکە** | **تروسکایی.** |
| **تۆربە** | **تورەگە.** |
| **تا** | **تایە.** |
| **توێرگ** | **چەقەڵ.** |
| **تانۆك** | **پەرژین.** |
| **تکدان** | **منداڵ کاتێ ڕاوەستانی نەبێ.** |
| **تیك** | **قڵشان، پارچە بوون.** |
| **-چ-** | |
| **چسوانم** | **چوزانم.** |

| | |
|---|---|
| چشتاق | هیچ کەس. |
| چەڵاك | گۆپاڵ. |
| چەپەر | دەرگەی پەرژین کە لە دار دروستکراوە. |
| -ج- | |
| جەوسان | بێزار نەبوون لە گەڕان و سوڕان. |
| -د- | |
| دات | دەهات. |
| دینم | دەهێنم. |
| دەگە | لەگەڵ. |
| دم | لووت. |
| داتۆ | دەهاتەوە. |
| -ك- | |
| كژ | کاتی هاتووە. |
| کۆژ | چروی دار بەڕوو پێش ئەوەی سەوز بێ ڕەنگی سورە بەو ڕەنگە سورە دەڵێن(کۆژ). |
| کەڤێ | چیایەك بەفری لەسەر بێ. |
| کۆڵەمیس | کەسێ لە کاتی قسەکردندا تف لە دەمی بێتەدەرێ. |
| کن | تەنیشت. |
| کەشەف | سینی بچوك. |
| کەچك | ملاك/کەوچك. |
| کۆڵەمیتە | خرێنەی ددان (ئەم وشەیە تەنیا لە گوندی هەرتەل بەکاردهات، بەڵام ئێستا بەکارهێنانی کەمە. |
| کێندەر | کوێ. |
| کتك | پشیلە. |
| کۆرەندەر | ڕێگەی باریکی ناوڕەزان. |
| کلیر | کلیل. |

| | |
|---|---|
| -گ- | |
| گوفکە | پەتێکی باریکە ئاژەڵی بچوکی وەك (مەڕ و بزن...)ی پێڕادەکێشرێ. |
| گاڵەدان | داخستنی دەرگە. |
| گۆری | گۆرەوی. |
| گێل مندۆخ | کێشەیەکە کە زۆر کەسی پێوە ئالابێت و چارەسەر نەکرابێ. |
| -ڕ- | |
| ڕاباردن | ڕابواردن. |
| ڕاهێخستن | ڕاخستن. |
| -ز- | |
| زبارە | هەرەوەز. |
| زەریف | خۆش. |
| -س- | |
| سولی | لوولە. |
| سکورد | مل. |
| ساحێب | خاوەن. |
| -ش- | |
| شنگ | هێز. |
| شکر | شێوە. |
| -ح- | |
| حەقلە پەقۆ | وا تە ئە گەر کێ شەیەکت هەبێ و کە سی تر بێن خۆ یان بخزێذ نە ناو کێشەکەو ئاڵۆزی بکەن. |
| حیسان | مرۆڤ. |
| -خ- | |
| خورام | خزمەتکار. |

| | |
|---|---|
| خۆژە | گیایەکە لە کاتی گرانی دەکرا بە نان. |
| خوانچە | سنی گەورە. |
| خڕیلە | خول خولە. |
| خڕ | هەموو. |
| -ف- | |
| فنچە | کەسێکی بچوك و نابووت. |
| -ق- | |
| قوتیلکە | جۆرێکە لە چرا. |
| قولمات | وشە. |
| قاقێ | بە واتای (هێلکە و گوێز) بەکاردێت بۆ منداڵان. |
| -ل- | |
| لەهیکڕان | لە ناکاو. |
| لیچماو | لیك لەدەم هاتن لە کاتی خەوتن. |
| لەگەوەڕاهات | لە ناوەڕاستەوە هات. |
| -ن- | |
| ناودۆك | دارێکە بۆ(مەشکە) بەکاردێت. |
| -م- | |
| مودە | ماوە. |
| ماخۆ مردە | خاوەن مردوو بۆ(ئاژەڵ). |
| ما | بۆچی. |
| مەشۆکە | ئەو گوێدرێژەیە کە بچوکە و توانای هەڵگرتنی باری نییە. |
| مێنەك | ئەو گوێدرێژەی کە دەیان برد بۆ کاروان و خواردنیان لێبار دەکرد بۆ ڕێگا. |
| مێشکە | ئاژەڵێك بە مەمە گەورە بکرێت. |
| -ه- | |

| | |
|---|---|
| هێکان | هیچیان. |
| هەینۆک | ئاوێنە. |
| هاڕژن | قیژە و هاوار. |
| هەنوکە | ئێستا. |
| -و- | |
| وەگۆ | گوتی |
| وەی برێنێ | پێی بڵێن. |
| وەڕەس | بێزار. |
| وهالە | بەم شێوەیە. |
| -ی- | |
| یەکەوهەل | یەکەم جار |
| یالەیلی | بەو کچانە دەوترێت کە بێدڵی خۆیان نەکردووە و خۆیان ڕازاندۆتەوە. |

## ملخص البحث

(السمات الخاصة بلهجة خوشناوتى–مقارنة باللهجة الرئيسة الا وهي الكرمانجي الوسطى) تعني هذه الرسالة بابراز جُل مايمكن ابرازها من السمات الظاهرة بين هذه اللهجة الفرعية واللهجة الرئيسة، في كل المستويات: الصوتي والصرفي والنحوي لهذه اللهجة، حيث تتسم هذا الفرع من اللهجة عن غيرها من اللهجات بسمات ومميزات تميزها عن غيرها من اللهجات كابقاء واستعمال العلامات النحوية، علامات الجنس وغيرها من الظواهر الصوتية والصرفية والنحوية الآخريات.

وتقع الرسالة في ثلاثة فصول تختمها النتائج وكالآتي:

في الفصل الأول يحاول الباحث ابراز السمات الصوتية لهذه اللهجة في بنى المقاطع والظواهر الصوتية المختلفة، كمعيار تمايزي بينها وبين اللهجة الرئيسة.

يتعامل الفصل الثاني مع المستوى الصرفي ويظهر المخصصات الصرفية في اتون اجزاء الكلام ومضامنيها.

وارتأى الباحث في الفصل الثالث والذي هو في المستوى النحوي لأظهار خصائص العلامات النحوية في هذه اللهجة الفرعية وظاهرة التوافق الكامنة فيها ليس فقط في مستوى وحدات الجملة بل كذلك اظهار هذه التوافقات في مستوى الضمائر وعلاقات الجنس واختتم البحث بسرد أهم ماتوصل إليه الباحث من النتائج في هذه الرسالة، ثم تصفيف المراجع المستفاد منها.

# Abstract

This research which is titled (The Subsidiary dialect of Khoshna:wati-acomparision study between this sub-dialect and the main diadlect (CK). The research deals with the distinguishin or an appearing. The property features of this subsidiary dialect in the levels of phonology, Morphology and Syntax. The research falls in three chapters ended with conculision. The chapter one Contains deals with the phonological featurs of the sub- dialect and its diffrentness with the main dialect (ck) in sound, syllables and some other phonological phenomenon.

Chapter two is about the morphological phenomenon which inters in some speach parts and their differences with (ck).

The last chapter which falls in the level of Syntax deals with the morphological case marks, gender markes, the agreement which remains in the sub-dialect and the agreement between the pronouns in the sentence.

The research ended by an important results in the conclusion.

اقليم كردستان–العراق
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
جامعة صلاح الدين–اربيل

# السمات الخاصة بلهجة خوشناوتى

## مقارنة باللهجة الرئيسة ( كرمانجي الوسطى )

رسالة

مقدمة إلى مجلس كلية اللغات في جامعة صلاح الدين - اربيل كجزء من
متطلبات نيل درجة الماجستير في اللغة الكردية

من قبل
نبز فتاح بابكر
بكالوريوس في اللغة الكوردية , جامعة صلاح الدين – اربيل (2000 – 2001)

باشراف
د.صباح رشيد قادر

كەلاريزان 2709 ك     ذي الحجة  1430هـ     تشرين الثاني 2009 م

Kurdistan Region - Iraq
Ministry of Higher Education & Scientific Research
Salahaddin University- Erbil

# THE PROPERTIES FEATURES OF KHOSHNA:WATI SUBSIDIARY-

## ACOMPARISION STUDY WITH (CK) DIALECT

A Thesis
Submitted to the Council of the College of Languages-Salahaddin-University –Erbil in Partial Fulfillment of the Requirements for the Degree of Master in Kurdish Language

**By**
**Nabaz Fatah Babakir**
**B.A. Kurdish Language , University of Salahaddeen –Erbil**
**( 2000 -2001 )**

**Supervised By**
**D. Sabah Rashed Qadir**

**November 2009AD Thu Al - Hijjah 1430H Galarezan 2709 k**